بەرەو

# وشە ڕۆنان

لە زمانی نووسیندا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بەرەو

# وشە ڕۆنان

لە زمانی نووسیندا

**د. شێرکۆ بابان**

ناوی کتێب: بەرەو وشە ڕۆنان لە زمانی نووسیندا
نووسینی: د. شێرکۆ بابان
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠٦
هەڵەگری: بۆکان نوری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٧١ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## گوتەیەك

هەر لە سەرەتای نووسینەکانی ئێمەوە، هەست بە ئەو ڕاستییە دەکرا کە پلیکانەی کار بریتییە لە کەرەستە و ئالاڤێکی کاریگەر و بلیمەت بۆ ئەوەی وەك گەمەی (میکانۆ) بەکار بهێنرێت لە بزاڤی "وشە ڕۆنان"دا و لە بیاڤی وشەسازیدا پلیکانەی کار لە بابەتی یەکەمی ئەم کتێبەدا نەخشەکراوە، نەخشەی (٢:١). بەهەمان شێوە، لە سەرەتای زۆربەی کتێبەکانی ئێمەدا نیگاکراوە و لەپاشتردا لە ئاستی نموونەدا بەکارهێنراوە. سەبارەت بەمیکانۆی وشە ڕۆنان، وشەی زمانی کوردی ئاکارێکی ڕستەسازییانەی هەیە، چونکە هەر وشەیەکی ڕۆنراو لەسەر بنجی کار، ڕیزبەندی ڕستەسازییانە دەپارێزێت لە ڕیزکردنی ئەو مۆرفیمانەدا کە دەبن بەپێکهاتەکانی. بۆ نموونە، هەر بەرکارێك بۆی هەیە لە پەرێزی ڕستەسازییەوە بپەڕێتەوە بۆ پەرێزی وشەسازی. واتە، وەك چۆن دەگوترێت (من گوڵ دەفرۆشم) هەر ئاوها لە ئاستی وشەی ڕۆنراودا دەگوترێت (گوڵ فرۆش)، بەهەمان شێواز دەگوترێت (گوڵ نەفرۆش)، (گوڵ پێ فرۆش)، (گوڵ پێ نەفرۆش). لە ڕاستیدا، ئەم گەمە ڕێزمانییە بۆنی مۆرکێکی ڕەسەنی زمانەکە هەڵدەگرێت، چونکە کەناڵێك دەکاتەوە لە نێوان دوو ئاستی زماندا ئاستی مۆرفۆلۆژی وشەسازی و ئاستی سینتاکس ڕستەسازی. لەگەڵ ئەوەدا، کۆڵکەکانی بەرکار (گوڵ)، ئامرازی پێوەندیی (پێ) و نیشانەی نەرێ (نە) ڕیزبەندی ڕستەسازییانە ڕاگوێز دەکەن بۆ سەر وشەی ڕۆنراو. تەنانەت، هێزی (تێ پەڕ) و (تێنەپەڕ)یش دەنوێنن. بێگومان ئەم جۆرە ئاکارە گرینگە و ئەم گەمە میکانۆییە دەبن بەبنچینەو بەبنەڕەت لە وشە ڕونانداو ڕێزمانـنووسی کوردیش دەبێت بەڕێزمانی کوردی بیربکاتەوە نەك بەڕێزمانی زمانی تر، چونکە ڕێزمانی ئەو زمانانە

بەتەواوی دادی ڕێزمانی کوردی نادات.

لە ئەم گۆشەنیگایەوە، ڕەنگە وشەی ڕۆنراو ببێت بەدەرهاویشتەیەکی نامۆ، ئەگەر بەڕێزمانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بیربکەینەوە و میکانۆی وشە ڕۆنانی ئەو زمانانە بەکار بهێنین لە بوار ڕۆنانی وشەی کوردیدا. لە بەشی دەیەمدا (ڕێساکانی وشە ڕۆنان لە بنجی کارەوە)، پانۆڕامایەکی کاریگەر پێشکێش کراوە و چەندین جار سنووری ڕێزمانی دێرین بەزێنراوە و چەندین بیرۆچکەی تازە خراونەتە ڕوو تەنانەت ئاکاری تێپەڕ و تێنەپەڕ باس کراوە و شەپۆلی تۆێژینەوەش گەیشتووە بەڕێزمانی ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی تەرخانکراو.

لە کۆتاییدا با بەڕێزمانی کوردی بیر لە وشە ڕۆنان بکەینەوە و ئەو دەروازەیە بکەینەوە کە لە نێو بیرداندا بەکلیلی شەرم و خۆ بەکەم زانین داخراوە بەڕاستی ئەو جۆرە گەمەیە بریتییە لە ئامێرێکی بەکار بۆ مشت وماڵکردنی وشەی ڕۆنراو و زاراوەی زانستی یان بۆ گرد و کۆکردنی زمانی نووسینی ڕێزماندار.

# ١

## بەرەو زمانی نووسین

# میکانۆی وشە ڕۆنان

**١- دەستپێك:**

لە زمانەکەدا پێویستە کە بنەمایەك، یان یاسایەك، هەبێت بۆ وشە ڕۆنان(١)، بەتایبەتی بۆ ئەو وشانەی کە لەسەر بنجی کارێك ڕۆنراون بۆ نموونە، ئەگەر چەند نموونەیەك وەربگرین لە وشەی ڕۆنراو و واتادار، دەبینین چەند سیمایەك هەیە کە ئەو وشانە کۆ بکاتەوە.

لێرەدا دەتوانین دە وشەی واتاداری ڕۆنراو وەربگرین وەك:

سەرشکێن، نووسەران، پەیامنێر، کۆڵ نەدەر، داکەوتوو، ئاگرکووژاندنەوە، سەر لێ شێواو، پێ پێکەنین، سووتێنراو، دەست لەکار هەڵ نەگرتوو(٢).

لەو نموونانەدا، سەرنجێکی ورد دەریدەخات کە هەر وشەیەك بنجی کارێك هەڵ دەگرێت. بەم پێیە، دەتوانین هەموو شتێکی تر بێ بایەخ بکەین و ڕوو بکەین لە ئەو سیمایەی کە هاوبەشیی بەخشیوە بەنموونەکان.

لەم ڕووەوە دەتوانین وشەکان بەشێوەیەکی ستوونی و بەمەرجێك ریزبکەین کە بنجی کارەکان بکەونە سەر یەکتری وەك (خشتەی ١:١):

(١) مامۆستای گەورە دکتۆر ئەورحمانی حاجی مارف ئەرکێکی زۆری کێشاوە لە (وشە ڕۆنان)دا، بەتایبەتی لە سەرچاوەی (٥)دا لە ڕووی بەراوردەوە ئەم ئیشەی ئێمە تەنیا هەر ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنجی کارێك ڕۆنراون.

(٢) ئەم نموونە سادە و ساکارانە وەرگیراون بۆ شیتەڵ کردنەوە، لە ئەم ڕووەوە، نموونە زۆرە و لە لاپەڕەکانی پاشتردا ڕیزیان دەکەین.

| پێکهاتەکان | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| پێشگر | بنجی کار | پاشگر | کار |
| سەر | شك | ێن | شکان |
| —— | نووس | ـەران | نووسین |
| پەیام | نێر | —— | ناردن |
| کۆڵ نە | دە | (هر) | دان |
| دا | کەو | توو | کەوتن |
| ئاگر | کووژ | اندنەوە | کووژانەوە |
| سەرلی | شێو | او | شێوان |
| پێ پی | کەن | ین | کەنین |
| ——— | سووت | ێنراو | سووتان |
| دەست لەکار هەڵ نە | گر | توو | گرتن |

(نەخشەی (١:١)

گومان لەوەدا نییە بنجی (شك، نووس، نێر، دە، کەو، کووژ، شێو، کەن، سووت، گر) برتیین لە بنجی (شکان، نووسین، ناردن، دان، کەوتن، کووژانەوە، شێوان، کەنین سووتان، گرتن)، واتە ئەو وشانە هەر هەموویان لەسەر بنجی کار ڕۆنراون(٣).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری ئەو ڕەگەزانە بکەین کە دەکەونە پاش و پێشی بنج، دەبینین کە بریتین لە بارگەی خانەکانی پلیکانەی کار، یان پلیکانەی ڕستە(٤).

بەم پێیە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو کەرەستە ڕێزمانییە و ئەو پرۆپارچەیە دابەش بکەین بەسەر خانەکاندا لە سەرەتادا پلیکانەی ڕستە پیشان دەدەین و پاشان خشتەیەك دروست دەکەین بۆ ئەو وشانە لەسەر خشتەی داهاتوو کە وەك کەرەستەیەکی ڕێزمانی بەکارهێنراوە لە

(٣) لە نوسینەکانی ئێمەدا بنجی کار بەرانبەر بەڕەگی چاوگی بنجی دەوەستێت.

(٤) نەخشەی پلیکانەی کار لە سەرچاوەی(١)دا پێشکەش کراوە و لە سەرچاوەی (٤،٣،٢)دا کراوە بەکەرەستەی ڕێزمانی، بۆ زانیاری زۆرتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە.

کتێبەکانی ئێمەدا[٥]، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: ئەم خشتەکە بەباری ستوونی داڕێژراوە و ئەوەش هیچ ناگۆڕێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە و دەتوانین لە وشە ڕۆناندا بیخەینەوە سەر باری ئاسۆیی[٦].

دووەم: خانەی (+٦) کە بکەری جودا هەڵدەگرێت، پێویست نییە لە وشە ڕۆناندا و دەتوانین لای ببەین[٧].

سێیەم: خانەی (-٦) و (-٧) کە بکەری لکاو و بەرکاری لکاو هەڵدەگرن پێویست نین چونکە ئەو وشانە بریتیی نین لە ڕستە و بریتین لە ناوی ڕۆنراو لە کارەوە[٨].

چوارەم: بە پێی خاڵی پێشوو، نەخشەی خشتەکە لە (پلیکانەی ڕستە)ەوە دەگۆڕێت بۆ پلیکانەی کار.

پێنجەم: خانەی (+١) کە پێشکاری بەردەوامی (دە) هەڵدەگرێت پێویست نابێت هەر لەبەرئەوە دەتوانین بێ بایەخی بکەین، یان وەك خانەیەکی بۆش بیهێڵینەوە[٩].

شەشەم: خانەی (-٥) کە بارگەی (با) هەڵدەگرێت لە ڕابردوودا، بەهیچ

---

(٥) سەرچاوەی (٤،٣،٢،١).

(٦) خوێنەر دەتوانێت ئەو نەخشەیە بەشێوەی ستوونی بەکاربهێنێت چونکە ئاسانترە بۆ نموونە ڕیزکردن، وەك لە سەرەتای سەرچاوەی (٣)دا بەکارهێنراوە.

(٧) زۆرجار وا دەزانین کە بکەریش دەچێتە سەرکار وەك (ناوك کەوتن)، بەڵام لە ئێرەدا بارەکە زۆر ئاڵۆزەو پێویست بەلێکۆڵینەوە دەکات.

(٨) ڕێزمانی ئەو دووخانەیە بەجوانی لە سەرچاوەی (٣)دا بڵاو کراوەتەوە.

(٩) پێشکاری (دە) هەر لە ڕێژەی چالاکدا دەردەکەوێ، بەڵام هاوڵەکەی (ب) لەسەر هەندێك وشە دەردەکەوێت وەك (بکەر) لە ئێرەدا ئەو دەنگە پێشکاری بەردەوامی نییە وەك لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکرێت.

جۆرێك بارگەكەی لە وشەدا دەرناكەوێت و دەتوانین خانەكە هەر بەتەواوی لاببەین[١٠].

حەوتەم: خانەی (+٢) كە ڕەگەزی (نەرێ) هەڵدەگرێت بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت لاببرێت چونكە وەك چۆن هەموو ڕێژەیەكی كار باری نەرێی هەیە بەرانبەر بەباری ئەرێ، هەموو ناوێكی ڕۆنراویش باری نەرێی هەیە، واتە ئەم ڕەگەزە گشتییە و ئەگەر لاش برا وەك ئەوە وایە كە مابێت[١١].

هەشتەم: هەندێك پاشپرتی ڕێزمانی هەیە، وەك (ەر)[١٢] لە (نووسەر و سووتێنەر)دا، یان وەك نوونی چاوگ لە (نووسین و سووتاندن)دا، پێی دەچێت كە ببن بەبارگەی خانەی (بوون)، خانەی (-٤). ئەمەش بۆ چوونێكی تازەیە و لە ئەم دواییەدا لەلای ئێمە چەسپاوە.

نۆیەم: بارگە (-٨) كە بریتییە لە پاشگری دووپاتكردنەوە (ەوە)، خانەیەكی گشتییە و هەموو زمانەكە دادەپۆشێت بۆ باری دوولۆیی، بەڵام مەرج نییە لە هەموو جێیەك واتا گۆڕ بێت هەر لەبەرئەوە پێویستە كە لە ئەوێدا هەبێت.

---

(١٠) خانەی (-٥) بەدیاری كراوی سێ بارگە هەڵدەگرێت كە بریتین لە (با، ب، بێت). ئەو سێ ڕووخسارە تەنیا بەڕێژەی نائاشكرای ڕابردووەوە دەردەكەون و جێیان نییە لە ڕووخساری ناوی ڕۆنراودا، ڕێزمانی ئەو خانانە بەجوانی لە سەرچاوەی (٢)دا باس كراوە.

(١١) بۆ نموونە لە هەموو وشەیەكی ڕۆنراودا دەتوانین ڕەگەزی (نە) بكەین بەسەربار و یان بەپێچەوانەوە واتە ژمارەی ناوە ڕۆنراوەكان بەبڕشتی ئەم ڕەگەزە دەبێت بە دوو ئەوەندە.

(١٢) بەبۆچوونی ئێستامان ئەم ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ خانەی (بوون) خانەی (-٤). لە ئەم ڕووەوە پێشوازی لە هەموو ڕەخنەیەك دەكەین كە بتوانێت شتێكی تازە ببەخشێت بەبابەتەكە لە ڕووی خانەسازی و ئەركی ڕێزمانییەوە.

دەیەم:  هەندێك سەرنجی تر هەیە كە ئاستەكەی ڕێزمانییە و لە ئەوە بەرزترە و ئێمەش لە ئێرەدا دەیانخەینە ژێر لێوەوە، بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر نەشێوێنین و بتوانین پەیامەكە بەجوانی بگەینین.

**٢- میكانۆی وشە ڕۆنان:**

ئەو نموونانەی كە باس كران و كە ڕیز كران لە پێش ئەو خالانەدا، دەتوانین بەراوردیان بكەین لەگەڵ خشتەكەدا و ئەمجار خشتەیەكی تر دروست بكەین بۆ وشە ڕۆنان، نەخشەی (٢:١).

| ئەركی ڕێزمانی | خانە |
|---|---|
| ...... | (--) |
| بكەری جودا | (+٦) |
| بەركاری جودا | (+٥) |
| جێبازی پێنجەم (بەركار) | --- |
| خانەی ئامرازی پێوەندی | (+٤) |
| جێبازی چوارەم (ئامراز) | --- |
| خانەی پێشگری واتا گۆڕ | (+٣) |
| جێبازی سێیەم | --- |
| خانەی ئەرێ (نە، نا، مە، نی) | (+٢) |
| جێبازی دووەم نەرێ | --- |
| خانەی پێشكاری بەردەوامی (دە، ب) | (+١) |
| جێبازی یەكەم (بەردەوامی) | --- |
| خانەی بنجی كار (سووت، گر...... هتد) | (سفر) |
| خانەی ڕەگەزی تێپەڕاندن (بكەر نادیار...... هتد) | (-١) |
| خانەی بكەر نادیاری (ر) | (-٢) |
| خانەی نیشانەكانی ڕابردوو (ا، د، ت، ی، و) | (-٣) |
| خانەی ڕابردوو دوورو تەواو (بوو، و) | (-٤) |
| خانەی نیازداری و گومانداری لە ڕابردوودا | (-٥) |
| خانەی جێناوی لكاوی جێ گۆڕ | (-٦) |
| خانەی جێناوی لكاوی جێ نەگۆڕ | (-٧) |
| خانەی پاشگری دووپات كردنەوە(ەوە) | (-٨) |
| ...... | (-٩) |

نەخشەی (٢:١)

واتە، خشتەیەك كە بتوانێت ببێت بەنیشتمانێكی ڕێزمانی بۆ ئەو وشانە و چەندین نموونەی تر كە هاوڕێزمان بن لەگەڵیاندا، بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە سەر ئەو بارە ستوونییەی كە بنجی كارەكانمان تێیدا كەڵەكە كرد لەسەر یەكتری، لە ئەوێدا هەندێك پرۆپارچە مانەوە كە دابەش كراون بەلای ڕاست و بەلای چەپی بنجەكەدا، نەخشەی (١:١). ئێستاش سەرنجێكی ورد لە وانە، دەری دەخات كە بریتین لە بارگەی خانەكانی پلیكانەی (كار) و بە ئەم چەشنە[١٣]:

یەكەم: وشەی (سەر، پەیام، كۆڵ، ئاگر، دەست) بریتین لە (بەركار). واتە دەگەڕێنەوە بۆ خانەی (+٥) كە جێی ڕەسەنی بەركاری جودایە لە ناخی بیردا، نەخشەی (٢:١).

دووەم: وشەی (نە) لە دوو وشەدا هەیە و دەتوانین لە هەمان جێدا باری بكەین لە هەموو نموونەكان، ئەمەش خانەی (+٢) دەدۆزێتەوە لە پلیكانەی كاردا، كە تەنیا و تەنیا هەر ڕەگەزی (نەرێ) هەڵدەگرێت.

سێیەم: وشەكانی (پێ، لێ، لە) دەگەڕێنەوە بۆ ئامرازی پێوەندی كە خانەی (+٤) تەرخان كراوە بۆی.

چوارەم: وشەكانی (هەڵ، پێ، دا) دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگەزی (واتا گۆڕ) كە خانەی (+٣) تەرخان كراوە بۆیان.

پێنجەم: ئەگەر سەرنجێكی لای چەپ بدەین. دەبینین هەموو پارچەكانی ڕەگی كار ڕیز كراون.

بۆ نموونە (ێن) و (ان) دەگەڕێنەوە بۆ خانەی (-١) كە ڕەگەزێكی (تێ پەڕێنەر)ەو دیاری كراوە لە نووسینەكاندا. یان دەنگی (ر) دەگەڕێتەوە بۆ خانەی (بكەر نادیار)، كە بریتییە لە (-٢)، پاشان نیشانەكانی ڕێژەی ڕابردوو (خانەی-٣) دەركەوتوون یان نیشانەكانی كاری (بوون)

(١٣) بۆ ئەم وردەكارییە ڕێزمانییە خوێنەری ئازیز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی (١).

دەرکەوتوون لە خانەی (–٤)دا.

شەشەم: لە کۆتایی هەندێك وشەدا (ئاگر کووژاندنەوە) و لە کۆتایی وشەکانی تردا پاشگری دووپات کردنەوە بۆی هەیە کە دەربکەوێت، لە هەموو ئەو بارانەدا ئەو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ خانە ڕەسەنەکەی خۆی لە ناخی بیردا، کە بریتییە لە (– ٨).

بە ئەم پێیە دەتوانیین نەخشەی (وشە ڕۆنان) دابڕێژین بە ئەو چەشنەی کە لەسەر نەخشەی (٣:١) دەرخراوە.

| +٥ | +٤ | +٣ | +٢ | +١ | بخ | ١– | ٢– | ٣– | ٤– | ٨– | پاشکۆکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر | – | – | – | – | شك | ێن | – | – | – | – | – |
| – | – | – | – | – | نووس | – | – | – | ـەر | – | ان |
| پەیام | – | – | | | نێر | – | – | – | – | – | ەکە |
| کۆڵ | – | – | نە | – | دە | – | – | – | ـەر | – | ێك |
| – | – | دا | – | – | کەو | – | – | یـ | وو | – | – |
| ئاگر | – | – | – | – | کووژ | ان | – | د | ن | ەوە | – |
| سەر | لێ | – | – | – | شێو | | – | ا | و | – | ان |
| – | پێ | پێ | – | – | کەن | – | – | ت | ن | – | – |
| – | – | – | – | – | سوت | ێن | – | ا | و | – | ەکان |
| دەست | لەکار | هەڵ | نە | – | گر | – | – | ت | ن | – | – |
| – | – | دا | – | – | شك | ێن | ر | ا | و | – | – |
| منداڵ | – | هەڵ | – | – | گر | – | – | ت | ن | ەوە | – |
| | پێ | – | – | – | نووس | – | – | – | – | – | ەکان |
| نامە | – | – | – | – | بە | – | | – | ـەر | – | ان |
| – | – | – | نە | – | بەز | – | – | – | – | – | – |
| – | – | – | نە | – | بەز | – | – | – | – | – | ایەتی |
| – | – | – | نە | – | دوو | – | – | – | – | – | ەکان |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| — | — | — | نه | — | دوو | — | — | — | — | — | هكان |
| زمان | — | — | نه | — | گر | — | — | ن | وو | — | ان |
| — | — | — | — | — | گر | — | — | ت | ن | وو | |
| — | دا | — | — | — | ڕێژ | — | — | ا | و | — | — |
| | وەر | | | | چەرخ | ان | — | د | ن | هوه | — |
| | دوا | | نه | | كەو | — | — | ت | وو | — | ان |
| دوور | | | | | تین | | | | | | ێك |

خشتەی (٣:١)

### ٣- لێكدانەوەی ڕەگەزە ڕێزمانییەكان:

بەسەرنجێكی ورد ژێرانە لە ئەو خشتەیە چەند خاڵێك دەردەكەوێت وەك:

یەكەم: لە ئەو وشە ڕۆنراوانەدا، هیچ ڕەگەزێكی ڕێزمانی نەكەوتووەتە بەر ڕەشەبای پەرپووتی و باز بدات لە دیوی ڕاستەوە بۆ چەپ یان بەپێچەوانەوە. واتە هەردوو دیوەكەی چەسپن لەگەڵ پلیكانەی كار و پلیكانەی ڕستەدا.

دووەم: لە دیوی ڕاستدا هیچ نموونەیەك نییە كە خانەكەی ببەزێنێت و هەموو ڕەگەزەكان جێی خۆیان پاراستووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە لای چەپیش هەروایە.

سێیەم: ئەو وشانەی كە لەسەر خشتەكە ڕیزكراون بێگومان ناون و دەبێت ملكەچ بن بۆ (ڕێزمانی برگەی ناو)، كە لە ڕێزمانی دێریندا زۆر باس كراوە لە ئەم ڕووەوە سەرنجێكی ورد لە خانەی (پاشكۆكان) دەری دەخات كە پاشپرتەكانی ناو وەك (ان، هكە، هكان، ێك، ایەتی) هەر هەموویان ئامادەن و دەتوانن بەپێی پێویستی بچنە سەر هەموو وشەكان[١٤].

(١٤) ئەم جۆرە بابەتە ڕێزمانییە بەجوانی و بەوردی لە سەرچاوەی (٦,٥)دا باس كراون.

چوارەم: لە ئەو وشانەدا کە لەئەویدا ڕیزکراون دەتوانین لە لای ڕاستیشەوە پێشپرتی ناو دابنێین، وەك (دوو پەیامنێر) یان (چوار دواکەوتوو).

پێنجەم: پاشان دەتوانین بەپێی ڕێزمانی (برگەی ناو) ئەو ناوە ڕۆنراوانە بار بکەین لە ئامرازی پێوەندی وەك:

– لە (منداڵ هەڵ گرتنەوە)دا

– بۆ (ئاگر کووژاندنەوە)

– (داڕێژراو)ەکە

شەشەم: لە خشتەکەدا سەرەڕای ئەو دە نموونەیەی کە لە سەرەتادا پێشکێش کراون زۆر نموونەی تر لە ژێرەوە ڕیزکراون لە ئەم ڕووەوە خوێنەر دەتوانێت دامێنی نەخشەکە بکاتەوە و چەندین وشەی تر ڕیز بکات و ئەو دەرگەیە بکاتەوە کە بۆ (وشە ڕۆنان) پێویستە[١٥]. ئەوەش ئاشکرایە کە لە هەموو زمانانی دنیادا ئەو دەرگەیە کراوەیە و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پێشکەوتندا وشەی ڕۆنراو دەبەخشێت بە ئەو بەهرەدارانەی کە بۆی داماون.

حەوتەم: تۆ بڵێیت ئەم نەخشەیە نەتوانێت ببێت بە(میکانۆی وشە ڕۆنەر) لە زمانەکەدا، خۆ ئەو وشانەی کە لە ئەوێدا ڕیزکراون وشەی سەرزاری ڕۆژانەن[١٦].

ئێمەش هەموو ڕۆژێك لەسەر ئەندازەی ئەوانە چەندین وشەی نوێ

---

(١٥) لە ئەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەر چینێك لە خشتەکە بکەین بەبنەمایەك بۆ وشە ڕۆنان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەر هەمووومان خۆمان هیلاك بکەین بۆ ئەوەی نموونەی پوخت و بەپێز بدۆزینەوە، چونکە مەرج نییە هەموو شتێك لە ئەو خشتەیەدا ڕیز کرابێت.

(١٦) واتە بەزۆر دانەتاشراون و کەچی بنەمایان هەیە.

فرێ دەدەینە نێو نووسین واتە ئەو نەخشەیە بریتییە لە نەخشەی (زمانی دایك) و هەر هەموومان بەکاری دەهێنین بەبێ ئەوەی پێی بزانین دەبا لە ئێستاوە پێی بزانین کە زمانەکەمان زۆر زۆر لە ئەوە گەورەترە کە خۆمان بەکەمی دەزانین.

هەشتەم: لە هەندێك وشەدا لێڵی هەیە بۆ نموونە ڕەنگە بۆ هەموو کەسێك ئاسایی نەبێت کە (چاوگ) خۆی لە خۆیدا بریتییە لە (ناو). لە ئەوێدا نمونەی (ئاگر کووژاندنەوە) وەك چاوگە و ئەلبوومی گەردانامەیەکی تەواوە بۆ ڕێژەی چالاکی کار لە هەمان کاتدا ناوە، چونکە دەوترێت (ئاگر کووژاندەوەکە، دوو ئاگر کووژاندنەوە، لە ئاگر کووژاندنەوەدا)(١٧).

نۆیەم: لە وشەیەکدا وەك (نەدوو) ڕەنگە لێڵی دەربکەوێت و نەزانرێت کە لە کاری (دوان)ەوە هاتووە و هەر لە ئەوێدا (دواو، نەدواو، دوێنراو، دەردوو) هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی زمانزانی خوێنەر.

دەیەم: لە زۆر نموونەدا کێشەی دەنگسازی دەردەکەوێت و دەنگەکان تێکەڵ دەبن ئەمەش شتێکی زۆر ئاشکرایە لە لای دەنگسازەکان(١٨).

یازدەیەم: لە هەندێك وشەدا، نهێنییەکی زۆر سرك و بزێو دەردەکەوێت، بۆ نموونە وشە ڕۆنراوەکانی (نەبەز، نەدوو، نەگر ، نەناس، نەسووت، نەنووس... تاد) زۆر بەبڕشتن لە باری نەرێدا، کەچی لە باری ئەرێدا زۆر سستن وەك (ببەز، بدوو، بگر، بناس، بسووت، بنووس،... تاد).

---

(١٧) لە ئێرەدا خوێنەر دەبێت خۆی دەرباز بکات لە قاوغی کارو لە قاوغی چاوگی بنجی، چونکە ئەو جۆرە ناوە هەن و ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین.

(١٨) بۆ نموونە لە چینی وشەی (نەدەر)دا دوو دەنگی (ە) یەکیان گرتووە و هەر یەك (بزوێن) دەرکەوتووە.

ئەمەش مۆركێكی تایبەتییە، بەڵام پەنجەرەیەكی بچووك دەكاتەوە لە وشە ڕۆناندا، چونكە ئەو وشانە لەسەر بنجی بنەڕەتی كارەكە (بـنـجـی ڕانـەبـردوو) ڕۆنـراون. بـۆ نموونـە، زاراوەی (نـەسووت) بەرانبەر بەزاراوەی (غیر قابل للاحتراق) دەوەستێت و بێگومان زاراوەی (بسووت) بەرانبەر بەزاراوەی (قابل للاحتراق) دەوەستێت.

دوانزەیەم: لە ئاراوەكەی خاڵی یازدەیەمدا نهێنییەكی تر دەردەكەوێ و ئەویش ئەوەیە كە ڕەگەزی (ب) دەركەوتووە لە باری (ئەرێ)دا. واتە لەجێی (نەترس، نەسووت... تاد) و (بترس) و (بسووت) دەردەكەون. ئەمەش لە ئەوەوە هاتووە كە تەنیا بنجەكە هەیە و بنجەكەش ناتوانێت ببێت بەناوی ڕۆنراو بەبێ هیچ خانەیەك لە خشتەكەدا بۆ نموونـە وشەی (تـرس) نـاوە، بـەڵام ڕۆنـراو نـیـیـە كـەچـی وشەی (بترس)یش ناوەو ڕۆنراوە ئەمەش دەرگەیەكی بچووك دەكاتەوە بۆ زمانی نووسین بۆ دروستكردنی وشەی مەكینەیی وەك (بشك، بگر، بنووس، بنێر، بكەو، بشێو، بسووت، ببەز، بڕێژ، ببین... تاد).

سیازدەیەم: نابێت لە ئەوێدا وا بزانین كە دەنگی (ب) بریتییە لە بارگەكەی خانەی (+١)، چونكە ناوترێت (نامە بنووس و با نامە نووسم)، بـەس دەوتـرێت (نـامـە نـووس و بـا نـامـە بـنـووسم)، لـە ئـەو دوو نموونـەیـەدا ئـاڵـوگـۆڕكردنـی ڕەگـەزی (ب) ڕێچكـەی لێكـۆڵینـەوەكە دەباتە سەر نهێنییەكی تری زمانەكە، كە هێشتا لە بیری ئێمەدا بەجوانی دەمی نەكێشاوە بە ئەو هیوایەی لە داهاتوودا بگەڕێینەوە بۆ سەر بابەتەكە(١٩).

چواردەیەم: لە ئەو كارانەدا كە بنجەكەیان زۆر كورتە وەك (دان، بردن،

(١٩) بڕوانە بۆ بابەتی (١٠) بۆ زانیاری زانستیتر و پتەوتر لەسەر پێشگری (بـ)

گەیشتن، نان،... تاد). هەر دەنگی (ب) داد نادات و دەبێت ڕەگەزی (ەر) لە خانەی (–٤)دا ڕیز بکرێت وەك:

نان: ب(دە) ەر[٢٠]

بردن: ب(بە)ەر

گەیشتن: ب(گە)ەر

خستن: ب(خە)ەر

نان: ب(نە)ەر

خواردن: ب(خۆ)ەر

پازدەیەم: لە هەموو ئەو نموونانەدا کە ڕەگەزی (ب) دەرکەوتووە، بەئاسانی دەنگی (ب) ئاودیو دەبێت ئەگەر یەکێك لە بارگەکانی خانەکانی لای ڕاست دەربکەوێت بۆ وشە نموونە تێپەڕەکان دەتوانن خانەی بەرکار وەربگرن ببن بە:

بدەر: نان– – دەر[٢١]

ببەر: نان– – بەر

بنەر: هەنگاو– – نەر

بخۆر: مووچە– – خۆر

---

(٢٠) وەك لە پەراوێزی (١٨)دا باسکرا لەم وشانەدا دوو دەنگی (ـە) یەك دەگرن و ئاوێتە دەبن.

(٢١) لە ئەم وشانەدا بەرکارەکە (نان، هەنگاو، مووچە، بار) بریتین لە (واتا بەست) نەك لە (واتا گۆڕ) لە ئەو وشانەدا هاتنی بەرکارەکە بووە بەهۆی لابردنی ڕەگەزی (ب)، چونکە کورد نالێت (نان بدەر، نان ببەر، هەنگاو بنەر... تاد) لە لایەکی ترەوە جۆرە وشەی ئاوها ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئێمە هێشتا زمانەکەمان کێومال نەکردووە و زمانەکە زۆر فراوانتر و بەرینترە لە ئەو ڕووبەرەی کە لە بەرچاودایە.

بخەر: بار– – خەر

بنووس: نامە – – نووس

بنێر: پەیام – – نێر

بڕێژ: ئاو – –ڕێژ

ببین: دوور– – بین


بگۆڕ: جل – – گۆڕ

ئەمە بوو پانۆرامایەکی بچووك لە ڕۆنانی وشەی زمانەکەدا بە(میکانۆی وشە ڕۆنەر)، ئەو مەکینەیەی لە بیری هەر هەمووماندا ئیش دەکا بەبێ ئەوەی پێی بزانین ئەو مەکینەیەی کە بۆ سەدەی بیست و یەکەم پێویستە[٢٢].

**٤– لە بەرەنجامدا:**

* میکانۆی وشە ڕۆنان لە بیری هەمووماندا هەیە و ئەو مەکینەیەش لەسەر نەخشەی ئەندازیارییانەی (پلیکانەی کار) هەڵ بەستراوە.
* ئەگەر ئەو میکانۆیە بەتەواوی بناسرێنرێت بەهەمووان، ئەوا هەر هەمووومان ڕوو دەکەین لە زمانی نووسین بەتەکنیکێکی شارستانییانە و بەکارەوە.
* لە ئەو نەخشەیەدا کە تۆمار کراوە هیچ یاسا بەزاندنێك نییە و ئەوەی لە یاسا بەزاندن دەچێت بریتییە لە کەموکوڕی پڕکردنەوەی هەندێك وشە یان لە هۆگر نەبوونی خوێنەر لەگەڵ هەندێك وشەدا کە هێشتا ڕۆژی لەدایکبوونی نەهاتووە لە زمانی نووسیندا.
* بەپێی خاڵی پێشوو، هیچ ڕەگەزێکی ڕێزمانی سنووری خانەی سفر (بنج)ی نەبەزاندووە و هیچ ڕەگەزێك لە هێلانەکەی خۆی نەترازاوە. واتە ئیشەکە ملکەچە بۆ یاسا و بنەما و ناڕێکی ڕێزمانی لە ئارادا نییە.

* سەبارەت بەکەموکوڕی، هیچ وشەیەك تەنیا لە (بنج) وەرناگیرێت و لە ئەو بارەدا یان دەبێت خانەیەکی لای ڕاست یان لای چەپ هەبێت وەك:




یان دەبێت ڕەگەزی (ب) دابنرێت لە لای ڕاستەوە وەك (بگر، بسووت)[٢٢].

* لە هەندێك کاردا بنجەکە زۆر زۆر کورتە و پێویستە پاشپرتی (ەر) بلکێنرێت پێیەوە بۆ ئەوەی ڕووی دەرکەوتنی هەبێت.

* دەرگەی ئەو نەخشەیەی کە بە(میکانۆی وشە ڕۆنان) ناونراوە لە ئەم نووسینەدا کراوەیە بۆ هەزاران وشەی تر کە لە کارەوە ڕۆنرابن، لە ئەم ڕووەوە خوێنەری ئازیز دەتوانێت خۆی ڕابهێنێت لەگەڵ خشتەکەدا.

* هەندێك وشەی ڕۆنراو، گیرفان دەکەنەوە و بارگەی زۆر دووردرێژ هەڵدەگرن و زمانەکە پەرپووت دەکەن، وەك: دەست (لە کاری نادروست و...) هەڵ نەگرتوو لە جیاتی:

دەست هەڵ نەگرتوو (لە کاری...) ئەم جۆرە کێشەیە دەبێت بەجودایی سەوا بکرێت.

* لە ئەو نەخشەیەدا کاتێك کە ناوێکی ڕۆنراو لە دایك دەبێت ئەو ناوە ملکەچ دەبێت بۆ یاساکانی (ڕێزمانی برگەی ناو) و بە(ناو) سەوا دەکرێت لە ڕیزی گوفتار و نووسیندا.

---

(٢٢) بەڕاستی چەند ڕێزماننوسێك بەڕاستەوخۆیی و بەناڕاستەوخۆیی، بیریان گوشیوە، وەك لە سەرچاوەکاندا دەرخراوە. لە لای ئێمەوە، ئێمە کەڵکمان وەرگرتووە لە ئیشەکانی دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف و لە لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم و د. محەمەد مەعرووف فەتتاح، بەتایبەتی ئەو ئیشانەی کە پێوەندییان هەیە بەپێکهاتەکانی کار و چاوگەوە.

* نابێت چاوی بیر لە ئاستی ناوێکی ئاسایی کە لە خانەی بەرکاردا دەربکەوێت بشەڵەژێت، چونکە ئەو خانەیە بەشێکە لە پلیکانەی کار، ئەوەی سەیرە دەتوانرێت بارەکە ئاڵۆز بکرێت و ناوێکی ڕۆنراو بخرێنە نێو ناوێکی ڕۆنراوی تر وەك:

[(ماندوو بوون) نەناس]

[(نەبەز) بەزێن]

[(نەناس) نەنووس]

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە بابەتەکە زۆر ئاڵۆزە و زۆری پێویستە و ئەمەش تەنیا سەرەتایەکی پتەوە بۆ گەمەیەکی گەورە بە(ناوی وشە ڕۆنان) لە (زمانی نووسین)دا...

**سەرچاوەکان:**


١– د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.

٢– د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر ١٩٩٧.

٣– د. شێرکۆ بابان، داینامیزمی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا، هەولێر ١٩٩٧.

٤– د. شێرکۆ بابان، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، هەولێر ١٩٩٨.

٥– د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧

٦– د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥.

٧– د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاوگی سادە میحوەرێکە بۆ دروستکردنی چاوگی نوێ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤٦)،ساڵی ١٩٨٦.

٨– د. محەمەد مەعرووف فەتاح، کار پۆلینکردنی بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢١)، ساڵی ١٩٩٨.


* گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٩٩٨/٢٨) ل (١٥٦– ١٦٠).

## ٢


# وشە ڕۆنان بەبێ ئامرازی ڕێزمانی

**١- دەستپێك:**


زۆر جار وشە و زاراوە ڕۆدەنرێت بەبێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی ڕێزمانی یان هیچ گەردیلەیەکی ڕێزمانی لە نێوان وشەکاندا بێت بۆ نموونە ئاوەڵناوی (جوان) بریتییە لە ئاوەڵناوێکی پەتی و دەشێت تەرخان بکرێت بۆ (چاو)، وەك (چاو جوان) ئەم ئاوڵناوە بەهیچ جۆرێك واتای (چاوی جوان) نابەخشێت، بگرە وەك ئاوەڵناوێکی تایبەتی تەرخان دەکرێت بۆ ئەو کەسەی کە چاوی جوانە ئەمەش وا دەکات کە دەستەواژەی (چاو جوان) جودابێتەوە لە دەستەواژەی ( چاوی جوان). کەواتە ئەوەی گرینگ و شایانی باسە ئەوەیە کە لابردنی ئامرازی (ی) لە دەستەواژەی (چاوی جوان)دا دەبێت بەهۆی وەرچەرخانی دەستەواژەکە بەدیوی واتایەکی تردا، ئەم دیارە ڕێزمانییە ئەوە دەگەیەنێت کە نەبوونی ئامراز لە نێوان هەردوو ووشەکەدا بریتییە لە بارێکی ڕێزمانی بۆ دروستکردنی (ئاوەڵناو)ێك، کەواتە، وەك هەبوونی ئامرازی (ی) نرخی خۆی هەیە لە ڕێزماندا، بەهەمان شێوە نەبوونی ئامرازیش نرخی خۆی هەیە.

**٢- ئاوەڵناوی تەرخان کراو:**

بەشێوەیەکی گشتی یەکێك لە ئاکارەکانی ئاوەڵناو ئەوەیە کە دیاردەی (تەرخانکردن) پەسەند دەکات بەواتایەکی دی ئاوەڵناوێکی پەتی و ڕەها دەبێت بە(دایك) یان بە(زەمینە) بۆ ژمارەیەك لە ئاوەڵناوی تەرخان کراو:




لە ئەم نموونەیەدا ئاوەڵناوێکی پەتی و ڕەهای وەك (بەرز) بووە بە(دایك) بۆ چەند ئاوەڵناوێکی تەرخان کراو بەناوەوە، وەك (باڵا، دەنگ، سەر، لووت)، لە ئەم دیاردەیەدا هیچ ئامرازێکی ڕێزمانی ناکەوێتە نێوان ئاوڵناوی (بەرز) و (ناوەکان) بە ئەم پێیە دەشێت کە هەر ئاوەڵناوێك توخمێك هەڵبگرێت بۆ (ناو) بۆ تەرخانکردنی، وەك:




لە ئەم جۆرە ئاوەڵناوەدا چەند ئاکارێك هەیە:

یەکەم: ئاوەڵناوەکە (بەرز) سیمای (پەتییەتی و ڕەهایی و گشتگری) فڕێ دەدات و دەئاڵێت بەناوێکەوە، وەك (باڵا).

دووەم: ئەو ئاوەڵناوە تەرخانکراوە بەگشتی ڕوودەکات لە (بەش)ێك لە (کەسێك) و ئاوەڵناوەکە ناگەڕێتەوە بۆ (بەش)ەکە، بەڵکو بۆ کەسەکە خۆی، بۆ نموونە ئەگەر گوترا (باڵای بەرز)، ئەوا ئاوەڵناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (باڵا) یان ئەگەر گوترا (باڵا بەرز) ئەوا ئاوەڵناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە باڵای بەرزە.

سێیەم: وەك لە خاڵی پێشوودا دەرخرا، لە نێوان ئاوەڵناوەی (بەرز) و ناوی

(بالاّ)دا هیچ ئامرازێکی ڕێزمانی نییە و ئەگەر هەبێت ئەوا واتاکە دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە جیاوازیی نێوان (بالاّی بەرز) و (بالاّ بەرز) زۆر زۆر زەق و ئاشکرایە.

چوارەم: وەك لە نێوان ئاوەڵناوەکە و ناوەکەدا هیچ ئامرازێك نەبێت، پێ دەچێت کە ئاوەڵناوەکە توخمێك هەڵبگرێت و ئەو توخمە بریتی بێت لە خانەیەك بۆ تەرخانکردنی ئاوەڵناوەکە بەپارچەیەك لە خاوەنی ئاوەڵناوەکە.

پێنجەم: ئەو بارگەیەی کە ئاوەڵناوی پێ تەرخان دەکرێت مەرج نییە هەریەك وشە بێت و دەشێت بگۆڕدرێت بەچەندین وشەی تر.

شەشەم: زۆر جار ئاوەڵناوی تەرخانکراو ڕوودەکات لە واتای خوازراو، وەك: (ورە بەرز، لووت بەرز، سەربەرز)

حەوتەم: ئاوەڵناوی تەرخانکراو دەتوانێت وەك ئاوەڵناوی پەتی (ناوی واتایی) دروست بکات، وەك:

ورە بەرزی، ورە بەرزەتی، ورە بەرزایەتی

لووت بەرزی، لووت بەرزەتی، لووت بەرزایەتی

سەر بەرزی، سەر بەرزەتی، سەر بەرزایەتی

هەشتەم: ئاوەڵناوی تەرخانکراو ناتوانێت ناوی واتایی لە چەشنی (بەرزایی) دروست بکات.

### ٣- ئاوەڵناو بەوشەی دووبارە:

لە سەرەتادا دەتوانین هەندێك نموونە ڕیز بکەین، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ گوڵ | چاڵ چاڵ | وشه وشه |
| چڵ چڵ | ڕێ ڕێ | پرتك پرتك |
| گەڵا گەڵا | دیوار دیوار | خانه خانه |
| لق لق | شاخ شاخ | ژوور ژوور |
| جێ جێ | دۆڵ دۆڵ | پەڕە پەڕە |
| خەت خەت | كون كون | دیلم دیلم |
| خاڵ خاڵ | تیكه تیكه | توێژ توێژ |
| دەنك دەنك | پارچه پارچه | توێ توێ |
| پله پله | پرزۆل پرزۆل | لۆ لۆ |
| پەڕ پەڕ | تاو تاو | لۆچ لۆچ |
| ڕا ڕا | كۆل كۆل | گرێ گرێ |
| تا تا | دەم دەم | تك تك |
| شانه شانه | تاڵ تاڵ | نیتك نیتك |
| قل قل | تەڵ تەڵ | گرنج گرنج |
| قات قات | دانه دانه | زیپكه زیپكه |
| چین چین | جووت جووت | تاك تاك |

ئەم وشانەی خوارەوە هەر هەموویان بریتیین لە (ئاوەڵناو) و هەر هەموویان بە ئەم یاسایە دروست دەبن:

(ناو) + هەمان (ناو) ⟵ (ئاوەڵناو)

لە ئەم یاسایەدا چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەكەم: لە دووبارە بوونەوەی ناوێك، ئاوەڵناوێك پەیدا بووە بۆ نموونە وشەی (گوڵ) دووبارە بووەتەوە و ئاوەڵناوەی (گوڵ گوڵ)ی چێ كردووە.

دووەم: لە نێوان هەردوو ناوەکەدا، هیچ گەردیلەیەکی ڕێزمانی نییە و ئەگەر هەبێت ئەوا (ئاوەڵناو) دروست نابێت.

سێیەم: ئەگەر ئامرازێکی وەك (ی) بخرێتە نێوان هەردوو پارچەکە ئەوا ناوی دووەم دەبێت بەئاوڵناو، وەك:

چاڵی چاڵ

لە ئەم دەستەواژەیە (چاڵ)ی سەرەتا بریتییە لە (ناو) و (چاڵ)ی دوایی بریتییە لە (ئاوەڵناو). بە ئەم پێیە، دەشێت وشەی (چاڵ) لە چەشنی دوو توخم بێت واتە توخمی (ناو) و توخمی (ئاوەڵناو)ی تێدابێت.

### ٤- ئاوەڵناو بەژمارە:

لەسەرەتا هەندێك نموونە ڕیز دەکەین، وەك:

| | |
|---|---|
| هەزار پا | یەکسم |
| چوار پا | دوو سم |
| دوو سەر | سێ سووچ |
| چوار لنگ | سێ گۆشە |
| پێنج لا | سێ خان |
| شەش پاڵوو | دوزادە گرێ |
| دوو چاو | دووبەر |
| دوو لوولە | چواردە ساڵ |

لە ئەم نموونانەدا چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: گشت نموونەکان بەرێسایەك دروست دەبن لە چەشنی:

ژمارە + ناو ⟵ ئاوەڵناو

لـە ئـەم ڕێسايـەدا ئـاوەڵـنـاوێك لـە دوو بـابـەت پـەيدابـووە، كـە هـيـچـيـان ئـاوەڵـنـاو نين.

دووەم: وا پێدەچێت كە (نـاوى ژمـارە) توخمـى ئـاوەڵـنـاوى تێدابێت و ئەو توخمە كەوتبێتە ئيش و ئـاوەڵـنـاوەكـەى چێ كردبێت.

سێيەم: ئەو دەستەواژانـەى سـەرەوە توخمـى ئـاوەڵـنـاو زاڵ بووە بـەسـەريـاندا و بـارى ژمـارەيى برەوى نـەمـاوە. بۆ نموونـە، مـەرج نييە (هـەزار پـا) هـەزار پـاى هـەبێت.

چوارەم: دەشێت لـە ئەو دەستەواژانـەدا دوو بارى شيـاو هـەبێت، وەك:

- چوارده ساڵ ←——— (١٤) ساڵ: (ژمـارە)
- چوارده ساڵ ←——— لاوێك كە تەمەنى چوارده ساڵە: (ئـاوەڵـنـاو).

پێنجەم: دەشێت نـاوى ژمـارە بـە(ڕەنووس) بنووسرێت، وەك (١٤ سـاڵ)، بـەڵام ئەو ژمـارەيەى كە (ئـاوەڵـنـاو) چێ دەكات هـەر بـەنووسين دەنووسرێت.

شەشەم: ڕێساى دروست بـوونـى ئـەم جـۆرە ئـاوەڵـنـاوە بـەرتـەسكـە، بـەڵام بـريـتـيـيـە لـە كـەرەستـەيـەكى كـاريگـەر بۆ وشە ڕۆنـان لـە بـوارى زاراوەسازيدا.

**٥- ئاوڵگوزارە بەژمارەى دووبارە:**

لــە ئــەم نموونــانــەى خــوارەوەدا دووبــارە گـۆكـردنــى، هــەمــان ژمــارە ئـاوەڵگوزارەيەكى دووبـارەيى چێ دەكات، وەك:

يەك يەك، دوو دوو، سێ سێ، چوارچوار، پێنج پێنج، شەش شەش، حەوت حەوت، هـەشت هـەشت، نۆ نۆ، دە دە، بيست بيست، سى سى، چل چل، پەنجا پەنجا، شەست شەست، حەفتا حەفتا، هـەشتا هـەشتا، نـەوەد نـەوەد، سەد سەد، هـەزار هـەزار، مليۆن مليۆن.

لە ئەو وشانەدا چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: ئەو ئاوەڵکارانە بە ئەم یاسایە چێ دەبن:

ژمارە + هەمان (ژمارە) ⟵ ئاوەڵگوزارە

وەك ژمارە توخمی ئاوەڵناوی تێدا هەیە، هەر ئاوهاش وا پێ دەچێت توخمی ئاوەڵکاریش هەڵبگرێت.

دووەم: هەردوو ژمارە دووبارەکە هیچ گەردیلەیەکی ڕێزمانی هەڵناگرن لە نێوان خۆیاندا.

سێیەم: بۆ نموونە، دەشێت چەند ڕستەیەك ڕیز بکەین، وەك:

شیلان پارەکە (هەزار هەزار) بژمێرە.
قوتابییەکان (چوار چوار) دەڕۆن.
ئێمە (دە دە) دەچووین بۆ دەنگ دان.
ئێوە (یەك یەك) وەرنە ژوورەوە.

### ٦- بەرکار لە ناوی داتاشراودا:

زۆر جار دەبینین کە بەرکاری ڕستە دەپەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ناوانەی کە لە کاری ڕستەکەوە دادەتاشرێن. بۆ نموونە دەگوترێت:

من (نامە) دە(نێر)م.
من (دارەکە) دە(سووتێن)م.
من (پارەکە) هەڵدە(گر)م.

لە ئەم ڕستانەوە دەشێت (ناو) دروست بکەین، وەك ناوی چاوگ:

نامە ناردن
دارسووتاندن
پارە هەڵگرتن

یان دەشێت ناوێك چێ بکەن بەتوخمی ئاوەڵناوەوە، وەك:

نامە نێر

دارسووتێن

پارە هەڵگر

یان دەشێت هەمان ناو دووبارە بکەینەوە بەتوخمی دەمکاتی ڕابردووەوە، وەك

نامە ناردوو

دارسووتاندوو

پارەهەڵگرتوو

لە ئەم جۆرە ڕۆنانەدا چەند سەرنجێك هەیە:

یەکەم: دەروازەی ئەم دیاردەیە بەرفراوانەو کراوەیە بۆ گشت کاری زمانەکەمان. تەنانەت بریتییە لە یەکێك لە سیما ڕەسەنەکانی زمانی کوردی.

دووەم: ئەو جۆرە ناوە وەك (ئاوەڵناوی تەرخان کراو) ڕەفتار دەکەن[1].

سێیەم: لە نێوان (بەرکار) و ئەو ناو داتاشراوانەدا هیچ گەردیلەیەکی ڕێزمانی نییە و تەنها ناوە داتاشراوەکە توخمی تەرخانکردن هەڵدەگرێت، وەك (ئاوەڵناو).

چوارەم: بەرانبەر بەناوی چاوگ لە زمانی تردا زۆرتر ڕێسای (ناردنی نامە) برەوی هەیە، نەك (نامە ناردن) کە سیمایەکی تایبەتی دەبەخشێت بەبزاڤی (زاراوەسازی) لە زمانی کوردیدا.

### ٧- وشە ڕۆنان بەئاوەڵکار:

لە زۆر جێدا ئاوەڵکار جووت دەبێت بەبێ ئامرازی ڕێزمانی لەگەڵ (ناو)دا و وشەیەکی نوێ ڕۆدەنێت، وەك:

---

(١) بڕوانە بۆ کۆپلەی (٢) لە پێشەوە

یەکەم: ئاوەڵکاری (لا) وەك:

لامل، لادەم، لالووت، لاچاو، لاڕوو، لادێ، لاشار، لادیوار، لاماڵ، لاکۆڵان، لاورگ، لابار، لاخانو، لا...

دووەم: ئاوەڵکاری (جێ)، وەك:

جێ خەو، جێ ڕاو، جێ کار، جێ ناو، جێ نان، جێ ئاو، جێ...

سێیەم: ئاوەڵکاری (سەر)، وەك:

سەرمێز، سەرتەنوور، سەربان، سەرتوێژ، سەرخەرمان، سەر...

چوارەم: ئاوەڵکاری (ژێر):

ژێرخان، ژێردەست، ژێر پێڵاو، ژێر...

پێنجەم: ئاوەڵکاری (ناو)، وەك:

ناودڵ، ناوماڵ، ناوشار، ناودێ، ناودارستان، ناوخۆ، ناوەکەف، ناو...

شەشەم: ئاوەڵکاری (بەر)، وەك:

بەرماڵ، بەردەرگە، بەرپەنجەرە، بەرهەیوان، بەردێ، بەرهەتاو، بەرخۆر، بەرڕۆژ، بەرباران، بەربا، بەر...

٨- **پوختەکاری**:

یەکەم: وەك چۆن هەبوونی ئامرازێکی ڕێزمانی لە نێوان دوو وشەدا نرخی خۆی هەیە، هەر ئاوهاش، لە هەندێك جووت وشەدا نەبوونی ئامرازێکی ڕێزمانی لە نێوان دوو وشەدا نرخی ڕێزمانی خۆی هەیە. بۆ نموونە، وەك چۆن هەبوونی ئامرازی (ی) لە دەستەواژەی (پرچی جوان)دا نرخی خۆی هەیە هەر ئاوهاش نەبوونی ئەو ئامرازە لە هەمان دەستەواژەدا، وەك (پرچ جوان) نرخی خۆی هەیە بێگومان ئەو دوو نرخە لە تەرازووی ڕێزماندا لە

یەکتری جودا دەبنەوە.

دووەم: تەرخانکردنی ئاوەڵناوی پەتی بۆ ئاوەڵناوی تایبەتی بریتییە لە دەروازەیەکی کراوە بۆ بزاڤی زاراوەسازی لە ئەم ڕووەوە زاراوە زاراوەی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە دەتوانین دەیان زاراوەی تەرخانکراو ڕیزبکەین بۆ ئاوەڵناوێکی پەتی لە چەشنی (جوان)، وەك:

چاو جوان، بالا جوان، کاس جوان، پرچ جوان، پەرچەم جوان، جل جوان، دەست جوان، ڕوو جوان، لووت جوان، گەردن جوان،...

سێیەم: ئەو ناوانەی کە لە کاری تێپەڕەوە دادەتاشرێن، بۆیان هەیە بەرکاری ڕستەسازیانە لەگەڵ خۆیان ڕاگوێز بکەن و بەبێ ئامراز وشەی لەگەڵدا چێ بکەن. بێگومان ئەم دەروازەیە کراوەیە و لە ڕێگای بەرکارەوە دەشێت دەیان زاراوە ڕیز بکەین، وەك:

مشەخۆر، مووچە خۆر، پیس خۆر، نان خۆر، بەرتیل خۆر، مافخۆر، مفاخۆر، خەفەت خۆر، خەم خۆر، خۆر...

چوارەم: (ناوی دووبارە) و (ژمارەی دووبارە) بەبێ هیچ ئامرازێك بۆیان هەیە (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵگوزارە) چێ بکەن.

پێنجەم: زۆربەی ئاوڵکارەکان، وەك (لا، ناو، ژێر، بەر،...) بۆیان هەیە زاراوە چێ بکەن بەبێ ئامراز.

لە کۆتاییدا ئەم نووسینە بریتییە لە بەشێك لە ئەو وشانە و بەهیواین بتوانین لە کاتێکی تردا بەشێوەیەکی ڕەوانتر لە بابەتەکە بدوێین.

**سەرچاوە:**

١- لێژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.

٢- د. ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی (ناو) بەغدا **١٩٧٩**.

٣- د. ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵناو)، بەغدا **١٩٩٨**.

G. Quenelle and D. Hourguin, 6000 Verbes Anglais, Collection Bescherelle, HATIER 1995.

* گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (٢٠٠٦/٣١)، ل (٥٧ - ٦٦).

# ٣

# گەمەیەك لەگەڵ مۆرفیمی بۆشدا

**١- دەستپێك:**

لە چەند وتارێکدا کە لە لایەن مامۆستای بەڕێز د. وریا عومەر ئەمین بڵاوکراوەتەوە[١]، مۆرفیمی بۆش باس کراوە و گوتراوە و کە جۆرە مۆرفیمی ئاوەها بریتییە لە ئەو کەرەستەیەی کە ڕوخساری فیزیاوی هەیە و ڕۆڵی نییە. وەك نموونە، ڕووخساری (تی) لە نموونەی (برایەتی)دا بەمۆرفیمی بۆش باس کراوە و گوتراوە کە (تی) تەنیا هەر ڕوخساری فیزیاوی هەیە و هیچ ڕۆڵ و واتایەکی نییە لە ڕیزەکەدا. سەبارەت بەئیشەکانی ئێمە، ئێمە لە زۆر جێدا گوتوومانە کە ڕووخساری (تی) بریتیی نییە لە مۆرفیمی بۆش و تا ئێستا لە چەند نووسینێکدا باسمان کردووە[٢]. بۆ نموونە لە نووسینێکدا بەناوی ڕێزمانی پاشکۆی (-ەتی)، کە لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری (پەیڤ)دا بڵاو کراوەتەوە، بەوردی لەسەر کێشەکە دواوین و چەند نموونەیەکمان ڕیزکردووە لەو مۆرفیمانەی کە شیاوترن ناو بنرێن (مۆرفیمی بۆش) یان (Empty morpheme).

لەم نووسینەدا جارێکی دی دەگەڕێینەوە بۆ سەر بابەتەکە و

(١) سەبارەت بەپێناسەی (مۆرفیمی بۆش) کەڵکێکی زۆر وەرگیراوە لە ئیشەکانی دکتۆر (وریا عومەر ئەمین) لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا وەك: (یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٨)، ساڵی ١٩٩٦.

(٢) وەك لەوێدا باس کراوە لە هەموو ئیشەکانی ئێمەدا، سەبارەت بە(مۆرفیمی ئێستایی)، دەرخراوە کە دەنگی (ت) بریتییە لە دەنگێکی کپ لەو مۆرفیمەدا، سەرەڕای ئەو سەرچاوەیەی کە باسکراوە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی: میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، هەولێر ١٩٩٧.

بەشێوەیەکی فراوانتر و بەپێزتر دەدوێین لەسەر مۆرفیمە بۆشەکانی نێو ڕێزمانی کوردی. بەهیوایین بتوانین چشتێکی نوێ بخەینە ڕوو بێگومان جۆرە بابەتی ئاوها خۆی لە خۆیدا بریتییە لە کلچێوکێکی نایاب بۆ ئارایشت کردنەوەی چاوی بێ نازی زمانی نووسین.

**٢- ڕووخساری (انێ)**:

ئەم مۆرفیمە لە هەندێك ناوچەدا دەچێتە سەر پاشپرتی (ەوە) لە پاشگری دووپات کردنەوەدا وەك:

ئەو هاتەوە: ئەو هاتە وانێ

من دەڕۆمەوە: من دەڕۆمەوانێ

لە زاری ئەمڕۆدا، لابردنی پاشکۆی (انێ)، نە دەبێت بەناڕێزمانی و نە دەبێت بە هۆی کلۆربوونی ڕوخساری پاشگری دووپاتکردنەوە (ەوە).

لە لایەکی دیکەوە، ئەو ڕوخسارە بێ واتایە تەشەنەی کردووە و ڕووبەرێکی زۆر گەورەتری داگیرکردووە لە زمانەکەدا، بۆ نموونە لەم دەستەواژانەی خوارەوەدا، کەم و زۆر بەرچاو دەکەون:

١- لەگەڵ پاشپرتی (ەوە) لە ئامرازی پێوەندیدا، لە چەشنی (لە - ەوە)، (بە - ەوە)، (ـە - وە)، وەك:

لە (من) ەوە: لە (من)ەوە (انێ)

بە (ئەو)ەوە: بە (ئەو)ەوە (انێ)

دەچێت (ـە) دڵ (ەوە): دەچێت (٥) دڵ (ەوە) (انێ)

٢- لەگەڵ پاشپرتی (ەوە) لە ناوی شوێندا، وەك:

ژێرەوە: ژێرەرە + (انێ) = ژێرەوانێ

سەرەوە: سەرەوە + (انێ) = سەرەوانێ

٣- لەگەڵ ئامرازی پرسیار (کوا)، وەك:

کوا: کوا + (انێ) = کوانێ

٤– لەگەڵ ئامرازەکانی (ئەوەتا، ئەمەتا)

ئەوەتا: ئەوەتا + (انێ) = ئەوەتانێ

ئەمەتا: ئەمەتا + (انێ) = ئەمەتانێ

٥– لەگەڵ ئامرازی (پرسیار) (کامەتا)، وەك:

کامەتا: کامەتا + (انێ) = کامەتانێ

٦– لەگەڵ ئامرازی پێشکێشکردن (ها)، وەك:

ها: ها + (انێ) = هانێ

٧– لەگەڵ دەستەواژەی (ئێستاکێ)، وەك:

ئێستاکێ: ئێستاکێ + (انێ) = ئێستاکانێ

بەم شێوەیە، نموونە زۆرە و ئەو نموونانەی سەرەوە بەشێوەیەکی زۆر کەم دەگەن بەزمانی نووسین و جۆرە بابەتی ئاوها دەبێت بەبڕیارێکی بالاّ یەکلایی بکرێتەوە. بەبۆچوونی ئێمە، لە بەرژەوەندی زمانی نووسین دایە کە ئەو مۆرفیمە لاببرێت و بۆ هەر کەرەستە لەوانە تەنیا ڕوخسارێك ڕێ بدرێت کە بگات بەزمانی نووسین، بۆ نموونە، لابردنی پاشکۆی (انێ) لە (ئەوەتانێ)دا کێشە دروست ناکات، چونکە (ئەوەتا) و (ئەوەتانێ) هەر یەك واتایان هەیە. لە بەرانبەردا لابردنی پاشکۆی (تا) لە (ئەوەتا) و (ئەمەتا) و (کامەتا)دا، کێشە دروست دەکات، چونکە (ئەوە، ئەمە، کامە) واتای پێشوویان ناپارێزن و دەبن بە(ئەوەیە، ئەمەیە، کامەیە).

لە جۆرە کردەوەی ئاوهادا، پەنا دەبرێت بۆ پاشکۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی کلۆرییەکە پڕ بکرێتەوە. هەر لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پاشکۆی (انێ) بریتییە لە مۆرفیمی بۆش، بەلاّم پاشکۆی (تا) بریتی نییە لەو بابەتە.

**٣– کەرەستەی (دیسان):**

ئـەم کـەرەستـەیـە لـە زمـانـەکـەدا زۆر زۆر پـەرپـووت بـووە و بـەچـەنـد

مۆرفیمێکی بۆش دەورەی گیراوە. بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا چەند ڕووخسارێك ڕیز دەکەین، وەك[٣]:

دیسان، شیلان هاتەوە

هەمدیس، شیلان هاتەوە

هەمدیسان، شیلان هاتەوە

هەمیسان، شیلان هاتەوە

دیسانەوە، شیلان هاتەوە

هەمدیسانەوە، شیلان هاتەوە

هەم دیسەوە، شیلان هاتەوە

دیسانەوانێ، شیلان هاتەوە

لە کۆپلەی پێشوودا ڕێژەی (هاتەوانێ) ڕزگار کرا لە پاشکۆی (انێ)، کەچی لەم کۆپلەیەدا جارێکی دیکە پەیدا بووەتەوە. لە ڕاستیدا، وشەی (دیسان) خۆی لە خۆیدا واتای دووبارە بوونەوەی ڕووداوە کە هەڵدەگرێت، ئیدی بەچی ڕەوایە کە بەمۆرفیمی (هەم) و مۆرفیمی (ەوە) باری بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا لابردنی هەردوو مۆرفیمەکە نابێت بەهۆی گۆڕینی واتا و گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی. هەر لەبەرئەوە زۆر زۆر جوانترە کە بڕیارێکی باڵا ڕوخسارێك پەسەند بکات بۆ زمانی نووسین.

**٤- کەرەستەی (ئێستا):**

لە ئاستی ئەم کەرەستەدا مۆرفیمی (کێ) پەیدابووە و بووە بە(ئێستاکێ). یان، لە نووسینی هەندێ نووسەردا مۆرفیمی (ئەم) پەیدابووە و بووە (ئەمێستا) یان، ئەگەر هەردوو مۆرفیمەکە بخەینە کار دەبێت

(٣) لە نموونەیەکدا وەك (هەمدیسانەوانێ) ئەگەر ووشەی (دیسان) بەرەسەن وەربگرین ئەوا سێ مۆرفیمی بۆشی هەڵگرتووە وەك (هەم)، (ەوە)، (انێ).

(ئەمێستاکیٚ). لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشتردا گوترا کە مۆرفیمی بۆشی (انیٚ) وەردەگرێت و دەبێت بە(ئیستاکانیٚ). پاشان. ئەگەر هەموو مۆرفیمە بۆشەکانی لیٚ بار بکەین دەبێت بە:

[(ئەم) ئێستاکیٚ(انیٚ)]

بێگومان ئەو دەستەواژەیە ئەوها ئەگەر تا ئێستا پەیدا نەبووبێت، بەڵام پسوولەی هاتوچۆی هەیە. لە ڕاستیدا، جۆرە کێشەی ئاوها پێویست بەیەکلایی کردنەوە دەکات و ئێمە ڕوخسارە ڕووتەکەی (ئێستا) بەلەبار دەزانین.

**٥- کەرەستەی (کەوا):**

لە نموونەیەکدا وەك:

من دەمویست (کەوا)[٤] ئەو بڕوات

دەتوانین مۆرفیمی (وا) لابدەین، وەك:

من دەمویست (کە) ئەو بڕوات.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئامرازی (کە) لابدەین و چوکڵەیەك لە جێی دابنێین، وەك:

من دەمویست، ئەو بڕوات

لە ڕاستیدا، ئامرازی (کە) خۆ لە خۆیدا بریتییە لە ڕەگەزی (گەیاندن) بۆ گەیاندنی دەستەواژەیەکی (کاری) بەدەستەواژەیەکی سەرەکی. کەواتە، مۆرفیمی (کە) ڕێزمانییە و هەرچەند لە ئاخاوتن و لە ژیانی ڕۆژانەدا پەرپووت کرابێت، دەبێت لە ڕووبەری زمانی نووسین بەتان و پۆوە دەربکەوێت. سەبارەت بەمۆرفیمی (وا)، هەرچەندە کە بۆش نەبێت، لەگەڵ ئامرازی (کە) بەبۆش دەژمێردرێت. بۆ نموونە، لە ڕێژەیەکدا، وەك:

شیلان (وا) دەڕوات.

(٤) لە زمانی نووسیندا، نموونەی (کە) بڕشتی زۆرترە لە نموونەی (کەوا)

ڕۆڵی هەیە و واتای هەیە و ئەگەر لا ببردرێت و بگۆترێت (شیلان دەڕوات) جوداوازی دەرکەوێت.

**٦- ئامرازی ناساندن** (ی):

لە زاری هەندێك ناوچەدا ئامرازێکی سواو ماوە کە واتای ناساندن دەگەیەنێت، وەك:

ئاو (ی) دەخۆمەوە

دەچمە دەشت (ێ)

لە ڕاستیدا، ئەم ئامرازە لە زاری ناوچەی هەولێردا زۆر چالاکە، بەلام لە زمانی نووسیندا هیچ برەوێکی ئەوتۆی نییە کە باس بکرێت. واتە، ئەو نووسەرانەی کە بەو ئاخاوتنە دەدوێن، وەك کارێکی شارستانییانە، بەهیچ جۆرێك ناهێڵن ئەو کەرەستەیە و زۆر کەرەستەی دیکە سنووری زمانی نووسین ببەزێنن. سەبارەت بەڕوخسار، ئەو مۆرفیمە بەدوو شێوەی (ی) و (ێ) بەرگوێ دەکەوێت و لە ئاخاوتنی ناوچەییدا ڕۆڵ دەگێڕێت. لە بەرانبەردا، لە زمانی نووسیندا هیچ ڕۆڵێکی نییە و جیاوازی نییە لە نێوان دوو ڕستەدا، وەك:

نان (ی) دەخۆم

نان (-) دەخۆم

ئەوەش لە یاد نەکەین کە ڕستەی دووەم زۆر ڕێزمانی ترە لە ڕستەی یەکەم(٥).

**٧- دەنگی** (ن) **لەگەڵ جێناوی (ێت)**:

لە زۆر ناوچەدا، برگەی [(أ)ن] کە لە بزرۆکەی (أ) و لە دەنگی (ن) پێك هاتووە، دەخرێتە پاڵ جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ێت)، لە ڕانەبردوودا، وەك:

ئەو دەچێت: ئەو دەچێتن

---

(٥) لە خۆشبەختی زمانەکەمان، ئەم مۆرفیمە ناگات بەزمانی نووسین و نووسەران دەست دەپارێزن لە ئاستی.

ئەو دەڕوات: ئەو دەڕواتن

ئەم دەخوات: ئەو دەخواتن

ئـەم مـۆرفـیمـە زیـادەیـە هـیـچ دەورێکـی ئـەوتـۆی نـیـیـە و لابـردنـی نـابێت بـە(نـاڕێزمـان) و هـیـچ نـاگـۆڕێت لـە واتـای واژەکـە. لـەگـەڵ ئـەوەشدا، ئـەو پاشکۆیە وەك بۆشەو بێ واتایە، لە لێك خشاندا ئاودیو دەبێت. بۆ نموونە، ناگوترێت:

دەچێتن (ـە) دەرەوە: دەچێتن (ـە) دەرەوە[٦]

٨- **بەرەنجام:**

* ئەو مۆرفیمە بۆ شانە ڕەنگە لە سەرچاوەی جوداوازەوە پەیدابووبن. هەندێك لەو کەرەستانە لە زماندا کۆن بوون و دەوریان نەماوە لە گەمە واتاییەکەدا. هەندێکی دیکە، وا پێ دەچێت کە سیمای سەلاری گفتوگۆ و مۆرکی ئاخاوتنی ناوچەی هەڵبگرن. یان هەندێکی دیکە دەڵێیت لە زمانی دەرودراوسێکانەوە وەرگیراوە و هاوواتاکەشی هەر ماوە.
* لە ئاستی زمانی نووسیندا، دەبێت ئارایشتکارییەکی وەستایانە و ژیرانە دەست پـێ بـکـرێت. واتـە، دەبـێت ئـەو مـۆرفـیـمـە بـۆشـانـە بکـەونـە بـەر شرۆڤـەکـاری ڕێزمـانـی و لـە ئـاکـامـدا ئـەگـەر پـێویست نـەبـوون، دەرهـاوێژرێن. بـێگـومـان، دەرهـاوێشتن و دەرئـاژنـیـنـی ئـەو جـۆرە مۆرفیمانە دەبێت بەهۆی یەکلایی بوونەوەی ڕوخساری ڕێزمانی بۆ گشت ڕەگەزە ڕێزمانییەکان.
* لە ئاکامی خاڵی پێشوودا، ئەتڵەسێك بۆ زمانەکە چێ دەبێت و لە ئەو ئـەتـڵـەسەدا هـەر لاپـەڕەیـەك تـەرخـان دەکرێت بـۆ ڕوخساری ڕەسەن و ڕێزمانی، بۆ هەر بابەتێك.

---

(٦) ئەم مۆرفیمە بۆشەیش هەر لە ئاخاوتنی ناوچەییدا هەیە و نووسەران دەست دەپارێزن لە ئاستی.

* بژارکردنی زمانی نووسین بەدەرهاوێشتن و بەدەرئاژنین، وا دەکات کە هیچ مۆرکێکی ناوچەیی و لاوەکی نەمێنێت لە دەقەکاندا.

* بابەتی مۆرفیمی بۆش، هەرچەندە بەسووك و ئاسان بهێتە پێش چاو، بەڵام کەڵکێکی گەورە دەبەخشێت بەزمانی نووسین، بەپاشەکەوتکردنی وزە و پاشەکەوتکردنی کات.

* مەرج نییە هەر مۆرفیمێك کە نەختێك لێڵ بێت بریتی بێت لە مۆرفیمی بۆش، جۆرە شالاوی ئاوها چاوی ژیر و دەستی کارامەی ئەوێت.

هەر لەبەرئەوە، زۆر دوور نییە کە ئێمەیش بکەوینە بکەوێتە سەر هەڵە، لە ئاستی هەندێك ڕەگەزەی ڕێزماندا.

*لە نابەختی زمانی نووسین، لە زمانەکەدا چەندین (مۆرفیمی پڕ) هەیە کە ڕێنووس ناکرێت و چەندین (مۆرفیمی بۆش) هەیە ڕێنووس دەکرێن. بەداخەوە، ئەم دیاردەیە کە لە زمانی چاپەمەنی ئەمڕۆدا زۆر بەربڵاوە، بووە بەهۆی دوورخستنەوەی زارەکانی زمانی کوردی.

خۆزگە مۆرفیمە بۆشەکان دەکران بەقوربانی مۆرفیمە پڕەکان لە ڕێنووسدا و ئەوسا چەند هەنگاوێك لە زمانی یەکگرتوو نزیك دەبێتەوە.

* ئەو بژاردنەی کە لە خاڵی پێشوودا باس کرا، ئیشی (ئەم و ئەو) نییە و دەبێت پسپۆڕی کارامە و ڕێزمانـنووسی لێزان ئەنجامی بدات وەك کردەوەیەکی نەشتەگەری، کە لە ژێر میکرۆسکۆپدا، دکتۆران جێبەجێی بکەن.

* گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٤٤/ ٢٠٠٠).

**سەرچاوە**


١– د.شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، هەولێر ٢٠٠٧.

٢– د. وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی گۆڤاری (ڕۆشەنبیری نوێ) ژمارە (١٣٨)، بەغدا ١٩٩٦.

## ٤

# وشەی ڕێزمانی و وشەی لێکسیکی

**١- دەستپێك:**

لە ڕێزمانی کوردیدا، وشەی ڕێزمانی و وشەی لێکسیکی باسکراوە و ڕەنگە بگوترێت ئەم بابەتە زۆر لەسەری نووسراوە و پێویست ناکات پتر لەسەری بدوێین. لە ڕاستیدا، ئەم بابەتە گرینگی خۆی هەیە و دەشێت بایەخێکی زۆری پێ بدرێت، چونکە لاپەرەکانی (ئەلبوومی وشەی کوردی) دەڕازێنێتەوە. لەسەرچاوەی(٢)دا، ئەو بابەتە بەهوردی و بەدانسقەیی باس کراوە و بەراوردێکی سفت و سۆڵ لە نێوان ئەو دوو جۆرە وشەیەدا ئەنجام دراوە. لە ئەم ڕوانگەیەوە، ئێمەش ویستمان کەڵك لە ئەو سەرچاوەیە وەربگرین و بەراوردێکی کاریگەر لە نێوان ڕێزمانی و وشەی لێکسیکیدا بخەینە ڕوو. بەهیواین بتوانین بەشێوازێکی بەکارتر، خوێنەری ئازیز تێ بگەیەنین، چونکە جۆرە بابەتی ئاوها بریتییە لە ئەو سەرەتایەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی پێویستە.

**٢- وشەی لێکسیکی و وشەی ڕێزمانی بەراورد:**

دابەشکردنی وشەی ڕێزمانی کوردی بۆ دوو کۆمەڵەی جیاواز کەڵکێکی گەورە دەبەخشێت، بەتایبەتی کە جیاوازییەکی زۆر گەورە و زۆر زەق لە نێوان ئاکارەکانی هەردوو کۆمەڵەکەدا هەیە. بەواتایەکی تر، دەشێت ئەو وشە ڕێزمانییانە جودا بکەینەوە، کە ئاکاری وشەی ئاسایی هەڵناگرن و هەندێك بەئاڵۆزی دەهێنە بەرچاو. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بەنەخشەیەك ئەم پۆلێنکردنە بخەینە ڕوو:

| وشەی زمانی کوردی | |
|---|---|
| وشەی لێکیسکی (فەرهەنگی) | وشەی ڕێزمانی (نافەرهەنگی) |

**٣- وشەی ڕێزمانی:**

وشەی ڕێزمانی بریتییە لە کۆمەڵە پەیڤێك، کە بەبەراورد ئەم ئاکارانەی خوارەوە پیشان دەدەن، وەك:

یەکەم: وشەی ڕێزمانی بریتین لە (ئامراز)، لە (ئامرازی پێوەندی)، لە (ئاوەڵناوی نیشانە)، لە (ئامرازەکانی ڕستەسازی)، وەك:

- ئامرازی (ناساندن):

پیاو (ەکە)، ژن (ەکە)،

کۆتر (ەکە)، بەرد (ەکە).

- ئامرازی (نەناسراوی):

پیاو (ێك)، ژن (ێك)

کۆتر (ێك)، بەرد (ێك)

- ئامرازی پێوەندی، وەك:

(لە) کەرکووك، (بۆ) ئێوە

(بە) دەست، (چوون(ـە) سەر

- ئامرازی ڕستەسازی، وەك:

ئەو کەسەی (کە) هات

پەیمانیدا، (کەچی) نەهات

- ئامرازی (بەستن)، وەك:

پیاو (ی) چاك

ژن (ی) باش

ماڵـ (ی) ئێمە

شەکر (ە) شێو

– ئاوەڵناوی نیشانە،

وەك:

ئەمە، ئەمانە

ئەوە، ئەوانە

– ئاوەڵناوی پرسیار،

وەك:

کێ، کام، کەی، کوێ، چی، چۆن، چەند

بێگومان، جۆرەکانی وشە ڕێزمانییەکان زۆر بەرفراوان ترن، بەڵام لە ئێرەدا هەر ئەوەندە بەسە.

دووەم: وشە ڕێزمانییەکان، ئەگەر بەوشەی فەرهەنگی بەراورد بکرێن، ژمارەیان زۆر کەمە و زۆر دیاری کراوە. بەواتایەکی تر، وشە ڕێزمانییەکان ژمارەیان کەمە و دەشێت لە خشتەیەکی ساکاردا ڕێزبەندیان بۆ دروست بکرێت. بۆ نموونە، ئاوەڵناوەکانی نیشانە بە ئەم چەشنە خشتەڕێژ دەکرێن:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| باری ئاسایی | ئەو.......ە | ئەو .......انە |
| باری نزیکتر | ئەمـ ..........ـە | ئەمـ ........ انە |

بەهەمان شێوە، دەشێت (ئامرازەکانی گەیاندن) خشتەیان بۆ دروست بکرێت، وەك:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| باری ئاسایی | ئەوەی کە..... | ئەوانەی کە ..... |
| باری نزیکتر | ئەمەی کە ..... | ئەمانەی کە ...... |

یان، بەسادە ساکار ئامرازی (ناساندن) بریتییە لە (ەکە) و هی نەناسراوی بریتییە لە (ێك).

سێیەم: وشە ڕێزمانییەکان، وەك ژمارەیان دیاریکراوە و خشتەکانیان بچووك و کورتن، ناتوانرێت بەهەرەی داهێنانیان تێدا بەکاربهێنرێت بۆ پێشنیازکردنی وشەیەك، یان ئامرازێك. کەواتە، لیستی وشەی ڕێزمانی داخراوە و ناشێت وشەیەکی تری لێ باربکەین.

چوارەم: وشە ڕێزمانییەکان لە بەکارهێناندا زۆر دووبارە دەبنەوە و دەشێت زۆر جار، هەمان ئامراز لە هەمان ڕستەدا دووبارە ببێتەوە، وەك:

پارەکەم (بە) دەستدا (بە) شیلان

(لە) ماڵی ئەوان (لە) ئێمە پتر کەسی (لێ) نەبوو

بەواتایەکی تر، وشەی ڕێرمانی، ئەرکی ڕێزمانی هەیە و خزمەتی وشە فەرهەنگییەکان دەکات، هەر لەبەرئەوە دەشێت دووبارە ببێتەوە و بەلێشاو بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، لە دەقێکدا ئەگەر (١٠٠٠) وشە بەکارهێنرابێت، دەشێت (نیوەی ڕاست)ی ئەو شانە بریتی بن لە (وشەی ڕێزمانی) و بەبڕشتی ڕێزمانی دووبارە بووبێتەوە.

پێنچەم: دووبارەبوونەوەی (وشەی ڕێزمانی) نابێت بەهۆی لەنگایەتی، یان نەنگایەتی، بەڵام دووبارەبوونەوەی وشەی فەرهەنگی بەشێوەیەکی بەرتەسك و دیاری کراو دەچەسپێت و زۆر جار بەنەنگی دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە، لە ڕستەیەکدا، دەشێت

چەندجار وشەی ڕێزمانی (ەکە) بەکاربهێنین، وەك:

دز (ەکە) بەدەستسڕ (ەکە)ی کلیلـ(ەکە)ی خستبووە نێو کێڵۆنـ(ەکە)ی دەرگە (کە).

دەبا بڕوانین و بزانین کە ئامرازی (ەکە) چەند سرك و بزێوە و لەگەڵ گشت ئەو (ناو)انەدا، کە بریتین لە وشەی فەرهەنگی، وەك (دز، دەستسڕ، کلیل، کێلوون، دەرگە) خۆی نواندووە و ئەرکە ڕیزمانییەکەی خۆی گەیاندووەو پێنج جار دووبارەبووتەوە.

شەشەم: ئەرکی وشە ڕێزمانییەکان والایە لە ئاستی ئەو وشە فەرهەنگیانەدا، کە ئەو ئەرکە پەسند دەکەن. بۆ نموونە، ئەرکی ئامرازی (ەکە) بریتییە لە (جۆکەر)ێکی (سرك) و (بزووت)، کە دەشێت (گیرفان) بۆ هەر (ناو)ێك بکاتەوە، وەك:

ئامرازی ناساندن: (گیرفان)ەکە

لە ڕێزمانی کوردیدا، هەر وشەیەکی فەرهەنگی کە (پێناسە) و (پسوولە)ی ناوی هەبێت، بۆی هەیە بچێتە نێو ئەو گیرفانەوە.

حەوتەم: بەپێی خاڵی پێشوو، وشە ڕێزمانییەکان (ئەرکدار)ن و لە خزمەتی وشەی فەرهەنگیدان.

هەشتەم: وشە ڕێزمانییەکان، وەك بەژمارە کەمن و بەلیستەیش دیاری کراون، فۆرمەکانیان زۆر کورتە و سیمای درێژبوونەوە پەسند ناکەن و هیچ میکانیزمێیکی ڕێزمانی لەسەریان ناگەڕێت، مەگەر هەر خۆیان لە نێوان خۆیاندا و لەمەودایەکی زۆر بەرتەسك و دیاریکراودا. بۆ نموونە، ئامرازی ناسراوی (ەکە) ئامرازی کۆ (ان) وەردەگرێت و دەبێت بە (ەکان).

نۆیەم: وشە ڕیزمانییەکان ڕێی ئەوە نادەن کە بە(جێناو) جێگیر بکرێن.

دەیەم: وشە ڕێزمانییەکان، لە ڕووی ئەرکەوە، بۆ دوو پۆل دابەش دەبن:

پۆلی یەکەم: ئەوانەی ئەرکی (دیار خەر) پێشان دەدەن، وەك (ەکە، ێك، ئەوە، ئەوانە،... هتد).

پۆلی دووەم: ئەوانەی ئەرکەکەیان بریتییە لە خزمەت گەیاندن بەوشەی تر بۆ ئەوەی پێوەندی لە نێوان وشەکاندا پەیدا بکەن، وەك (ئامرازی پێوەندی).

یانزەم: وشە ڕێزمانییەکان بەهیچ جۆرێك واتایەکی تێروتەسەل و سەربەخۆ هەڵناگرن، بەڵام لەگەڵ وشەی فەرهەنگیدا ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن. هەر لەبەرئەوە، وەك قاوغێکی بۆش دەردەکەون و واتا ئەو وشەیە دەڕازێننەوە کە پێوەی دەلکێن. بۆ نموونە، ئامرازی ناساندن (ەکە) هیچ واتایەك نابەخشێت، تەنانەت ناتوانرێت بخرێتە نێو فەرهەنگەوە، بەڵام لەگەڵ وشەیەکی فەرهەنگیدا وەك (پیاو)، لە نموونەی (پیاوەکە)دا، واتای خۆی لەگەڵ واتای وشەی (پیاو)دا دەخاتەڕوو.

**٤- وشەی فەرهەنگی (لێکسیکی):**

وشەی فەرهەنگی، یان وشەی لێکسیکی بریتییە لە ئەو وشانەی کە واتای سەربەخۆیان هەیە و دەشێت لە ڕیزبەندی فەرهەنگدا ڕیز بکرێن. بێگومان، ئەو جۆرە وشانە زۆربەی زۆر بابەتە ڕێزمانییەکان دەگرنەوە، وەك (ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوڵکار):

| | |
|---|---|
| وشەی لێکسیکی (فەرهەنگی) | ناو |
| | کار |
| | ئاوەڵناو |
| | ئاوەڵکار |

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە وشەیە چەند ئاکارێکی بنەڕەتی هەڵدەگرن، وەك:

یەکەم: ژمارەی وشەی لێکسیکی یەکجار زۆرترە لە ژمارەی وشەی ڕێزمانی. هەر لەبەرئەوە، سیمای دووبارەبوونەوە هەڵناگرن.

دووەم: دەشێت وشەی فەرهەنگی بە(داڕشتن) و بە(لێکدان) پەیدا بکرێت. هەر لەبەرئەو هۆیە ژمارەکەی لە زۆربووندایە. کەواتە بەبەهرەی داهێنان دەتوانین وشەی فەرهەنگی نوێ زۆر بکەین، بەڵام ئەم دیاردەیە لە ئاستی وشەی ڕێزمانیدا هیچ برەوێکی نییە.

سێیەم: دەشێت هەندێك لە وشەی لێکسیکی بەجێناوی کەسی جێگیر بکرێت، وەك (ناو)، کەچی، وشەی ڕێزمانی لە ئەم دیاردەیە بێ بەرییە.

چوارەم: دەشێت وشەی فەرهەنگی بەسەر بابەتە ڕێزمانییەکاندا دابەش بکرێت، وەك:

– دەشێت وشەی فەرهەنگی (ناو)، ببێت بە(بکەریان بەبەرکار)، یان (بەرکار ناڕاستەوخۆ). یان ببێت بە(ئاوەڵگوزارە) و (تەواوکەری ناو)....

– وشەی فەرهەنگی (کار)، دەبێت بە(ناوکی ڕستە)، واتە بەوشەی (سەرە) لە ئاستی ڕستەدا. لە ڕاستیدا، وشەی (کار) (ڕووداو)ی کار پیشان دەدات و گێژەنەی واتای ڕستە دادەمەزرێنێت.

– دەشێت وشەی فەرهەنگی (ئاوەڵناو)، ببێت بەپاڵپشت لە ڕستەی کاری (بوون)دا، وەك:

ئەو شاخە (جوان)ە.

یان دەشێت ببێت بە(پەسن و ناتۆر) لە ئاستی (ناو)دا، وەك:

شاخی (جوان)، پایزی (سارد)، ڕۆژی (ڕەش)

– وشەی فەرهەنگی (ئاوەڵکار). ئەم جۆرە وشەیە لە ڕێزمانی ئاوەڵگوزارەدا دەردەکەون.

**پوختەکاری:**

* وشەی زمانی کوردی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت، وەك: (وشەی ڕیزمانی) و (وشەی لێکسیکی ).(*) وشەی ڕێزمانی بریتییە لە ئەو وشەیەی کە بەژمارە کەمە و دیاریکراوە، بەڵام بە بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەی لە ئاخاوتن و لە نووسیندا زۆر بەربڵاوە.
* وشەی ڕێزمانی دەبنە (بزوێنەر) بۆ وشە لێکسیکیە واتادارەکان و دەیانڕازێننەوە. بەواتایەکی دی، وشەی لێکسیکی دەشوبهێت بە(بەرد) و (بلۆك) و (خشت) لە کەرەستەی خانووکاریدا، بەڵام (وشەی ڕێزمانی) بریتییە لە گیراوەی گەچ و چیمەنتۆ، کە کەرەستەکانی خانوو پێکەوە دەبەستن. واتە، بەکۆی وشەی لێکسیکی و وتەی ڕێزمانی دیواری پتەوی ڕستە چێ دەبێت.

وشەی ڕیزمانی، وەك لە ڕووی بەکارهێنانەوە چوست و چالاکە، بەڵام لە ڕووی داڕشتن و گەردان کردنەوە سست و بێ بڕشتە.

*وشەی ڕێزمانی تا نەلکێت بەوشەی لێکسیکییەوە واتای تەواوی خۆی نابەخشێت.
* دووبارەبوونەوەی وشەی ڕێزمانی نابێت بەهۆی لەنگی و نەنگی، بەڵام دووبارەبوونەوەی وشەی لێکسیکی دەبێت بەهۆی لە دەستدانی ڕێکوپێکی لە داڕشتندا.
* وشەی ڕێزمانی کرۆکی ڕێزمان پێك دەهێنێت و دەشێت بایەخی تەواوی پێ بدرێت، چونکە خزمەتێکی گەورە بەوشەی لێکسیکی دەبەخشێت.

**سەرچاوە:**

١- د. شێرکۆ بابان، هەندێك لە نووسینەکانی خۆمان.
2- Bescherelle 3- La grammaire pour tous, Hatier, Paris 1990.
* گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی) ژمارە (٧٨/ ٢٠٠٧) ل (٤٤ - ٤٩)

# ٥

# پاشگری ناوی بکەر "ـەر"

# لە شرۆڤەکاریدا

**١-دەستپێك:**

زۆرجار وا لە قەڵەم دەدرێت کە پاشگری ناوی بکەر (ـەر) ڕەسەن نییە و بریتییە لە لاساییکردنەوەی هەمان ڕەگەزی ڕێزمانی لە زمانی ئینگلیزیدا بەڕاستی ئێمە لەم جۆرە هەرزەگۆییە قەڵس دەبین و حەز ناکەین گوێ بگرین لەو بۆچوونە بێ بنەمایە. لە لایەنی خۆمانەوە، ئێمە ئەو پاشگرە زۆر بەگرینگ و کاریگەر دەناسین و ئەگەر تەمەن مەودا بدات دەتوانین کتێبێکی لەسەر بنووسین. لە ڕاستیدا، ئەم پاشگرە هەر لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەڵکو لە زمانی فەرەنسیشدا هەیە.

ئەوەش لە یاد نەکەین کە ڕێزمانی پاشگری (ـەر) تایبەتمەندی خۆی هەیە لە زمانی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگ و ڕیشەی خۆی هەیە لە چەندین وشەدا کە پەندی پێشینان هەڵی گرتوون. بەداخەوە، کە هێشتا خزمەتێکی ئەوتۆ بەم ڕەگەزە ڕێزمانییە نەکراوە کە بریتییە لە (وشە ڕۆنەر)ێکی سەرەتایی و گرینگ لە بواری زاراوەسازیدا. لە دوو توێی ئەم نووسینەدا، بەهوردی و بەقووڵی هەندێك لە لایەن تاریکەکانی ئەم کەرەستە گرینگە دەخەینە بەر ڕووناکی لێکۆڵینەو بە ئەو هیوایە کە بتوانین چرایەك هەڵ بکەین و بە ئەو چرایە خزمەتێکی بچووك پێشکێش بەبواری (وشە ڕۆنان) و (زاراوەسازی) بکەین.

**٢- توخمەکانی ئامرازی (ـەر):**

لە ڕێزمانی ئامرازی (ناوی بکەر)دا، چەند توخمێکی ڕێزمانی هەیە، وەك:

یەکەم: ئامرازی (ـەر) لە پەرێزی ڕێزی ڕێزمانی کاردایە. واتە، ئەگەر بەکارەوە نەبێت بەهیچ چشتێکی ترەوە نانوسێت. بۆ نموونە، نانووسێت بەناوەوە، یان بەئاوەڵناوەوە یان بەئاوەڵکارەوە.

دووەم: لە پەرێزی ڕێزمانی کاریشدا پاشگری (ـەر) هەر کاری (تێپەڕ) پەسەند دەکات. بەواتایەکی تر پاشگری (ـەر) هەر لە پەرێزی کاری تێپەردا هەیە. بۆ نموونە، بەهیچ جۆرێك نانووسێت بەکارێکی تێنەپەڕ، وەك (کەوتن) یان بەکارێکی بکەر نادیارەوە، وەك (سووتێنران).

سێیەم: پاشگری (ـەر)، وەك لە پەرێزی (کاری تێپەڕ)دا بڕشتی هەیە توخمی (ئاوەڵناو)یش هەڵ دەگرێت. بۆ نموونە، هەر وشەیەك کە ئەو پاشگرە وەربگرێت، ئەوا توخمی (ئاوەڵناو) دەپەڕێتە سەری. سەرەڕای توخمی ئاوەڵناویش، ئەو وشەیە ئاکاری (ناوی بکەر) هەڵدەگرێت.

چوارەم: لە ئاستی کاری (تێپەڕ)دا، یان لە پەرێزی کاری (تێپەڕ)دا، پاشگری (ـەر) توخمی (گشتایەتی) هەڵدەگرێت. واتە، دەچێتە سەر گشت کارێکی (تێپەڕ).

پێنچەم: وەك پاشگری (ـەر) توخمی (گشتایەتی) هەڵ دەگرێت، توخمێکی تریش هەڵدەگرێت لە چەشنی (تاکڕەوی). واتە ئەو وشەیەی کە ئەو پاشگرە هەڵدەگرێت دەبێت پاك بکرێتەوە لە گشت ڕەگەزێکی ڕێزمانی تر، مەگەر بەزۆرەملێ ڕەکەزێگی تر پەسەند بکات.

**٣- مەرجەکانی پاشگری (ـەر):**

لە کۆپلەکەی پێشەوەدا، ئەو توخمە ڕێزمانیانە دیاری کران کە پاشگری (ـەر) هەڵی دەگرێت. لەم کۆپلەیەدا ئەو توخمانە دەخەینە گەڕ و بەنموونەی چەسپاو، هەلومەجی دانانی پاشگرەکە سەودا دەکەین، وەك:

یەکەم: پاشگری (ـەر) تەنیا و تەنیا هەر دەچێتە سەرکاری تێپەڕ:

نووسین: نووسەر

زانین: زانەر

ماڵین: ماڵەر

تەنین: تەنەر

دڕین: دڕەر

دووەم: پاشگری (ـەر) ناچێتە سەر هیچ کارێکی تێنەپەڕ تا نەبێت بە تێپەڕ. لە ئەم ڕووەوە، وەك چاوگەکانی (ئاندن) هەموویان تێپەڕن، هەرهەموویان دەتوانن پاشگری (ـەر) وەربگرن، وەك:

سووتان: سووتاندن: (سووتێنەر)

کەوتن: کەواندن: (کەوێنەر)

لوان: لواندن: (لوێنەر)

گونجان: گونجاندن: (گونجێنەر)

سازان: سازاندن: (سازێنەر)

سێیەم: پاشگری (ـەر) وەك ناچێتە سەر کارێکی تێنەپەڕی وەك (سووتان)، تانەبێت بە(سووتاندن)، لە هەمان کاتدا ناچێتە سەر هیچ کارێکی (بکەر نادیار). بۆ نموونە، ناچێتە سەر (سووتان) و (سووتێنران)، چونکە هەردووکیان تێنەپەڕن، بەس دەچێتە سەر (سووتاندن)، چونکە تێپەڕە. تەنانەت، دەچێتە سەر کاری تێپەڕی (نووسین)، کەچی ناچێتە سەر (نووسران)، چونکە تێنەپەڕە.

چوارەم: بەپێی خاڵەکانی پێشەوە هەردوو وشەی (نووسەر) و (سووتێنەر)، لە پەڕێزی کاری (تێپەڕ)دان. یەکەمیان (نووسەر) بەڕاستەوخۆیی لە کاری تێپەڕی بنجی (نووسین)ەوە ڕۆنراوە و دووەمیان

بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بەیاریدەی چاوگی (ئاندن)، لە کاری (سووتان)ەوە ڕۆنراوە.

پێنجەم: ئەو وشانەی کە پاشگری (ـەر) وەردەگرن هیچ وشەیەکی تر پەسەند ناکەن. تەنانەت، ئامرازی (نەرێ) پەسەند ناکەن، بۆ نموونە، ئەگەر گوترا:

(نە) نووسەر

نە سووتێنەر

دەبێت، یان ئامرازی (نە) لابدەین، یان پاشگری (ـەر) لابدەین، وەك:

نووس (ـەر): نەنووس

سووتێن (ـەر): نەسووتێن

شەشەم: ئەو وشانەی کە پاشگری (ـەر) وەردەگرن بەهیچ جۆرێك وشەی (بەرکار) وەرناگرن، وەك:

نووسەر: (نامە) نووسەر

سووتێنەر: (دار) سووتێنەر

لە ئەم هەڵوێستەدا، دەبێت پاشگری (ـەر) لابدەین وەك:

نووسەر: (نامە) نووس

سووتێنەر: (دار) سووتێن

حەوتەم: تەنانەت، ئەگەر ئامرازی پێوەندیش بەکار هات، ئەوا دەبێت ئامرازی (ـەر) لابدەین، وەك:

نووسەر: پێنووس

سووتێنەر: پێسووتێن

بۆ نموونە نەختێك سیمای بزرکاوی دەردەکەوێت، ئەگەر لە جیاتی

(پێنووس و پێسووتێن) بنووسین (پێنووسەر و پێسووتێنەر).

هەشتەم: بەرامبەر بەو بۆ چوونانەی سەرەوە، پاشگری (ـەر) ناتوانێت پێشگری (واتاگۆڕ) لاببات، چونکە واتای کارەکە دەبزرکێت. هەر بۆ نموونە، لە کاری (ڕێشتن)ەوە وشەی (ڕێژەر) پەیدا دەبێت، کەچی لە کاری (دارێژەر) و (هەڵ رێژەر) پەیدا دەبێت، وەك:

(دا) ڕێشتن: (دا) ڕێژەر

(هەڵ) ڕێشتن: (هەڵ) ڕێژەر

نۆیەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی (شەشەم)، ئەو وشانەی کە بە پێشگری (واتاگۆڕ) پاشگری (ـەر) فڕێ نادەن، کەچی بە (بەرکار) فڕێی دەدەن، وەك:

(دا) ڕێژەر: نەخشە (دا) ڕێژ.... (هەڵ) ڕێژەر: پارە (هەڵ) ڕێژ.

دەیەم: لەو وشانەدا کە پاشگری دووپاتی (ەوە) واتایان دەگۆڕێت، وەك (سووتاندنەوە) و (سووتاندن)، دەشێت پاشگری (ەوە) و پاشگری (ـەر) پێکەوە بپارێزین، تا واتای کارەکە وندا نەبێت، وەك:

سووتاندن: سووتێنەر

سووتاندنەوە: سووتێنەرەوە

لەم هەڵوێستەدا، گشت کوردیزانێك دەتوانێت واتای (سووتێنەر) لە (سووتێنەرەوە) جودا بکاتەوە. لەبەر ڕووناکی خاڵی (شەشەم)، لە ئێرەشدا وشەی (بەرکار) دەتوانێت ئامرازی (ـەر) لاببات، وەك:

سووتێن (ـەر)ەوە: برین سووتێن(—)ەوە.

**٤- گرینگیی پاشگری (ـەر) لە وشە ڕۆناندا:**

پاشگری (ەر) بریتییە لە کەرەستەیەکی (بەکار) و (بلیمەت) و (گرینگ) و دەبێت بایەخی تەواوی پێ بدرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: وەك لە پێشەوە باسکرا، پاشگری (ەر) سەرپاکی کاری زمانی کوردی سەودا دەکات. کارە تێپەڕەکان بەڕاستەوخۆیی و بێ بەرهەڵست وەری دەگرن و کار تێنەپەڕەکانیش، هەر هەموویان بۆیان هەیە ببن بە(ئاندن) و ئەمجا بەڕاستەوخۆیی وەری بگرن. وەك ئەم کردەوەیە گشتییە، سەت لە سەتی کارەکان دەگرێتەوە، مەگەر چەند کارێك کە بە(نارێك) ناوببردرێن.

دووەم: وەك زمانەکەمان دیاردەی (درێژبوونەوەی ڕوخساری وشە)ی تێدا هەیە، پاشگری (ەر) گرینگی خۆی دەنوێنێت بەرەی کە دەنووسێت بەکورتترین ڕووخسارەوە. کەواتە، ئەم پاشگرە دەبێت بەسەرەتایەکی زۆر هورد و دانسقە بۆ دارشتنی (ناوی بکەر). هەر بۆ پرۆڤە، وشەی (نووسەر) لە دوو ڕەگەز پێك هاتووە، وەك (نووس) و (ەر). یان وشەی (سووتێنەر) لە سێ ڕەگەز پێك هاتووە، وەك (سووت) و (ێن) و (ەر). ئەمەش لە یاد نەکەین کە کەم وشەی داڕێژراو هەیە، کە بەدوو ڕەگەز، یان سێ ڕەگەز بکەوێتە بەر میکانۆی وشە ڕۆنان.

سێیەم: خاڵی (یەکەم) و خاڵی (دووەم) ڕەگیشە و ڕەسەنی ئامرازی (ەر) دەردەخەن. خاڵی یەکەم دیاردەی (گشتایەتی) دیاری دەکات و خاڵی دووەم دیاردەی (کورتایەتی ڕوخساری وشە) دیاری دەکات و هەردوو دیاردەکە پێکەوە بنەما بنەڕەتییەکانی (وشە ڕۆنان) دەردەخەن. سەرەڕای ئەوەی کە گوترا، لە حەشارگەیەکی تری ڕێزمانی کوردییەوە، ئامرازی (ەر) ڕەسەنایەتی خۆ دەردەخات. لەو قوژبنەدا، پاشگری (ـەر) کەلێنێك پڕدەکاتەوە بۆ کارە نارێکەکان. هەر بۆ نموونە کارەکانی (کردن، بردن، خستن، دان... هتد). ڕوخساری بنجەکانیان کورتە وەك (کە، بە، خە، دە،... هتد) ئەم کارانە مەرجی ئەوەیان تێدا هەیە کە پاشگری(ەر) وەربگرن،

چونکە تێپەڕن، لەم هەلومەرجەدا، پێشگری (ب)یش وەردەگرن، تا وشەکە پتەوترین، وەك:

کردن: بکەر

بردن: ببەر

خستن: بخەر

دان: بدەر

ئەوەی سەیرە، ئەم وشانە دەتوانن (بەرکار) وەربگرن و پاشگری (ەر)یش بپارێزن، وەك:

بکەر: نان کەر

بردن: نان بەر

بخەر: دیوار خەر

بدەر: نان دەر

بەهەمان شێوە، ئامرازی (نەرێ) و ئامرازی پێوەندی و پێشگری (واتا گۆڕ) دەتوانن پێشگری (ب) لاببەن، بەڵام ناتوانن بەهیچ جۆرێك پاشگری (ـەر) لاببەن وەك:

– ئامرازی نەرێ (نە):

بکەر: نەکەر

ببەر: نەبەر

بخەر: نەخەر

بدەر: نەدەر

– ئامرازی پێوەندی:

بکەر: لێکەر

ببەر: لێبەر

بخەر: پێخەر

بدەر: پێدەر

- پێشگری واتاگۆڕ:

بکەر: هەڵکەر، ڕۆکەر، داکەر

ببەر: لابەر، دەربەر

بخەر: هەڵخەر، ڕاخەر، داخەر

بدەر: هەڵدەر، دادەر، ڕادەر

چوارەم: بە تەریبی لەگەڵ خاڵی یەکەمدا، هەندێك كاری تر، کە بنجەکەیان نارێکە، وەك (خواردن، شوشتن) بنجەکەیان دەبێت بە(خۆ، شۆ)، وەك:

نان دە (خۆ)م

دەست دە (شۆ)م

لە ڕوانگەی پاشگری (ەر)ەوە، هەردوو کارەکە دەتوانن وەری بگرن، بەڵام بەئاوێتەبوونی بزوێنی (ە) لەگەڵ بزوێنی (ۆ)دا، وەك:

خواردن: بخۆر

شوشتن: بشۆر

لە ئاستی ئەم دوو کارەشدا، نیشانەی (نەرێ) و پێشگری واتاگۆڕ و ئامرازی پێوەندی و (بەرکار) دەتوانن پێشگری (ب) بدەن، بەڵام ناتوانن پاشگری (ەر) بسڕنەوە، وەك:

بخۆر: نەخۆر: داخۆر: پێ خۆر: نان خۆر

بشۆر: نەشۆر: داشۆر: پێ شۆر: جل شۆر

کەواتە: لەم جۆرە کارە نارێکەدا، پاشگری (ەر) بەرانبەر بەگشت هەلومەرجەکان دەوەستێت و بەرۆکی ئەو بنجە نارێکانە بەرنادات،

چونکە لاوازن لە ڕۆنانی وشەکاندا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی پتەو و کاریگەر بۆ ڕەسەنایەتی پاشگری (ەر) لە پەرێزی ڕێزمانی کوردیدا.

پێنجەم: لە ڕووبەری پەندی پێشینانی، کە پێشینان لە سەدان ساڵەوە بۆیان بەجێ هێشتووین، لە چەندین جێدا ئەم پاشگرە بەکارهێنراوە، وەك:

– ماڵ خۆ (نەخۆر) بۆ چەکمەبۆر.

–(نان خۆر) و (جێگر).

– بەشکەر بەشی کرد، بەشەکەم کەم بوو،

ئەوەیشی دامێ پەژارە و خەم بوو.

– بەکارەکەر بڵێیت (خانم) کاسە و کەوچك دەشکێنێت.

– پلاو خۆران پاڵیان داوە، جۆ خۆران هۆیان داوە.

– تۆ کاڵەك خۆریت، یان بێستان ڕن.

– تەگبیرکەرە نەمرێت، فەرمان کەرە بمرێت.

– شەڕکەر واز دەهێنێت، ناوبژی کەر واز ناهێنێت.

– ناوبژی کەر دڵی فراوانە.

### ٥– جێناوێکی هاوشێوە:

لە ڕێژەی فەرماندا دوو جێناو هەیە بۆ (بکەر). یەکەمیان بریتییە لە بزوێنی (ـە) و دووەمیان بریتییە لە (ن)، وەك:

تۆ بخەو (ە)

ئیوە بخەو (ن)

جێناوی کەسی دووەمی تاك (ـە) هەر بەڕواڵەت لە بزوێنی (ە) پێك هاتووە، بەڵام لە ڕەسەندا دەنگێکی خپی (Silent) هەڵگرتووە لە چەشنی

(د). ئەم دەنگە، وەك خپ بووە بەمێژوو، تەنیا هەر بە(لێ خشاندنی نووكی بزوێن) دەبووژێتەوە، وەك:

تۆ بخەو (ە): تۆ بخەو (ەر)ەوە

تۆ بینووس (ـە): تۆ بی نووس (ـەر)ەوە

تۆ بی د (ە) بە شیلان: تۆ بی د (ەر)ێ

تۆ مەكەو (ە): تۆ مەكەو (ەر)ە سەر زەوی.

لە ڕاستیدا، تا ئەمڕۆ ڕێزمانی دەنگی خپی (ر) هەر بە(پێنەو پەڕۆ) دەگوترێتەوە و هەر كاتێك كە ڕێزمانی ئەو جێناوە ئاشكرابوو، ئەوا دەتوانرێت بەراورد بكرێت لەگەڵ پاشگری ناوی بكەر(ەر). بێگومان، لە هەندێك جێدا ئەم دوو ڕەگەزە ڕێزمانەكە (لێڵ) دەكەن، بەڵام نابێت چاوی ڕێزمان گێلە بكات.

**٦- پاشگری (ـە) لە زمانانی تردا:**

پاشگری (ەر) بۆ هەمان مەبەستی زمانی كوردی، لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا هەیە، بەڵام بە ڕێزمانێكی زۆر جیاواز لەوەی كە لەم نووسینەدا هەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا، كاتێك كە پاشگری (er) بەكاردەهێنرێت ڕەنگی (ر) گۆ ناكرێت. بەس دەنووسرێت. لە زمانی فەرەنسی دەنگی (ر) گۆ دەكرێت بەدەنگێك لە چەشنی (غ) بەڵام بزوێنەكەی دەچێتە سەر ئاوازێكی تر. بۆ نموونە، لە ئینگلیزیدا وشەی (writer) وەك (رایتە) گۆ دەكرێت.

**٧- پوختەكاری:**

* بەدرێژایی سەدەی بیستەم، بەهۆی پێشكەوتنی شارستانییەوە، پاشگری (ـەر) پەرەی سەندووە و بەكارهێنانی زۆر بووە لە ڕێزمانی زۆربەی زۆری كارە تێپەڕەكاندا، لە پێشتردا، ئەم پاشگرە بەزۆری برەوی لەو

کارانەدا هەبووە کە بنجەکەیان نارێکە، وەك (کردن، بردن، خستن، دان، خواردن، شوشتن،... هتد).

* بەپێی ئەوەی لە پێشەوە گوترا، لە ڕووبەرێکی بچووکدا، پاشگری (ـەر) برەوی هەبووە و لە پاشتردا، لەو ڕووبەرە بچووکەوە بڵاوبووتەوە بەڕووبەری زمانەکەدا، کەواتە، ڕەسەنی پاشگری (ـەر) هەر لە زمانی کوردیدایە، نەك زمانێکی تر.
* پاشگری (ەر) کە دەچێتە سەر هەر کارێکی ئاسایی، بۆ دروستکردنی (ناوی بکەر)، پەسەند ناکات کە هیچ وشەیەکی تر بنووسێت بەو ناوەوە، مەگەر ئەو پێشگرانەی کە واتای کارە بنچینەکە دەگۆڕن.
* پاشگری (ـەر) بریتییە لە (وشە ڕۆنەر)ێکی گشتی بۆ سەرپاکی کارە تێپەڕەکانی زمانەکە، کەواتە، لە ئاستی کاری (تێنەپەڕ)دا هیچ برەوێکی نییە.
* پاشگری (ەر) ناوی بکەر دروست دەکات و ئەو ناوەش بڕشتی (ئاوەڵناو) هەڵدەگرێت.
* پاشگری (ەر)، کورتترین وشەی داڕێژراو دروست دەکات، لە بنجی کارەکەوە.
* پاشگری (ەر) بۆی هەیە لە (ناوی بکەر)ەوە وشەی تر ڕۆبنێت، وەك (دارکونکەرە، خەملابەرە، دڵخۆشکەرە،... هتد).

**سەرچاوە:**

– شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، سلێمانی ١٩٦٩.
سەرنج: کەڵك وەرگیراوە لە هەندێك پەند، کە لەم سەرچاوەیەدا تۆمارکراون.
* گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٠٨/ ٢٠٠٦) ل (١٥٢– ١٥٧)

## ٦

# ڕێزمانی پاشگری "ەر" بەنموونە و بەشرۆڤە

**١- دەستپێك:**

لە نووسینێکی دیکەدا لەسەر هەمان بابەت(١)، واتە لەسەر پاشگری ناوی بکەر (ەر)، هەنگاوی خۆمان گەیاند بە ئەو پەناو پاسارانەی کە لە ڕێزمانەکەی ئەم ڕەگەزە گرینگەدا هەن، بەڵام لە لای خۆمانەوە، بابەتەکە بووە خاڵێکی تۆژینەوەو گشت کاتێك لێکی دەدەینەوە. لە ڕاستیدا بە ئەم نووسینەش هێشتا هەر پێمان دەمێنێت و بابەتەکە هەر هەڵدەقوڵێت. بەداخەوە وەك ڕێزمانی زمانەکەمان ئەستوورایی کەمە و هەر توێژاڵەکەی دەرەوەی باسکراوە، پاشگری (ەر)یش لە ئەو ڕێزمانە و تەنك ساکارە بێ بەش نییە. واتە هەر لە ڕواڵەتەوە لێی دواون، لەگەڵ ئەو پاشگرانەی کە هەمان ئەرك دەبینن. بەداخەوە ئەم پاشگرە گشتگرەیان ڕیز کردووە لەگەڵ هەندێك پاشگری دیکەدا کە دەشێت لە پەراوێزی وانەی ڕێزماندا باس بکرێت.

لە لایەنی ئێمەوە، ئێمە پاشگری ناوی بکەر یان ناوی کارا بەکەرەستەیەکی کاریگەر دەزانین بەتایبەتی لە بواری زاراوەسازیدا. هەر لەبەرئەوە دەمانەوێت ڕێزمانێکی ورد و قووڵی بۆ بنووسینەوە تا بەڕەوانی بەکار بهێنرێت لە بزاڤی زاراوەسازیدا. بەڕاستی پاشگری (ەر) دەتوانێت ئەو دەرگەیانە بکاتەوە کە بەئاسانی ناکرێنەوە. یان دەتوانێت پەی ببات بە ئەو ڕووبەرانەی کە لە بەرچاو نین، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنین بەبێ ئەوەی ڕێزمانەکەیان باس کرابێت.

---

(١) بابەتی (٥) لە ئەم کتێبەدا، خوێنەری ئازیز دەتوانێت هەردوو بابەتەکە بەیەکەوە بخوێنێتەوە، چونکە لەسەر هەمان بابەتن

بێگومان ڕێزمانی کوردی ڕەنگە زۆر پان و بەرینتر نەبێت لە ئەوەی کە باسکراوە، بەڵام زۆر زۆر قووڵتر و ئەستوورترە.

**٢- ڕێسای داڕشتنی (ناوی بکەر):**

کاتێك کە بەپاشگری (ەر) ناوی بکەر دادەڕێژێت هەندێك هەلومەرج دەهێتە کایەوە، وەك:

یەکەم: پاشگری (ەر) تەنیا و تەنیا دەچێتە سەر کاری (تێپەڕ)، وەك:

نووسین : نووسەر

ناردن: نێرەر

چاندن: چێنەر

دووەم: پاشگری (ەر) وەك دەچێتە سەر کاری تێپەڕ لەگەڵ (بنجی ڕانەبردوو)ی کارەکەدا یەك دەگرێت. واتە ئەو بنجەی کە لە ڕێژەی (ڕانەبردوو) و (فەرمان) دا بەکاردەهێنرێت:

تۆ دە (نووس) یت: تۆ بـ(نووس)ـە.

تۆ دە (نێر) یت: تۆ بـ(نێر)ـە.

تۆ دە (چێن)یت: تۆ بـ(چێن)ـە.

بەسەرنجێکی هورد، دەردەکەوێت کە پاشگری (ەر) دەچێتە سەر بنجی کار بەڵام بە ئەو تان و پۆیەوە کە لە دەمکاتی ڕانەبردوودا پێوەی دەردەکەوێت. هەر بۆ نموونە، لە کاری (ناردن)دا ناگوترێت (ناردەر) بەس دەگوترێت (نێرەر).

سێیەم: لە ئەو کارانەدا کە بنجەکان دەگۆڕێت بەبەراورد لەگەڵ چاووگەکانیان هەر هەمان میکانیزم هەیە وەك:

ناشتن:

ده (نێژ)ین: نێژەر

هاوێشتن:

ده (هاوێژ)ین: هاوێژەر

کوشتن:

ده (کوژ)ێت: کوژەر

گاستن:

ده (گاز)ێت: گازەر

چوارەم: ئەگەر کارەکە (تێنەپەڕ) بوو، ئەوا لە دەرگەی چاووگی (ئاندن)ەوە، پاشگری (ەر) دەتوانێت ناوی (بکەر) سەودا بکات. بەهەمان هەلومەرجی باسکراو، ئەمجارەیان کۆلکەی (ێن) کە برتییە لە کۆلکەی چاوگی (ئاندن)، لە دەمکاتی ڕانەبردوو و فەرماندا دەکەوێتە پێش پاشگری (ەر) و ڕوخسارێکی لێکدراو پەیدا دەبێت لە چەشنی (ێن + ەر = ێنەر)، وەك:

سووتان: سووتاندن: (سووتێنەر)

کەوتن: کەواندن: (کەوێنەر)

ڕووخان: ڕووخاندن: (ڕووخێنەر)

بزڕکان: بزڕکاندن: (بزڕکێنەر)

پێنجەم: دەرگەی ئامرازی (ەر) والآیە بەڕووی گشت کارەکانی زمانی کوردیدا، چی (تێپەڕ) بەڕاستەوخۆیی، چی (تێنەپەڕ) بەناڕاستەوخۆیی لە ڕێگەی چاووگی (ئاندن)ەوە.

شەشەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، ئەگەر (کار)ێك پاشگری (ەر)ی وەرنەگرت، ئەوا خەتاکە بۆ کارەکە خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە پاشگری (ەر) گشتییە و دەرگەکەی والآیە.

حەوتەم: وەك پاشگی (ەر) لە پەریزی کاری تێپەڕی بنجی و کاری تێپەڕی (ئـانـدن)دا چـالاکـی خـۆی دەنـوێنـێت، دەشێت ئـەو وشانـەی کـە پـاشگـری (ەر) وەردەگـرن (بـەرکـار)یش وەربـگـرن. لـە ئـەم هەلومەرجەدا دەتوانرێت پاشگری (ەر) لاببرێت. هەر بۆ نموونە گشت ئەو نموونانەی کە لە پێشەوە کەوتنە بەر پرۆسەکە دەتوانن (بەرکار)ێك وەربگرن، وەك:

نووسەر: نامە نووس: نامە نووسەر

نێرەر: نامە نێر: نامە نێرەر

نێژەر: دار نێژ: دار نێژەر

کوژەر: پیاو کوژ: پیاو کوژەر

گازەر: دار گاز: دار گازەر

سووتێنەر: دار سووتێن: دار سووتێنەر

ڕووخێنەر: دیوار ڕووخێن: دیوار ڕووخێنەر

بزرکێنەر: شیر بزرکێن: شیر بزڕکێنەر

لە ڕاستیدا بەهاتنی (بەرکار) و ئاوەژووبوونی (ناوی بکەر) بەکۆلکەی (بـەرکـار)ەوە، بـڕشتـی پـاشگـری (ەر) لاواز دەبـێت و دەپـووکـێتـەوە. لـە هەلۆیستی ئاوهادا دەشێت لە بواری زاراوەسازیدا کەڵك لە ئەو پاشگرە گرینگە وەربگرین، بەتایبەتی لە بواری ئامێر و تەکنیکدا، وەك:

ئامێری دارناشتن: دار نێژەرە

ئامێری مێشوولە کوشتن: مێشوولە کوژەرە

ئامێری دیوار ڕووخاندن: دیوار ڕووخێنەرە

ئامێری بروسکە ناردن: بروسکە نێرەرە

ئامێری تەل گاستن: تەل گازەرە

ئامێری پاشەڕۆك سووتاندن: پاشەڕۆك سووتێنەرە

هەشتەم: لە ڕاستیدا، ئەو زاراوانەی سەرەوە لەگەڵ ڕۆژگاردا پەیدا دەبن و لەگەڵ بەکارهێناندا پێیان ئاشنا دەبین. لەگەڵ ئەوەشدا بڕشتی پاشگری (ەر) لە ئاستی ئامێر و تەکنیکدا هەر برەوی دەبێت بەتایبەتی کە پاشگرەکە بزوێنی (ە) وەردەگرێت، وەك:

هەڵەکەنەرە، داڕمێنەرە، پێ سووسێنەری، دار هەڵ کەنەرە، وێران کەرە، خاپوور کەرە... هتد.

نۆیەم: بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە، پاشگری (ەر) چەند توخمێکی ڕێزمانی لە پێکهاتەکەیدا هەیە، وەك:

١- توخمی کار چونکە لە پەرێزی (کار)دا برەوی هەیە.

٢-توخمی تێپەڕ چونکە لە پەرێزی کاری (تێپەڕ)دا برەوی هەیە.

٣- توخمی دەمکاتی (ڕانەبردوو) چونکە دەچێتە سەر (بنجی ڕانەبردوو).

٤- توخمی گشتگری چونکە دەرگەکەی بەڕووی گشت کارێکدا والایە.

٥- توخمی (ئاوەڵناو) چونکە ئاوەڵناوێك دروست دەکات بۆ (بکەر).

**٣- پاشگری (ەر) لەگەڵ کارە ناڕێکەکاندا:**

بۆ پاشگری (ەر) هەمان ئەو هەل و مەرجانەی کە باسکران، دەچەسپێن لە ئاستی کارە ناڕێکەکاندا، بەڵام هەندێك هەلومەرجی تازە دەهێتە کایەوە، وەك:

یەکەم: هەندێك لە ئەو کارانەی کە بنجەکەیان لە ڕانەبردوودا نارێك و کورتە پێشگری (بـ) وەردەگرن، وەك:

– کردن:

ئێمە ئیش دە (کە)ین: (بکەر)

–خواردن:

ئێمە دە (خۆ)ین: (بخۆر)

– بردن:

ئێمە دە (بە) ین: (ببەر)

– دان:

ئێمە هەواڵ دە (دە)ین: (بدەر)

دووەم: ئەو پێشگرەی کە وەری دەگرن (بـ) بریتییە لە پێشگرێکی (کاتی) و بەپەیدابوونی هەر کۆلکەیەکی دیکە پێشگری (بـ) لادەچێت. بەواتایەکی دیکە پێشگری (بـ) بووە بە(پارسەنگ) لە بۆ ئەو خەوشەی کە لەبنجی کارەدایە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی تا خەوشەکە لادەبرێت.

سێیەم: لە ئەم کارە نارێکانەدا کۆلکە پێشکارییەکان دەتوانن پێشگری (بـ) بسڕنەوە، بەڵام نابێت پاشگری (ەر) جێلەق بکەن. تەنانەت کۆلکەی (بەرکار)یش ناتوانێت پاشگری (ەر) ببات. هەر بۆ نموونە دەشێت ناوی بکەر (نامە نووسەر) بکرێت بە(نامە نووس) کەچی ناوی بکەر (ئیش کەر) نابێت بکرێت بە(ئیش کە).

چوارەم: کەواتە کارە نارێکەکان هەل و مەرجی سەربارییان هەیە. یەکەمیان بریتییە لە بەرجەستەکردنی پێشکاری (بـ) بەشێوەیەکی کاتی، تا یەکێك لە کۆلکەکانی کارەکە دەکەوێتە پێش (ناوی بکەر).

دووەمیان فرێ نەدانی پاشگری (ەر) بەئالوودەبوونی (ناوی بکەر) بە(بەرکار)ەوە.

پێنجەم: سەبارەت بەلابردنی پێشگری (بـ) دەتوانین هەندێك نموونە ڕیز بکەین.

هەر بۆ نموونە ئەم کۆلکە و پێشکارانە دەتوانن پێشگری (بـ) بسڕنەوە[٢]:

١- نیشانەی (نەرێ):

بکەر: نەکەر

بخۆر: نەخۆر

٢- پێشگری واتا گۆڕ:

بکەر: هەڵ کەر، داکەر، ڕۆکەر

ببەر: لابەر، دەربەر

٣- ئامرازەکانی پێوەندی:

بخۆر: لێ خۆر

ببەر: تێ بەر

٤- بەرکاری ڕستە:

بکەر: ئیش کەر

بخۆر: نان خۆر

**٤-پاشگری (ەر) لەگەڵ پاشگری دووپاتی (ەوە):**

وەك پاشگری (ەر) سەربەخۆ و والایە بۆ سەوداکردنی هەر کارێکی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا پاشگری دووپاتیش هەمان ئاکاری هەیە.

(٢) ئەم نموونانە لە بابەتی (٥)یشدا دووبارە کراونەتەوە.

بەواتایەکی دیکە دەشێت هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکەوە بچنە سەر ناوی کارا، وەك:

نووسین: نووسینەوە

کە دەبن بە:

نووسەر: نووسەرەوە

لە ڕاستیدا لە پلیکانەی کاردا خانەی پاشگری (ەر) و پاشگری (ەوە) لە یەکدییەوە نزیکن ئەو خانەی نێوانیان لە ئاستی (ناوی بکەر)دا ئاودیو دەبن. هەر لەبەرئەوە هەردوو ڕەگەزەکە لە یەکدی دەخشێن، وەك:

نووس (ـەر) (ەوە)

لە ئاستی ئەم نموونەیەدا ئەگەر (بەرکار) بەکاربهێنین ئەوا پاشگری (ەر) لادەچێت وەك:

نووسـ(ـەر): نامە نووس (...)

بەهەمان شێواز:

نووسـ(ـەر) (ەوە): نامە نووس (—) (ەوە).

کەواتە، وەك چۆن ناوی بکەر (نووسەر) بەبەرکاری (نامە)وە دەبێت بە(نامەنووس) بەهەمان شێواز ناوی بکەر (نووسەرەوە) بەبەرکاری (نامە)وە دەبێت بە(نامە نووسەوە)، بەواتایەکی دیکە، هەردوو ناوی بکەر (نووسەر) و (نووسەرەوە) بەیەکسانی و بەیەك ڕێزمان پاشگری (ەر)یان فڕێداوە، چونکە هەردووکیان بەرکاری (نامە)یان وەرگرتووە، لە ئەو نموونانەشدا کە بۆ کارە نارێکەکان مەرجی تایبەتی خۆی هەبوو وەك:

یەکەم: وەرگرتنی پێشتگیری (ب) بەشێوەیەکی کاتی تا پێشگرێکی دیکە پەیدا دەبێت.

دووەم: لانەبردنی پاشگری (ەر) بەوەرگرتنی (بەرکار).

هەمان هەلومەرج دووبارە دەبێتەوە، هەر بۆ پراوە ناوی کارا (بکەر) پاشگری دووپای (ەوە) وەردەگرێت و دەبێت بە:

بکەر + (ەوە): بکەرەوە

بە پێی مەرجی یەکەم دەشێت بەپێشگرێك دەنگی (ب) لاببەین وەك:

– بەنیشانەی (نەرێ): (نە) کەرەوە.

– بەپێشگری واتاگۆڕ: (هەڵ)کەرەوە.

– بە ئامرازی پەیوەندی: (پێ) کەرەوە.

بەکۆڵکەی بەرکار: (دەرگە) کەرەوە.

بەپێی مەرجی دووەم، دەشێت ناوی کارا (بکەرەوە) پاشگری (ەر) فڕێ نەدات و تەنانەت بەهاتنی (بەرکار)یش وەك:

(دەرگە) کەرەوە، نەك (دەرگەکەوە)...

لە ڕاستیدا، لەوشەی (نامە نووسەوە)دا، نەمان دەتوانی پاشگری (ەر) دابنێین وەك (نامە نووسەرەوە) چونکە وشەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە دەبرزکا، بەڵام لە ئەو کارانەدا کە ناڕێکن و بنجەکەیان کورتە، بەناچاری دەبێت پاشگری (ەر) بپارێزین و بەزەبری (بەرکار) لای نەبەین، وەك:

بدەر: بدەرەوە، (هەواڵ) دەرەوە.

بخەر: بخەرەوە (بیر) خەرەوە.

بخۆر: بخۆرەوە، (ئاو) خۆرەوە.

کەواتە ڕێزمانی پاشگری (ەر) زۆر توندوتۆڵە و زۆر سفتە و دەبێت ئەو کەسەی کە گەمەی تێدا دەکات هەم کوردیزان و هەم ڕێزمانزان بێت. بێ گومان ئەم گەمەیەی کە لە ئەم نووسینەدا بەرپاکراوە، بریتییە لە ئەو گەمەیەی کە بۆ بزاڤی (زاراوەسازی) پێویستە.

**٥- پاشگری (ەر) بە نموونەی درێژ و ئاڵۆز:**

وەك چۆن ڕووخساری (کار) بەشێوەی پلیکانەیی درێژ دەبێتەوە، هەر ئاوەهاش (ناوی کار) بۆی هەیە کە درێژ ببێتەوە. هەر بۆ نموونە کاری (گرتن) وەردەگرین، کە زۆر بەوردی دراوە لە پلیکانەیەکی ڕێزمانی لە ئیشەکانی ئێمەدا:

چینی سفر: من گرتم.

چینی یەك: من دە (م) گرت.

چینی دوو: من نە (م) دەگرت.

چینی سێ: من هەڵ (م) نەدەگرت.

چینی چوار: من بۆ تۆ (م) هەڵنەدەگرن.

چینی پێنج: من نانەکە (م) بۆ تۆ هەڵنەدەگرت.

بەرانبەر بە ئەم پلیکانە ئەندازەیارییە دەتوانین (ناوی بکەر) ڕیز بکەین بۆ کاری (گرتن) و بەپێی چینەکان دابەشیان بکەین وەك:

چینی سفر: (گرەر)

چینی یەك:.....

چینی دوو: (نەگرەر) یان (نەگر)

چینی سێ: (هەڵگرەر) یان (هەڵگر)

چینی چوار: (بۆ گرەر) یان (بۆگر)

چینی پێنج: (نامەگر).

لە نێوان ئەم چینانەدا دەشێت ڕەگەزەکان تێك هەڵکێش بن، هەر بۆ نموونە دەشێت (نامەگر) بە ئەم چەشنە درێژ بکرێتەوە وەك:

نامە (--) (--) (--) گر

نامە (بۆ) (--) (--) گر.

نامە(بۆ) (هەڵ) (--) گر.

نامە(بۆ) (هەڵ) (نە) گر.

نامە(--) (هەڵ) (--) گر.

نامە (--) (هەڵ) (نە) گر.

نامە (--) (--) (نە) گر.

لە بواری تەکنەلۆژیایشدا دەشێت کەڵکی گەورە وەربگرین لە چەندین زاراوە کە پێویستن وەك (نامەگرە، هەواڵ گرە، هەواڵ پێ گرە، دەنگ ڕاگرە، دەنگ لێ ڕاگرە، دەنگ گرە، تیشك تێ گرە، تیشك گرە، تیشك پێ گرە) بێگومان هەندێك لە ئەم زاروانە ڕەنگە بەئاوازەی (ڕستە) بخوێنرێنەوە هەر لەبەرئەوە، دەتوانین بە(پێوەنووسی) کراسی زاراوەوە و وشەیان لەبەر بکەین، وەك:

نامەگرە، هەواڵگرە، هەواڵپێگرە، دەنگڕاگرە، دەنگلێڕاگرە، دەنگگرە، تیشکتێگرە، تیشکلێگرە، تیشکپێگرە...).

### ٦- باری دەنگسازی

لە ڕووی دەنگسازییەوە پاشگری (ەر) لە دوو دەنگ پێك هاتووە، کەچی برگەی تەواو پڕ ناکاتەوە، چونکە بزوێنی (ە) لە سەرەتادایە دەخشێت لە بنجی ئەو کارانەی کە بە(بزوێن) کۆتایی هاتووە، وەك:

کردن: ئیش دە (کە)م

خستن: ماڵ دە (خە)م

دان: پارە دە (دە)م

بردن: پارە دە (بە)م

یان بەبزوێنی (ۆ) وەك:

خواردن: دە (خۆ)م

شوشتن: دە (شۆ)م

لە گەشتێكدا بەناو كارەكانی زمانەكەدا دەردەكەوێت كە ئەو دوو بزوێنە (ە، ۆ) بۆیان هەیە بخشێن لە ئەو بزوێنەی كە دەكەوێتە پێش پاشگری (ەر) ئەوەی سەیرە لە ئەم لێك خشانەدا، ئەوەیە كە بزوێنی (ە) لە هەردوو بارەكەدا دەتوێتەوەو پێویستی بە(ناوگر) نابێت، وەك:

كردن : بـ(كە) + (ەر): (بكەر)

خستن: بـ(خە) + (ەر): (بخەر)

دان : بـ(دە) + (ەر): (بدەر)

بردن: بـ(بە) + (ەر): (ببەر)

یان

خواردن: بـ(خۆ) + (ەر): (بخۆر)

شوشتن: بـ(شۆ) + (ەر): (بشۆر)

دان: بـ(دە) + (ەر): (بدەر)

بردن: بـ(بە) + (ەر): (ببەر)

لە كاری (شوشتن)دا دوو فاقی هەیە. لە شێوەی گەرمیاندا بە(شۆردن) بەكاردەهێنرێت و هیچ سواوییەكی پێوە دیار نییە وەك (شوشتن، شتن، شۆرین). لە ئەم هەڵوێستەدا، بەكارهێنانی (شۆردن)، یان (شۆرین) كێشەكە یەكلایی دەكاتەوە، چونكە بنجەكەی لە (شۆ)وە دەگۆڕێت بۆ (شۆر). بەواتایەكی تر، وەك هەر كارێكی ئاسایی (وەك نووسین) پاشگری (ـەر) وەردەگرێت و ناوی بكەر (شۆرەر) دەبەخشێت بەزمانی نووسین. بە ئەم كردەوەیە، یەكێك لە كارە ناڕێكەكان ڕاست دەبێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، هەندێك جار (ناوی بکەر) لەگەڵ ڕستەی فەرمان ڕاستەوخۆ تێکەڵ دەبێت، وەك:

(بکەرەوە، بدەرەوە، بخەرەوە، ببەرەوە، بخۆرەوە بشۆرەوە).

بێگومان ئەم دیاردەیە تەنیا لە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا هەیە و هەبوونی پێشگرێکی تر لە جیاتی دەنگی (ب) کێشە کە یەکلایی دەکاتەوە، وەك (نەکەرەوە، هەڵ کەرەوە، لێکەرەوە، دڵ کەرەوە). ئەم نموونانەش بەرامبەر بە ئەم کارانە دەوەستن:

کردنەوە: بکەرەوە

نەکردنەوە: نەکەرەوە

هەڵ کردنەوە: هەڵ کەرەوە

دڵ کردنەوە: دڵ کەرەوە لیَ کەرەوە

هەر بۆ نموونە، دەگوترێت:

ئەم خانووە دڵکەرەوەیە

لە ئەم ئاراستەیەدا، وشەیەکی پەتی و ڕەوانی کوردی، کەوا بەخۆڕایی لە هێلانەی دەم دەردەچێت، بریتییە لە پێوەرێکی جوان و کاریگەر بۆ داڕشتنی زاراوەی تر، بەپێی هەنگاونانی ڕۆژگاری پێشکەوتوو.

٧- **پوختەکاری**:

لە لای ئێمە، ئەم بابەتە زۆر گرینگە، چونکە دەرگەی (زاراوەسازی) دەکاتەوە. پێش ماوەیەك لە ئەم نووسینە، نووسینێکی ترمان لەسەر هەمان بابەت نووسی، بەڵام هێشتا هەر پێمان مابوو. هەر لەبەرئەوە، جارێکی تر و بەگوڕ و تینێکی ترەوە دەستمان بۆ بردەوە و ئەم نووسینەمان ئامادە کرد، بەهیوایین بتوانین لە داهاتووشدا، لەسەری بنووسینەوە، چونکە بابەتەکە زۆر گرینکە و دەبێت زۆر بەسفتی سەودا

بکرێت و بخرێتە ئەلبوومی ڕێزمانەوە. لەگەڵ گشت ئەو سەرنجانەشدا، دەتوانین هەندێك خاڵی پوختەکراو ڕیز بکەین، تا مامۆستایانی زمانی کوردی و قوتابیانی ئازیز کەڵکی لێ وەربگرن.

– پاشگری (ەر) بریتییە لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی گشتی و گشتگر، لە پەرێزی (کار)دا.

– لە ڕووی هێزی تێپەڕینەوە، پاشگری (ـەر) بریتییە لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی (تێپەڕگر). واتە هەرکاری (تێپەڕ) دەگرێت، چونکە توخمی (کاری تێپەڕ)ی تێدا هەیە.

– لە ئاستی کاری (تێنەپەڕ)دا، دەبێت کارەکە بکرێتە چاوگی تێپەڕی (ئاندن)، ئەمجار پاشگری (ـەر) دەتوانێت بیگرێت.

– لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، لە ئاستی کارە تێنەپەڕەکاندا، پارچولکەی (ێن) دەهێتە ئاراوە وە دەلکێت بەپاشگری (ەر)ەوە. هەر لەبەرئەو هۆیە، بەشێوەی (–ێنەر) دەکەوێتە گەڕ[۳].

– وەك پاشگری (ەر) گشتگرە و دەچێتە سەر سەرپاکی کاری زمانەکە، گرینگییەکی گەورە و کاریگەر دەبەخشێت بەبواری (زاراوەسازیی) و (وشەڕۆنان).

– ئەگەر کارێکی زمانەکە هەبێت کە پاشگری (–ەر) وەرنەگرێت، ئەوا ئەو کارە نوقسانی لە خۆیەتی، کە ناتوانێت هەل و مەرجەکان پڕ بکاتەوە. بۆ نموونە، کاری (مان) کورت دەهێنێت لە ئاستی پاشگری (ـەر)، چونکە (تێنەپەڕ)ەو ناتوانێت ببێت بە(تێپەڕ) بەچاوگی (ئاندن).

– هەندێك کاری زمانەکە، لە کارە (تێپەڕەکان) پێشگری (بـ) وەردەگرن، وەك (بکەر، ببەر، بدەر، بخۆر)، چونکە بنجەکەیان ناڕێکە و کورتە.

(۳) بەکورتی پاشگری (ـەر) دەچێتە سەر کاری (تێپەڕ) و پاشگری (ـ ێنەر) دەچێتە سەر کاری (تێنەپەڕ)

دەنگی (بـ) لە ئەو وشانەدا ئاودیو دەبێت، ئەگەر هەر کۆلکەیەکی ڕێزمانی، بەرێزمانی کار، بکەوێتە پێش ئەو وشەیەی کە بەپاشگری (ـەر) دارێژراوە.

– لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، پێشگری (بـ)، لە نموونەیەکدا وەك (بکەر)، بریتییە لە کۆلکەیەکی (کاتی) و (کەلێن)ێکی (خەوشدار) پڕ دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی کە جێی ئەو (کەلێن)ە پڕ دەبێتەوە بە کۆڵکەیەك، کە ڕێزمانی کارە بنجییەکە پەسەندی بکات.

– بەدیاریکراوی و بەچوارچێوەداری، پاشگری (ـەر) دەلکێت بە(بنجی کار)ەوە، ئەو بنجەی کە لە دەمکاتی (ڕانەبردوو) و (فەرمانی ڕاستەوخۆ)دا دەردەکەوێت. لە ئەو ڕاستییە بترازێت، هیچ کۆڵکەیەکی تر بۆی نییە بترنجێتە نێو چوارچێوە خنج و تەسکەکەی پاشگری (ـەر)ەوە، مەگەر بەزۆر و بەنابووتکردنی چوارچێوەکەی.

– وەك ڕێزمانی کار (پلیکانەی کار)ی هەیە بۆ درێژ بوونەوە، بەهەمان شێوە (ناوی بکەر) بۆی هەیە درێژ ببێتەوەو ئەو کۆڵکانە وەربگرێت کە کارە بنجیەکە وەردەگرێت. وەك (ببەر، لابەر، پێ لابەر، بەرد پێ لابەر).

– پاشگری (ـەر)، بەجووتبوونی (بەرکار) لەگەڵ بنجی کارەکە، نموودی نامێنێت و پرێستیژی دەشکێت، لە پەرێزی ئەو ناوەدا کەدای ڕشتووە. بۆ نموونە، وشەی (نامەنووس) ڕێزمانی ترە لە وشەی (نامەنووسەر). لە ئاستی ناوی ئامێر و ئالآڤدا، دەتوانرێت پاشگری (ـەر) پتەو بکرێت بەبزوێنی (ـە)، وەك (نووسەرە، پێ نووسەرە، نامەنووسەرە). هەر بۆ نموونە، وشەی (نامە نووسەرە) پتەوترە لە وشەی (نامەنووسە).

– بزوێنەکەی پێش پاشگری (ەر) زۆر ناسك و لاوازە. هەر لەبەرئەوە، کێشەی دەنگسازیی دروست ناکات و لە ئاستی ئەو بزوێنانەدا دەتوێتەوە، کە بەڕاستەوخۆیی لێی دەخشێن.

**سەرچاوە:**

– د. شێرکۆ بابان، پاشگری ناوی بکەر (ەر) لە شرۆڤەکاریدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٠٨)، هەولێر ٢٠٠٦.

– لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا.

* گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٧٥) ل (١٧- ١٩)، ژمارە (٧٦-٧٧)، ل (١٩-٢٠)، ساڵی ٢٠٠٧.

## ٧

# پاشگری ناوی بکەر(ـەر) و

# پاشگری ناوی بەرکار (ـراو) بەشرۆڤە و بەبەراورد

**١- دەستپێك:**

هەردوو پاشگری ناوی بکەر(ـەر) و ناوی بەرکار(ـراو) ڕۆڵێکی بێ هاوتایان هەیە لە چیکەنەی (وشە ڕۆنان)دا و دەتوانن ڕووبەرەکەی بتەننەوە و ئەلبوومی (وشەی ڕۆنراو لەسەر بنجی کار) برازێننەوە. سەبارەت بەپاشگری ناوی بەرکار هیچ گرفتێك نییە، چونکە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدایە، بەڵام لەگەڵ پاشگری ناوی بکەردا گرفت هەیە، چونکە لە خودی زمانەکەوە شەرمن کراوە لە دەرکەوتندا. تەنانەت، هەندێك کەس پێیان وایە کە پاشگری (ـەر) لە سەدەی بیستەمدا بەچاولێکەری زمانی ئینگلیزی هاتبێتە نێو زمانی کوردی بێگومان، ئێمە لەگەڵ ئەم بۆ چوونەدا نین، چونکە ئەم پاشگرە ڕەسەنە و ڕەگێشەیەکی خۆماڵی گشتی خۆماڵی پتەوی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا. ڕۆڵی گشتی دەگێڕێت و پەرێزێکی ڕێزمانی ڕێکوپێکی هەیە. لە ڕاستیدا، دەشێت بگوترێت (بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی زمانانی تر) بایەخ درابێت بەپاشگری ناوی بکەر (ـەر) و بووژێنرابێتەوە، بەڵام بەهێچ جۆرێك ئەوە پەسەند نییە، کە بەنارەوایی تانوتی لێ بدرێت، لە دوو توێی ئەم نووسینەدا، تێ دەکۆشین کە بەشرۆڤەکاری ڕێزمانیی، پاشگری (ـەر) شیرین بکەین لەبەرچاوی هەمووان و لە تەرازووی (وشە ڕۆنان)دا، بەرانبەر بەگرینگی پاشگری ناوی بکەر (ـراو) هاوسەنگی بکەین[١].

---

(١) بۆ زانیاری پتر لەسەر پاشگری (ـەر)، بڕوانە بۆ هەردوو بابەتی پێشوو (٥) و (٦).

٢- **هەبوونی پاشگری (ـەر):**

لـە هـەنـدێك كـاری زمـانـی كـوردیـدا، دەبـیـنین كـە پـاشگری (ـەر) بەرجەستەیە و ناشێت لابدرێت. بۆ نموونە، لە ئەو كارانەدا كە بنجی ڕانەبردوویان لاوازە لە ڕووی فۆرمەوە، لە ئاستی (ناوی بكەر)دا، لە هەر دوو جەمسەرەوە پتەو دەكرێن.

| كار | بنجی ڕانەبردوو | ناوی بكەر | لەگەڵ بەركار |
|---|---|---|---|
| خواردن | نان دە(خۆ)ین | بـ(خۆ)ر | نانـ(خۆر) |
| شوشتن | دەست دە(شۆ)ین | بـ(شۆ)ر | دەست (شۆر) |
| كردن | نان دە(كە)ین | بـ(كە)ر | نانـ(كەر) |
| بردن | نان دە(بە)ین | بـ(بە)ر | نانـ(بەر) |
| خستن | دە(خە)ین | بـ(خە)ر | نانـ(خەر) |
| دان | نان دە (دە)ین | بـ (دە)ر | نان (دەر) |
| نان | هەنگاو دە(نێ)ین | بـ (نە)ر | هەنگاو (نەر) |

لە ئەم خشتەیەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەكەم: بنجی كارەكان، لە ڕانەبردوودا، لە یەك (نەبزوێن) لە بەراییدا و لەیەك (بزوێن) پێك هاتوون. بێگومان هەر كارێك كە بنجەكەی وا ناسك بێت، پەنا دەبات بۆ پاشگری (ـەر).

دووەم: پاشگری (ـەر) لە گشت نموونەكاندا، بزوێنی (ـە)ی تواندووەتەوە لە ئەو بزوێنەدا كە بڕگەی بنجی كارەكەی پێ چێ كراوە.

سێیەم: لە گشت نموونەكاندا، بەرایی وشەكان بەپێشگری(بـ) پتەوكراوە و ئەو پتەوكرنەش بەهاتنی وشەی (بەركار) لاچووە و دەنگی (بـ) لابراوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بریتییە لە سیمایەكی گشتی بۆ بنجی (كار) كە نابێت لە نووكەوە سەربەخۆ بێت.

چوارەم: گشت نموونەكان، بریتین لە كاری (تێپەر) و بەس، ئەمەش خۆی

لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی کاریگەر بۆ ئەوەی کە ڕەسەنی دەنگی (ر) لە کۆتایی ئەو نموونانەدا ببەستینەوە بەپاشگری(ـەر)ەوە. ئەوەش لە یاد نەکەین، پاشگری (ـەر)، تەنیا و تەنیا هەر لە پەرێزی کاری تێپەڕدا برەوی هەیە و پەسەندە.

پێنجەم: پاشگی (ـەر) بەئاشکرا دیارە بە ئەو کارە تێنەپەڕانەوە، کە بەڕێگەی چاوگی (ئاندن)ەوە وەری دەگرن، وەك:

ترسان ترساندن ترسێن(ـەر)

ڕووخان ڕووخاندن ڕووخێن(ـەر)

دامردن دامراندن دامرێن(ـەر)

### ٣- ئاکارەکانی پاشگری (ـەر)

پاشگری (ـەر) چەند ئاکارێکی تایبەتی هەیە، وەك:

یەکەم: وەك لە کۆپلەی پێشوودا باسکرا، پاشگری (ـەر)، تەنیا هەر لە پەرێزی کاری (تێپەڕ)دا چالاکیی هەیە، وەك:

بنووس: نووسـ(ـەر): (نامە) نووسـ(−)

بینین: بینە(ـەر): (ڕێ)بینـ(−)

بەسەرنجێکی زرنگ، دەردەکەوێت کە هاتنی (بەرکار)دەبێت بەهۆی لاچوونی پاشگری (ـەر). بەرانبەر بە ئەم نموونانە، لە ئەو وشانەدا کە لە کۆپلەی پێشوودا باسکران، پاشگری (ـەر) لاناچێت بەهاتنی بەرکار، وەك:

بخۆ(ەر): نان خۆ(ەر): نان خۆر

بکە (ەر): نان کە(ەر): نان کەر

کەواتە، دەنگی (ر) لە وشەکانی (بخۆر)و (بکەر)دا دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری (ـەر)، لەبەر ئەم هۆیانە:

– پاشگری(ـەر) و دەنگی (ر) لە ئەو وشانەدا هەر لە پەرێزی کاری (تێ نەپەڕ)دا دەرکەوتوون.

– لە ئەو کارانەدا، کە بنجی ڕانەبردوویان ناسکە، هەلومەرجی دەنگسازیی پاشگری (ـەر)ی سەپاندووە و لە پاشتردا، بەهاتنی (بەرکار) هەر ماوەتەوە، چونکە ژینگە دەنگسازییەکە نەگۆڕە.

– لە تەرازووی ڕێزمانی کوردیدا و بەپێوەری زاراوەسازیی دەستە وشەی (نووسەر، بینەر) و (بخۆر، بکەر) لە پەرێزی (ناوی بکەر)دان، بە(کێشانە) و بە(پێوانە).

دووەم: لە کارە تێپەڕەکاندا، پاشگری (ـەر) برەوی نییە، مەگەر لە پاش ئەوەی بکرێت چاوگی (ئاندن)، کە تێپەڕە. لە ئەم هەلومەرجەدا، پارچۆلکەی (ێن) پەیدا دەبێت و ڕێزمانەکەش ڕێ دەدات کە ببێت بە (هاوجێ) لەگەڵ پاشگری (ـەر). هەر لەبەرئەو هۆیە ، لە گشت جێیەکدا بەروخسار(–ێنەر) دەر دەکەوێت، وەك:

سووتان: دەسووتێنم: سووتـ(ێنەر)

ڕووخان: دەڕووخێنم: ڕووخـ(ێنەر)

سێیەم: پاشگری(ـەر) تەنیا و تەنیا هەر لەگەڵ (بنجی ڕانەبردوو)ی کاری (تێپەڕ)دا دەگونجێت. لە ئەم ڕووەوە، ئەو وشانەی کە دەنگی(ر) هەڵدەگرن، وەك:

بخۆر، بکەر، بدەر،...هتد

هەر هەموویان، لەسەر (بنجی ڕانەبردوو)ی (تێپەڕ) ڕۆنراون. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی تر. کەواتە، بنجە ناسك و کورتەکەی ئەو کارانە (خواردن، کردن، بردن، خستن، دان.....هتد)، کەڵکی ئەوەی هەیە کە ڕەگیشەی پاشگری (ـەر) بدۆزێتەوە.

٤- وندابوونی پاشگری (ـەر):

هەندێك لە ڕێزمانووسان پێیان وایە، کە پاشگری (ـەر) ڕێزمانێکی ڕەسەنی نییە و لە زمانی ئینگلیزییەوە پەڕەی سەندووە، وەك پاشگری لە (er -) وشەی (teacher)دا.

بەداخەوە، بۆ ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە لە کۆپلەکانی پێشەوەدا، ئاسەواری توخمە ڕێزمانییەکانی دیاری کران بەچەند وشەیەکەوە و هەر لە ئەوێشدا، چەند بەڵگەیەك خرانەڕوو، بۆ گەیاندنەوەی پاشگری (ـەر) بە ئەو ئاسەوارە زەق و ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەدا، هۆی دیارنەبوونی ئەم کەرەستەیە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییانەی خوارەوە:-

یەکەم: ناوی (بکەر) زاراوەیەکی (بەرکارگر) پەیدا دەکات و گشت نموونەیەك حەز دەکات (بەرکار)ێك لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت:

(نامە) نووس، (نان)خۆر، (ماڵ) وێرانکەر،

(دیوار)ڕووخێن (شادی)هێن...

دووەم: پاشگری (ـەر) کاتێك کە دەچێتە سەر (ڕەگی ڕانەبردوو)ی کارێك، ئەوا (بەرکار)ەکەی لادەبات. وەك:

(نامە) نووس: (...)نووسەر

(دیوار) ڕووخێن: (...) ڕووخێنەر

(شادی) هێن: (...) هێنەر

هەر لەبەرئەوە، لە نموونەیەکدا، وەك:

(نامە) نووسـ(ـەر)

دەبێت، یان بەرکاری (نامە) لاببەین، یان پاشگری(ـەر) لاببەین بۆ ئەوەی کە ڕێزمانەکە ڕاست ببێتەوە. وەك ئاخاوتنی کوردی حەز دەکات لە (ناوی بکەری بەرکارگر)، ئەم جۆرە وشەیە زاڵ بووە و (ناوی بکەر)ی

ڕەها (نووسەر) برەوی پەیدانەکردووە.

سێیەم: لە زمانی نووسینی سەدەی ڕابردوودا، نووسەرانی کورد ویستوویانە، وەك زمانانی تر، بایەخ بدەن بەپاشگری (ـەر) و ناوی بکەری (ڕەها)ی پێ چێ بکەن، بەبێ ئەوەی کە خانەی (بەرکار) پڕبکەنەوە و ناوی بکەری (تەرخانکراو) بەکاربهێنن.

**٥- پشگری گشتی(ـەر):**

بەڵگەیەکی تر بۆ ڕەسەنایەتی پاشگری (ـەر) لە زمانی کوردیدا، بریتییە لەباری گشتی لە بەکارهێنانی پاشگری (ەر)دا، لە ڕاستیدا، پاشگری(ـەر) ڕوو دەکات لە گشت کارێکی (تێپەڕ) و لە گشت کارێکی تێنەپەڕ، کە بەکۆڵکەی (ێن) بووبێت بە(تێپەڕ). تەنانەت، هەندێك کاری تێنەپەڕ هەیە کە نابن بەچاوگی (ئاندن)، وەك:

چوون، ڕۆیشتن، هاتن

ناتوانن پاشگری (ەر) وەربگرن، مەگەر بە(زۆر) یان بە(نارێزمان). لە ئەم گۆشە نیگایەوە، ئەگەر ئەو پاشگرە ڕەسەن نەبا، نەیدەتوانی بەرەهایی سەودای گشت کارێکی (تێپەڕ) بکات. بە واتایەکی تر، ئەگەر ئەو پاشگرە بەشێوازێکی کوێرانە (کۆلاژ) کرابێت، ئەوا هەر لە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا دەردەکەوت.

**٦- وشەی (کۆچەر):**

دەگوترێت کە وشەی (کۆچەر) تەنیا نموونەیە کە پاشگری (ـەر) هەڵبگرێت، بەئاشکرایی. لە ڕاستیدا، پێ دەچێت کە ئەم نموونەیەش (چرووك) بێت، چونکە بنجەکەی (کۆچ) بریتی نییە لە ڕەگی کارێك. بەبۆچوونی ئێمە، وشەی (کۆچەر) دەگەڕێتەوە بۆ کاری (کۆچکەر) لە جیاتی (کۆچەر). پاشان دەنگی (ك) سووك کرابێت لە گۆکردندا. بەداخەوە، ئێمە پاشگری

(ـەر) بەرەسەن نازانین لە ئاستی وشەی (کۆچ)دا، مەگەر لە پێشتردا کارێك هەبووبێت، کە (تێپەڕ) بووبێت و بنجەکەشی بریتی بووبێت لە وشەی (کۆچ).

٧- **ناوی بەرکار بە بەراورد:**

لە تەرازووی وشە ڕۆناندا، ئەگەر ناوی بکەر بەپاشگری (ـەر)، بەراورد بکەین لەگەڵ (ناوی بەرکار)، دەبینین کە بەهەمان هەلومەرج دروست دەبن، وەك:

یەکەم: ناوی (بکەر) و ناوی (بەرکار) لەسەر بنجی ڕانەبردووی کاری (تێپەڕ) ڕۆدەنرێن، وەك:

ناوی بکەر:

نووسـ + (ـەر)　　نووسەر

ناوی بەرکار:

نووسـ(راو)　　نووسراو

دووەم: ناوی (بکەر) و ناوی (بەرکار)، لە دەروازەی چاوگی (ئاندن)ەوە ڕوودەکەن لە کارە تێنەپەڕەکان و هەردوویان پاشگری (ێن) وەردەگرن، وەك:

ناوی بکەر:

ترسـ + (ێن) +(ـەر) –– ترسێنەر

ناوی بەرکار:

ترسـ + (ێن) + (راو) –– ترسێنراو

سێیەم: هەردوو ئامرازەکە (ـەر، ـراو) بەیەکسانی سستی دەنوێنن بەرانبەر بە ئەو کارانەی، کە چاوگی (ئاندن) پەسند ناکەن، وەك:

(چوون، ڕۆیشتن، هاتن، مان،...).

چوارەم: بەپێی ناوەڕۆکی ئەوەی وترا، پێ دەچێت کە پاشگری (ـەر) و پاشگری (ـراو) یەك سەرچاوەیان هەبێت، بەڵام بۆ دوو ئەرکی جیاواز. واتە، پاشگری (ـەر) بۆ ڕۆنانی (ناو بکەر) بێت و پاشگری (راو) بۆ (ناوی بەرکار) بێت. بێگومان، ئەگەر ئەم بۆ چوونە سەلمێنرا، ئەوا بەڵگەیەکی تر پەیدا دەبێت لە بۆ ڕەسەنایەتی پاشگری (ـەر).

پێنجەم: وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو، چەند بەڵگەیەك هەیە بۆ ئەوەی کە هەردوو پاشگری (ـەر) و (راو) هاوڕێزمان بن، وەك:

– هەردوو پاشگرەکە لە یەك خانەدا دەوەستن و ئەو بنجەی کە وەری دەگرن هەمان بنجە (بنجی ڕانەبردوو).

– هەردوو ئامرازەکە ناتوانن بەیەکەوە و لە هەمان کاتدا بچنە سەر وشەیەك.

–هەردوو پاشگرەکە دەنگی (ڕێی سووك) هەڵ دەگرن. ئەم بەڵگەیە ڕەنگە زۆر لاواز و ڕوواڵەتیی بێت، بەڵام ئەو لێکچوونە هەیە.

– هەردوو پاشگرەکە دەتوانن بەڕاستەوخۆیی پاشگری دووپاتی (ەوە) وەربگرن. بۆ نموونە، ئەگەر چاوگی (نووسین) کرا بەچاوگی (نووسینەوە) ئەوا هەردوو ناوەکەی (بکەر) و (بەرکار) بە ئەم چەشنە دەردەکەون، وەك:

نووسەر-- نووسەرەوە

نووسراو-- نووسراوەوە

لە بەرانبەردا، هەردوو پاشگرەکە لە یەکتری جودا دەبنەوە لە چەند خاڵێکیدا، وەك:

– پاشگری ناوی بەرکار (ـراو) دەمکاتی (ڕابردوو) زاڵ دەکات بەسەر

واتای ناوی بەرکادا، بەڵام پاشگری ناوی بکەر (ـەر) ئاوها نییە.

– پاشگری ناوی بکەر (ـەر) سادەیە و لەیەك ڕەگەز پێك هاتووە، بەڵام پاشگری ناوی بەرکار ئاوها نییە و لە سێ (ڕەگەز) پێك هاتووە (بکەرنادیار، دەمکاتی ڕابردوو، ڕانەبردووی تەواو).

**٨– کارەکانی دەنگی سروشتیی:**

لە زمانی کوردیدا، دەروازەی چاوگی (ئاندن) بەرهەمهایی کراوەیە بەڕووی دەنگە سروشتییەکاندا، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| چریکە | چریکاندن | چریکێنەر |
| نەڕە | نەڕاندن | نەڕێنەر |
| لوورە | لووراندن | لوورێنەر |
| قیژە | قیژاندن | قیژێنەر |
| بۆڵە | بۆڵاندن | بۆڵێنەر |
| زیکە | زیکاندن | زیکێنەر |

لە ڕوانگەی پاشگری ناوی بکەرەوە، چەند سەرنجێك لە ئاستی ئەو نموونانەندا هەیە، وەك:

یەکەم: وەك ئەو دەنگە سروشتیانە بەرهەمهایی چاوگی (ئاندن) پەسند دەکەن، بەرهەمهایی پاشگری (ـەر) پەسند دەکەن.

دووەم: لەبەرئەوەی چاوگی (ئاندن) بەکار هێنراوە پاشگرەکە بەگشتی بەڕووخساری (...ێنەر) دەرکەوتووە.

سێیەم: ناوی بکەر، لە ئەم جۆرە کارەدا، ناتوانێت پاشگری (ـەر) فڕێ بدات، چونکە (بەرکار) وەرناگرێت. بۆ نموونە ، ناوی (نووسەر) دەشێت بکرێت بە(نامەنووس)، بەڵام ئەم دەرگەیە داخراوە بەڕووی وشەیەکدا لە چەشنی ئەوانەی سەرەوە.

چوارەم: بەپێی خاڵی پێشوو، دەرگەی لابردنی پاشگری (ـەر) داخراوە بەرووی ئەو وشانەدا، وەك چۆن داخرابوو بەرووی هەندێك وشەی تردا، وەك (بخۆر، بکەر، ببەر، بدەر،...) ئەم ڕاستییە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی پتەو، چونکە هۆی لانەبردنی پاشگری (ـەر) لە کرۆکی ڕێزمانی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نموونە، لە وشەی (چریکێنەر)دا ناتوانین لایببەین، چونکە (بەرکار)ی (چریکە) بووە بەرەگی کارەکە و کارەکەش پێویستی بە(بەرکار) نییە، تا پاشگری (ەر)ی پێ فڕێ بدات. یان لە نموونەیەکدا، وەك (بکەر)، بنجی کارەکە (کە) هێندە کورت و ناسکە، بەپاشگری (ـەر) پتەوکراو و ناشێت لێی بکرێتەوە. بێگومان، لە هەردوو نموونەی (چریکێنەر و بکەر)دا، لابردنی پاشگری (ـەر) ئەستەمە، ئەگەر بمانەوێت قەوارەی وشەی (ناوی بکەر) بپارێزین.

**٩- پوختەکاری**:

* پاشگری(ـەر) دەچێتە سەر (بنجی ڕانەبردووی کاری تێپەڕ) و بەس، لە بۆ چێکردنی (ناوی بکەر). بەهەمان شێوان، پاشگری (... راو) دەچێتە سەر (بنجی ڕانەبردووی کاری تێپەڕ)، لە بۆ دورستکردنی (ناوی بەرکار).
* ئەگەر ئەو کارەی بەکارهێنرا (تێنەپەڕ) بوو، ئەوا چاوگی (ئاندن) دەکەوێتە کار و ڕەگەزی تێپەڕاندن (ێن) دەهێتە کایەوە. لە ئەم هەلومەرجەدا، هەردوو پاشگرەکە یەك دەگرن لەگەڵ ڕەگەزی (ێن)دا و دەبن بە(...ێنەر) و (...ێنراو).
* پاشگری (...راو) زۆر بەربڵاوە، بەڵام پاشگری (ـەر) زۆر شەرمنە لە دەرکەوتندا، لەبەرئەوەی ئاکاری (بەرکارگری) زاڵە بەسەر ڕێزمانی (ناوی بکەر)دا و ئەو ئاکارە بۆی هەیە، کە پاشگری (ـەر) لاببات.
* لە ئەو کارانەدا کە بنجی رانەبردوویان کورت و ناسکە و تەنیا لە یەك

دەنگی (نەبزوێن) و لە یەك دەنگی (بزوێن) پێك هـاتووە، پـاشگری (ـەر) بنیـادی بنجەکە پتەو دەکات و هـەر لەبەرئەوە، بە هیچ جۆرێك لە وشەکە نـابێتەوە، وەك (بخۆر، بکەر، ببەر، بدەر،...).

* لە کارەکانی دەنگی سروشتیدا، نـاتوانرێت پـاشگری (ـەر) لە (نـاوی بکەر) بکرێتەوە، چونکە بەرکارەکە بووە بەرەگی کارەکە و نـاتوانین بەرکارێکی تر بکەین بەسەربار. یان ئەگەر دەست بدەین لە بنجی کارەکە، ئەوا قەوارەی کارەکە خاپوور دەبێت. هەر لەبەر ئەو هۆیە نـاوی بکەری وەك (چریکێنەر، زریکێنەر، لوورێنەر، نەڕێنەر، قیژێنەر،...) نـاتوانن لە هیچ هەلومەرجێکدا لە پـاشگری (ـەر) دەربـاز ببن.

* لە تەرازووی (وشەی ڕۆنـان) و(زاراوەسازیی)دا، هـەر دوو پـاشگری (ـەر) و (...راو)، نـاوی بکەر و نـاوی بەرکار چێ دەکەن و دەرگە بەراییەکانی (وشەی ڕۆنراو) دەکەنەوە. هەر لەبەرئەو هۆیە، دەشێت بـایەخ بەپـاشگری نـاوی بکەر (ـەر) بدرێت و ببووژێنرێتەوە و هـاوسەنگ بکرێت بە ئەو بڕشتەی کە پـاشگری(... راو) دەیبەخشێت بەوشە ڕۆنـان. بۆ نموونە، بۆ هـەر کـارێکی تێپەڕ، نـاوی بکەر ، نـاوی بەرکار بخرێتە ڕوو، وەك:

نووسەر
نووسین ← 
نووسراو

یـان

سووتێنەر
سووتـاندن ←
سووتێنراو

* پـاشگری (ـەر) ڕەگێشەیەکی کۆن و ڕەسەنی هـەیە، بەڵام لە ئـاخـاوتنی کـوردیـدا. بـەهـرەی (بـەرکـارگـری) زۆر لـێ کـردووە و لـە دەرکـەوتـنـدا

شەرمنی کردووە، مەگەر لە هەلومەرجی تایبەتیدا. واتە، ناوی بکەر حەز دەکات لەگەڵ (بەرکار)ەکەی جووت ببێت وەك:

(نامەنووس)، لە جیاتی (نووسەر).

لە سەدەی بیستەمدا، لە تان و پۆی زمانی نووسیندا، برەوی پتر بەناوی بکەری(رەها لە بەرکار) دراوە. وەك: (نووسەر، بینەر، بیسەر...).

* ناوی بکەر و ناوی بەکار، حەز لە دیاردەی (تەرخانکردن) دەکەن، چونکە وەك (ئاوەڵناو) ڕەفتار دەکەن، وەك:

نووسراو ⟵ (ناو) نووسراو

نووسەر ⟵ (ناو) نووس

هەر لەبەرئەوە، دەشێت هەردوو (ناوی بکەر) و (ناوی بەرکار) بکەین بەباتلۆیەکی پتەو بۆ چینەکانی بەرزتر، لە وشە ڕۆناندا.

* وەك پاشگری ناوی بەرکار(... راو) توخمی (بکەر نادیاری) دەبەخشێت بەدارِشتەکەی پاشگری ناوی بکەر(ـەر) واتای (بکەر دیاری) دەسەپێنێت بەسەر ناوی بکەردا.

* پێ دەچێت کە کەرەستەی ناوی بکەر (ـەر) هەر تەنیا لە یەك ڕەگەزی ڕێزمانی پێك هاتبێت، بەڵام کەرەستەی ناوی بەرکار (... راو) بەریزە لە سێ ڕەگەز پێك هاتووە، وەك [ڕەگەزی بکەر نادیار (ر)، نیشانەی ڕابردوو(ا)، نیشانەی ڕابردووی تەواو (و)]. ڕەنگە ئەم ڕاستییە بریتیبێت لە خاڵێکی لاوازی، بۆ ئەو بەراوردەی کە ئەم نووسینەدا ئەنجام دراوە.

**سەرچاوە:**


–د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شرۆڤەکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.

– د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری، بەغدا ١٩٩٢.


* گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢١٨/ ٢٠٠٧) ل (١٧٣–١٧٩)

## ٨

# گرینگی "بەرکار" لە ئاستی ڕێزمانی کار و ڕێزمانی چاوگدا

**١- دەستپێك:**

لە ئەو کاتەوە کە ئێمە دەستمان داوەتە توێژینەوە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا، کۆڵکەی (بەرکار) وەك ڕەگەزێکی گرینگ و بایەخدار هاتووەتە پێش چاومان لە چەندین جێدا گرینگی ئەم کۆڵکەیە دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ڕێزمانی (چاوگ)دا. هەر بۆ نموونە وەك چۆن چاوگی (نووسین...) هەیە هەر ئاوهاش چاوگی (نامە نووسین ، وتارنووسین، هۆنراوە نووسین، هەواڵ نووسین...) هەیە. بەسەرنجێکی هورد و زرنگ لە ئەو نموونانە دەبینین کە چاوگی (نووسین) خانەیەك هەڵدەگرێت و ئەو خانەیەش دەرگەکەی کراوەیە بەڕووی کۆڵکەی (بەرکار)دا ، بەواتایەکی تر لە ئاستی هەر (بەرکار)ێکدا دیوێکی تر لە چاوگی (نووسین) پەیدا دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چاوگانە بەڕاستەوخۆیی دەبن بەنوێنەری ئەو ڕستانەی کە ئەو (بەرکار)ە هەڵدەگرن. لە لایەکی ترەوە، دەبینین کە ئەو چاوگانە سیمای (کار)یان پێوە دیارترە لە سیمای (ناو)، هەر بۆ نموونە چاوگی (نامەنووسین) جیاوازە لە دەستەواژەی (نووسینی نامە). ئەوەی یەکەمیان سیمای ڕستەیەك هەڵدەگرێت لە چەشنی (من نامە دەنووسم)، چونکە وشەی (نامە) بەهەمان ڕێزمانی کاری (نووسین) وەك کۆڵکەی بەرکارە چی لە ڕستەکەدا و چی لە چاوگی (نامە نووسین)دا، بەڵام لە دەستەواژەی (نووسینی نامە)دا هەڵوێستەکە جیاوازەو دوو (ناو) بەئامرازی (ی) بەستراون بەیەکەوە هەر لەبەر ئەو هۆیانە دەشێت چاوگێکی وەك (نامە نووسین) ناوبنرێت (چاوگی بەرکاردار) و جودا بکرێتەو لە جۆرەکانی تر. لە هەندێك چاوگیشدا کۆڵکەی (بەرکار) واتای

کـارەکـە دەگـۆڕێت، هــەر بــۆ نموونــە واتــای چــاوگــی (سوێنـد خـواردن) و (خەفەت خواردن) جیاوازە لە واتای چاوگی (خواردن) و (نان خواردن). هەر لەبەرئەوە، پێویستە دەروازەیەك بکەینەوە بۆ کۆڵکەی (بەرکار) لە ڕێزمانی چاوگدا، چونکە واتای چاوگ دەگۆڕێت.

**٢- چاوگ وەك کوانوویەك لە بۆ ڕێژەکانی کار:**

لە نێو فەرهەنگی زماندا ناشێت و نابێت گشت ڕیژەکان تۆمار بکەین، دەبێت ئەو چاوگە دیاری بکەین کە گەردان دەکرێت و ئەو ڕێژانەی لیّ دروست دەبــن. هــەر بــۆ نموونــە چــاوگــی (خـواردن) ڕێزێك لـە ڕێژەی ڕستەسازیانە دەخاتەوە، وەك:

من دە (خۆ)م

من (خوارد)م

من دەم (خوارد)

من (خواردبوو)م

من (خواردوو)مە

ئــەو ڕێژانــەی کــە بــەکــەوانــە دیــاری کـراون دەگـەڕێنـەوە بـۆ چـاوگـی (خواردن) و دەشێت چاوگەکەیان بکەین بەنوێنەریان لە نێو فەرهەنگدا و لــە تــەنیشتی وشەکەوە هـێمـای (کـار) دیـاری بکـەیـن. ئـەمـەش بـۆ ئـەوەی بـگـەڕێینـەوە بـۆ پـاشکـۆی فـەرهـەنگـەکـە و لـە ئـەوێدا گـەردانـنـامـەی گشت ڕێژەکانی ئەو کارە ببینین. لە لایەکی ترەوە، دەشێت وشەی (خواردن) وەك نـاوی چـاوگ بـەهـێمـایـەك دیـاری بکـەین لـە لایـەوە. لـە ڕاستیدا، وشەی چاوگ، چی لە بۆ کاری (خواردن) و چی لە بۆ هەر چاوگێك لە زمانەکەدا، ئەوە پەسند دەکات کە وەك (کار) و کە وەك (ناو) سەودا بکرێت. لە زمانی فەرەنسییدا ناوی چاوگ دادەنرێت و بەهێمای (کار) دیاری دەکرێت. هەر بۆ نموونە بۆ کاری (خواردن) دەنووسرێت (manger) و لە تەنیشتەوە

هێمای (کار) دادەنرێت و لە پاشکۆی فەرهەنگەکەشدا، گەردانن‌مەی گشت ڕێژەکانی ئەو کارە دیاری دەکرێت. لە زمانی ئینگلیزیدا، چاوگی (to eat) بەکاردەهێنرێت، پاشان وەك وشەی (to) گشتییە لادەبرێت و دەکرێت بە(eat) و هێمای کاریش لە لایەوە دادەنرێت. تەنانەت لە زمانی فەرەنسییدا فەرهەنگ هەیە بۆ گەردانن‌امەی گشت کارەکان کە ژمارەیان نزیکەی دوازدە هەزارە. یان لە زمانی ئینگلیزیدا هەمان فەرهەنگ هەیە بۆ شەش هەزار کار. لە زمانی کوردیشدا، مامۆستای پایەبەرز (توفیق وەهبی) ئەو جۆرە گەردانن‌امەیەی پەیڕەو کردووە، یان مامۆستا (عەبدوڵا شاڵی) ڕابەرێکی بڵاوکردووەتەوە بۆ کارەکانی زمانی کوردی.

**٣- بەرکار لە ئاستی چاوگدا:**

لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە گۆشەنیگای (بەرکاری ڕستە)وە لە (چاوگ) بڕوانین و هەندێك لە ئاکارە ڕەسەنەکانی زمانەکەمان دەبینین. لە ڕاستیدا زمانەکەی ئێمە زۆر حەز لە بەکارهێنانی (بەرکار) دەکات. تەنانەت هەندێك جار کۆڵکەی (بەرکار)ی ڕستەکە واتای کارەکە دەگۆڕێت، وەك:

(نان) خواردن

(سوێند) خواردن

(داش) خواردن

(بەش) خواردن

(خەفەت) خواردن

(خەم) خواردن

لە ئەم نموونانەدا، وشەی بەرکار (نان، سوێند، داش، بەش، خەفەت، خەم)، واتای کاری خواردنی دابەش کردووە و ئەگەر (بەرکار)ەکە لابەین، ئەوا واتایەك دەچەسپێت لە چەشنی نموونەی یەکەم (نانخواردن)، وەك:

(نان) خواردن

(گۆشت)خواردن

(کولیچە) خواردن

(میوە) خواردن

(سەوزە)خواردن

(کێك) خواردن

(کەباب) خواردن

(...) خواردن

لە ئەم نموونانەدا هەرچەندە وشەکانی (نان، گۆشت، کولیچە، میوە، سەوزە، کێك، کەباب،...) بریتی بن لە (بەرکار)، بەڵام واتای کاری (خواردن)یان دابەش نەکردووە و ڕووداوی فیزیاوی کارەکە پتەوە و زیندووە و بنجییە. لە ئەم ئاستەدا، دەتوانین دوو نموونە بخەینە بەر بەراورد، وەك:

نموونەی یەکەم: (نان) خواردن

نموونەی دووەم: (سوێند) خواردن

لە نموونەی یەکەمدا، وشەی (نان) بریتییە لە (بەرکاری ڕستەسازیانە) و بەس. لە نموونەی دووەمدا وشەی (سوێند) لە لایەکەوە بریتییە لە (بەرکاری ڕستەسازیانە). لە لایەکی ترەوە بریتییە لە کۆکلەیەکی (واتاسازییانە) کەواتە، وشەی (سوێند) هەم (بەرکار)ە و هەم (واتا گۆڕ). لە ئەم جۆرە بەکارهێنانەدا ، واتای وشەی (سوێند) دەبێت بە(واتا بەست) لە بۆ واتای پەنامەکی لە کاری (خواردن) دا. ئەوەش لە یاد نەکەین کە لابردنی وشەی (سوێند) دەبێت بەهۆی لابردنی واتای (سوێند خواردن) و گەڕاندنەوەی واتی کاری (خواردن) بۆ (خواردن)ی ئاسایی. لە نموونەی یەکەمدا، لابردن و لانەبردنی وشەی (نان) هیچ ناگۆڕێت لە واتای کاری

(خواردن). بێگومان، ئەم دیاردەیە بریتییە لە بەڵگەیەکی بەکار لە بۆ میکانیزمی (واتا گۆڕکێ) بەوشەی (بەرکار). بەواتایەکی تر، کۆلکەی (بەرکار) گرینگییەکی واتاسازیانەی خۆی هەیە، چونکە ناتوانرێت لاببردرێت لە هەندێك (کار)دا، یان لە هەندێك (چاوگ)دا. کەواتە کاتێك کە چاوگی (خواردن) ئاوەژوو بوو بەکۆڵکەیەکەوە وەك بەرکاری (سوێند)، واتاکەی دەگۆڕێت و دەرگەی کارێکی تر دەکاتەوە، کە پێوەندی بەکاری (خواردن)ەوە نییە. تەنانەت لە زمانانی تریشدا، کاری (سوێند خواردن) کارێکی سەربەخۆی هەیە.

**٤- بەراورد لەگەڵ زمانی عەرەبیدا:**

لە زمانی کوردیدا، دەشێت چاوگی (کار) لەگەڵ (بەرکار)دا، بەدوو جۆر بنووسین، وەك:

جۆری یەکەم: نان خواردن

جۆری دووەم: خواردن(ی) نان

لە جۆری یەکەمدا، وشەی (نان) بریتییە لە (بەرکار) و لەسەر پلیکانەی کاری (خواردن) دانیشتووە. لە جۆری دووەمدا، وشەی (خواردن) وەك ناوێك سەودا کراوە و ئەو ناوە بەئامرازی بەستن (ی) جووت کراوە لە ناوێك لە چەشنی (نان). کەواتە، ئەم دەستەواژەیە هاوڕێزمانە لەگەڵ دەستەواژەیەکدا، وەك (ئاوی ڕووبار). لە زمانی عەربیدا، هەردوو نموونەکە بەرانبەر بەواتای (اكل الخبز) دەوەستن. کەواتە، زمانەکەی ئێمە جۆرە چاوگێکی هەیە و ئەو جۆرە چاوگە دەتوانێت (بەرکاری ڕستە) لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت. هەر بۆ پراوە، وەك چۆن چاوگی (خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

من دەخۆم

من خواردم

من دەم خوارد

من خواردبووم

من خواردوومە

هەر ئاوەهاش، چاوگی (نان خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانە:

من (نان) دەخۆم

من (نان)م خوارد

من (نان)م دەخوارد

من (نان)م خواردبوو

من (نان)م خواردووە

یان، بەهەمان شێوە چاوگی (سوێند خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانە:

من (سوێند) دەخۆم

من (سوێند)م خوارد

من (سوێند)م دەخوارد

من (سوێند)م خواردبوو

من (سوێند)م خواردووە

ئێستا، ئەگەر ئەو سێ دەستە نموونەیە بەراورد بکەین، دەبینین کە دەستەی سێیەم لە واتای بنجی کاری (خواردن) لای داوە و واتایەکی تری هەڵبەستووە، کە ناتوانرێت بەراورد بکرێت، بەشێوەیەکی بنجی، بەهەمان واتا لە زمانێکی تردا. کەواتە، کۆڵکەی (بەرکار) لە ڕوخساری چاوگدا نرخی خۆی هەیە و دەتوانرێت واتای تازە پەیدا بکات.

**٥- بەرکار لە چاوگی تێنەپەڕدا:**

لە ئەو نموونانەدا کە لە پێشەوە باسکران، تەنیا هەر کاری (تێپەڕ) سەودا

کرا، وەك: (–) خواردن: (نان) خواردن: (سوێند) خواردن

لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە چاوگە هەر لە ئاستی چاوگی (تێپەڕ)دا برەویان هەیە و لە ئاستی چاوگی (تێنەپەڕ)دا ئەو میکانیزمە چالاکی نانوێنێت، مەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە بکەین بە(تێپەڕ). بۆ نموونە، کاری (سووتان) کە تێنەپەڕە دەشێت بکرێت بەتێپەڕ (سووتاندن) و ئەوسا (بەرکار) وەربگرێت، وەك (دارسووتاندن). لەگەڵ ئەوەشدا، میکانیزمی تێپەڕاندنی کاری تێنەپەڕ، وەك (سووتان: سووتاندن) بریتییە لە میکانیزمێکی والا بەڕووی کارە تێنەپەڕەکاندا. کەواتە، گشت کارە تێنەپەڕەکانیش دەتوانن (بەرکار) جووت بکەن لەگەڵ (چاوگ)، یان دەتوانین بڵێین، جووت بوونی (بەرکار) لەگەڵ چاوگدا بریتییە لە دیاردەیەکی گشتگر، بەڕاستەوخۆیی بۆ گشت چاوگە تێپەڕەکان و بەناڕاستەوخۆیی بۆ گشت کارە تێنەپەڕەکان. لە ڕێزمانی کوردیدا، ئەم جۆرە چاوگە بە(چاوگی لێکدراو) ناسراوە و ئەم وشانەش کە لە ئەم چاوگەوە گەردان کراون، بە(وشەی لێکدراو) ناسراون. واتە، بەهیچ جۆرێك باسی وشەی (بەرکار) ناکەن و لەگەڵ زۆر بابەتی تردا تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. خۆزگە ڕێزمانونووسان و مامۆستایانی زمانی کوردی دانیان بە ئەو ڕاستییەدا دەنا کە کاری زمانی کوردی دیاردەی (بەرکارگری)ی تێدا بەرجەستەیە و ئەو دیاردەیە برشت و بزاڤی دەخاتە گەڕ و چاوگی (بەرکاردار) پەیدا دەکات. ئەمجا لە ئەو جۆرە چاوگەوە بزاڤی واتاسازی و وشەسازی دەکەوێتە بزاوتن. خۆزگە مامۆستایانی بەڕێز هەنگاوی سفریان لە پەڕێزی چاوگدا دەکردەوە و ڕۆڵی (بەرکار)یان لە ئەو پەرێزەدا بدیبا، تا هەنگاوەکانی پاش (هەنگاوی سفر) بەقنجی و بەخنجی دەکرانەوە. هەر لە بۆ پراوە، ئەگەر وشەی (دار) لە چاوگی (دارسووتاندن)دا بەبەرکار بناسین، ئەوا لە ئەم وشانەش هەر بە(بەرکار) دەیناسین، وەك: (دارسووتاندوو، دارسووتێنراو، دارسوتێنەر، دارسووتاو، دارسووتێن،... تاد)

بێگومان ئەم دیاردەیە گشتگرە و بەربڵاوە و ڕووبەری زمانی نووسین پڕ دەکاتەوە. هەر لەبەرئەوە دەشێت ڕێگە دژوار و نووتەکەکانی نێو ڕێزمانی کوردی پێ کورت بکەینەوە و منداڵانمان دەرباز بکەین لە ڕێزمانێکی بێ ڕێسا و بێ بنەما .

**٦- نموونەیەکی سەیر و دژوار:**

لە ئەو کۆپلانەدا، کە لە پێشەوە باس کران، ئەوە دووپات دەکرایەوە کە تەنیا هەر چاوگی تێپەڕ بۆی هەیە کە (بەرکار) هەڵ بگرێت، وەك:

خواردن: نان خواردن

سووتاندن: دارسووتاندن

لە بەراوردکردنی ئەو نموونانەدا، دەرکەوت کە کاری تێنەپەڕیش دەتوانێت (بەرکار) هەڵبگرێت، وەك:

(ماڵ) سووتان، (جەرگ) سووتانە

(ناوك) کەوتن، (میوان) هاتن،...

بێگومان، ئەگەر ئەو وشانە (بەرکار) نەبان، ئەوا نەیان دەتوانی لەگەڵ چاوگ ڕیز ببن. هەر لەبەرئەوە، دەشێت ئەم دیاردەیە حەشارگەی جۆرێکی تر لە میکانیزمی (تێپەڕاندن) بدۆزێتەوە و کارە تێنەپەڕەکان بەجۆرێکی تر وەربچەرخێن بەدیوی (تێپەڕ)دا، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| من | | م | |
| تۆ | | ت | |
| ئەو | (ماڵەکە) | ی | سووتا |
| ئێمە | | مان | |
| ئێوە | | تان | |
| ئەوان | | یان | |

لە ئەم میکانیزمەدا، ڕستەی تێنەپەڕی (ماڵەکە سووتا) وەرچەخاوە بەسەر هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکەدا وشەش ڕستەی تێپەڕ ئاسای چێ کردووە لەسەر ئاسەواری ڕستەیەکی تێنەپەڕ. واتە، چەند گۆڕانکارییەك بەسەر ڕستە تێنەپەڕە بنجییەکەدا هاتووە، وەك:

یەکەم: شەش جێناو بۆ هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە بار کراون کە ڕۆڵی (بکەر) بگێڕن، وەك:

من: (م)

تۆ: (ت)

ئەو: (ی)

ئێمە: (مان)

ئێوە: (تان)

ئەوان: (یان)

دووەم: ئەرکی ئەو جێناوانە ئەوەیە کە ببن بەخاوەنی بکەری ڕستەکە و لە ئاستی خۆیاندا بیکەن بەچەشنێك لە (بەرکار) و لە ئاستی کارەکەشدا، هەر بە(بکەر) بمێننەوە.

سێیەم: بە ئەم کردەوەیە، ڕێچکەیەکی تری سێنتاکسی دەدۆزرێتەوە و لە ئەو ڕێچەکەیەدا خاوەنێك پەیدا دەبێت لە بۆ ئەو وشەیەی کە دەکەوێتە پاڵ چاوگە تێپەڕەکە، وەك:

ماڵ سووتاو: ئەو کەسەی خاوەنی ماڵە سووتاوەکەیە

ئەگەر ئەم نموونەیە بەبەراوردەوە بخەینە بەرانبەر کارێکی تێپەڕ، وەك (ماڵ سووتاندن)، ئەوا هەردوو واتاکە لە یەکتری جودا دەبنەوە:

ماڵ سووتاندوو: ئەو کەسەی کە بکەرە لە ئاستی بەرکاری (ماڵ)دا.

کەواتە لە ناوی (ماڵ سووتاو)دا، وشەی (ماڵ) ئەگەر (بەرکار) بێت

بەخاوەنییەتی بووە بە(بەرکار)، یان لە ناوی (ماڵ سووتاندوو)دا، وشەی (ماڵ) بریتییە لە (بەرکار)ێکی بنجی.

چوارەم: بەپێی ئەوەی کە لە خاڵەکانی سەرەوەدا گوترا، دەشێت (بکەری ڕستە)، کە بریتییە لە (ماڵ) وەك (بەرکار) لەگەڵ چاوگدا جووت بێت، وەك (ماڵ سووتان)، ئەگەر ڕێژە گەردان کراوەکان بەجێناوی خاوەنییەتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە ڕستەسازیدا سەودا کرابن.

پێنجەم: ئەو جێناوانەی کە دەچنە سەر بکەری ڕستەکە، چەند ئاکارێك هەڵ دەگرن:

– لە بکەری ڕستەکە (ماڵ) نابنەوە و ناهێڵن کە (بکەر)ی ماڵ لابېردرێت، یان بکرێت بەجێناوی لکاو.

– جێگۆڕکێ ناکەن و لە ڕابردوو و ڕانەبردوودا، هەر بە هەمان ڕوخساری (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەمێننەوە.

**٧- وشەی (خۆ) لە ئاستی چاوگدا:**

لە ناوەڕۆکی ئەم نووسینەدا، گرینگیی کۆڵکەی (بەرکار) لە ئاستی (ڕێزمانی کار) و (ڕێزمانی چاوگ)دا دەرخراوە. هەر بۆ نموونە دەگوترێت:

من (–) دەنووسیم: من (نامە) دەنووسم

تۆ (–) دەنووسیت: تۆ (نامە) دەنووسیت

ئەو (–) دەنووسین: ئەو (نامە) دەنووسێت

ئێمە (–) دەنووسین: ئێمە (نامە) دەنووسین

ئیوە (–) دەنووسن: ئێوە (نامە) دەنووسن

ئەوان (–) دەنووسن: ئەوان (نامە) دەنووسن

ئەم دوو سێتە ڕستەیە برتیین لە ڕێژەکانی دەمکاتی ڕانەبردوو.

سێتەکەی ڕاست دەگەڕێتەوە بۆ چاوگی (نووسین)، بەڵام ئەوەی دەستە چەپ دەگەڕێتەوە بۆ چاوگی (نامە نووسسین). بەواتایەکی تر، لە نموونەکانی دەستە ڕاستدا ڕێزمانی چاوگی (نووسین) بەرجەستەیە، بەڵام لە نموونەکانی دەستە چەپدا، ڕێزمانی چاوگی (نامە نووسین) بەرجەستەیە. کەواتە چاوگی تێپەڕی (نووسین) خانەیەکی چۆڵی هەڵگرتووە بۆ (بەرکار)ی ئەو ڕستانەی کە لە پەرێزەکەیدا گەردان کراون، وەك:

[(...) نووسین]:
[ (نامە) نووسین]
[(وانە) نووسین]
[(هەواڵ) نووسین]
[(وتار) نووسین]
[(هۆنراوە) نووسین]
[(...) نووسین]

لە ئەم ئاستەدا دەشێت وشەی (خۆ)یش وەك (بەرکار) سەودا بکەین، وەك:

[(–) نووسین]: [(خۆ) نووسین]

بێگومان، داننان بە ئەم جۆرە چاوگە بەرجەستەیەدا بریتییە لە یەکێك لە ئەو کەڵکە گەورانە کە (بەرکار) دەیخاتە سەر ڕێزمانی (چاوگ). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە چاوگە دەرگەیەك دەکاتەوە، بۆ ئەو کارانەی کە (بکەر) و (بەرکار) بۆ هەمان کەسی ڕێزمانی دەگەڕێنێتەوە، وەك:

تۆ خۆت دەشۆریت؟

تۆ خۆت دەنووسیت؟

تۆ خۆت دەگریت؟

لە ئەم ڕستانەدا، دەستەواژەی (خۆت) لە بەرکاری ئاسایی دەچێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەڕێزمانی (کاری خۆیی) هەنگاو بکەینەوە، دەشێت جێناوی (ت) لابببەین، وەك:

تۆ خۆ(–) دەشۆریت؟

تۆ خۆ(–) دەنوسیت؟

تۆ خۆ (–) دەگریت؟

بێگومان ئەم ڕستانەی دوایی کاری خۆیی هەڵ دەگرن، وەك (خۆشۆرین، خۆ نووسین، خۆگرتن) و ئەم چاوگە خوییانە ڕووبەرێکی گەورەتر دەبەخشن بەڕێزمانەکە و مەودا و بڕشتی بەرزدەکەنەوە. هەر بۆ نموونە، لەسەر ئەندازەی (جل شۆر، نامەنووس، هەواڵ گر)، ڕێزێك وشەی تر هەیە لە چەشنی (خۆشۆر، خۆنووس، خۆگر). یان، لە ئەم وشانەوە، کە بریتیین لە (ئاوەڵناو)، ناوی واتایی هەیە، وەك (خۆشۆری، خۆنووسی، خۆگری)، لەسەر ئەندازەی (جل شۆری، نامە نووسی، هەواڵگری).

سەبارەت بە گرینگی ئەو ئاڵوودەبوونەی (کار) بە(بەرکار)ەوە، دەشێت بەچاوی ڕێزەوە بڕوانین لە (بەرکار)، بەتایبەتی لە بواری (زاراوەسازی)دا، چونکە ئەو کۆڵکەیە کاریگەری خۆی لە واتای کارەکاندا دەردەخات.

### ٨- پوختەکاری:

لە ڕووبەری ئەم نووسینەدا، چەند بەرەنجامێك هەیە و دەشێت بیانخەینە بەر پوختەکاری و ڕیزیان بکەین و لێیان بدوێین، وەك:

* لە ڕێزمانی ئاڵۆز و دژواری کاردا، وا پێ دەچێت کە دیاردەی (بەرکارگری) بڕشتی زۆر بێت، چونکە (چاوگ) حەزی لە (بەرکار) گرتنە و هەروەك ڕستە (بەرکار) دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیگوزەرێنێت.

* کۆڵکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر (چاوگ) لەگەڵ ئەو جۆرە (بەرکار)ەدا بخرێتە نێو لاپەڕەی فەرهەنگەوە، چونکە واتا دەگۆڕێت. بۆ نموونە کۆڵکەی بەرکار (سوێند) کە چووەتە سەر کاری (خواردن). بەهەردووکیان واتای کارێکی تازەیان پەیداکردووە.
* لە ڕێزمانی چاوگدا، کۆڵکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر چاوگی (تێپەڕ). لە چاوگی (تێنەپەڕ)دا، بکەری ڕستە بۆی نییە بچێتە سەر چاوگ، مەگەر بە(خاوەنێتی). لە ئەم میکانیزمەدا کۆڵکەی (بکەر) سیمای (بەرکار) هەڵدەگرێت و بکەری ڕستەکە دەبێت بەخاوەن.
* بەپێی خاڵی پێشوو، جۆرێکی تر لە دیاردەی (تێپەڕاندن) پەیدا دەبێت. هەر بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (ماڵ سووتاو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە خاوەن ماڵە سووتاوەکەیە، نەك بۆ واتایایەك لە چەشنی (ماڵی سووتاو) بەڕاستەوخۆیی و بەتێنەپەڕی.
* چاوگی (بەرکارگر) بریتییە لە یەکێك لە ئاکارە گرینگ و کاریگەرەکانی ڕێزمانی کوردی. لە ئەم ڕووەوە، دەشێت بایەخ بە ئەم جۆرە کارە بدرێت.
* چاوگی (بەرکارگر) بۆی هەیە وەك کەرەستەیەکی بەرکار و بلیمەت بگاتە نێو بزاڤی (زاراوەسازی) و پسپۆڕانی ئەو بوارە کەڵکی گەورەی لێ وەربگرن.
* وەك ڕستەکانی هەر چاوگێك (بەرکار) وەردەگرن لە بزاڤی ڕستەسازیدا، هەمان چاوگ بۆی هەیە کە هەمان (بەرکار) لەگەڵ خۆیدا ڕێك بخات و جووتی بکات بەخۆیەوە.
* لە نموونەیەکدا وەك (نامە نووسین) پێوەندی نێوان هەردوو وشەی (نامە) و (نووسین) لە پەرێزی ڕێزمانی کاردایە، هەرچەندە کۆی هەردوو وشەکە (ناوی چاوگ) پێك دەهێنن.
* وشەی چاوگ، وەك (خواردن) خانەیەکی (بۆش) هەڵدەگرێت بۆ (بەرکار)و هەر بەرکارێکی (بەجێ) بۆی هەیە ئەو خانەیە پڕ بکاتەوە،

بەڵام هەندێك لە ئەو بەرکارانە واتایەکی تازە پەیدا دەکەن. هەر بۆ نموونە، لە (میوەخواردن، نان خواردن، شیرینی خواردن)دا دیاردەی (واتا گۆڕین) لە ئارادا نییە، بەڵام لە (سوێند خواردن، خەم خواردن، خەفەت خواردن،)دا، واتا گۆڕین هەیە. بەواتایەکی تر، ئەم چاوگانەی دوایی دەبێت بە(بەرکار)ەوە بچنە نێو بزاڤی ئاخاوتنەوە، چونکە واتاکانیان، بە ئەو (بەرکار)ەوە بەرجەستە دەبێت کە هەڵیان گرتووە.

* وشەی (خۆ) بۆی هەیە ببێت بە(بەرکار) و وەك کۆڵکەی (بەرکار)یش بچێتە سەر (چاوگ). لە ئەم بزاڤەدا، دیوێکی تر لە چاوگ پەیدا دەبێت و دەشێت ناو بنرێت (چاوگی خۆیی) یان (کاری خۆیی)، وەك (خۆکوشتن، خۆنووسین، خۆ گرتن...) بێگومان ئەم جۆرە چاوگە واتاکەیان ترازاوە و لای داوە لە ڕێچکەی واتا بنجییەکەیان.
* لە ڕێژەکانی (کاری خۆیی)دا، دەشێت جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لاببەین. واتە، لە جیاتی ئەوەی بڵێین (ئێمە خۆمان دەشۆین)، بڵێین (ئێمە خۆ دەشۆین).
* بزاڤی (بەرکارگری) زۆر زەقە و ئاشکرایە بەزمانەکەوە، کەچی ڕیزماننووسان نەیانخستووەتە نێو وانەی ڕێزمانەوە، چونکە لە ئەو زمانانەدا کە دەیزانین، ئەو دیاردەیە بە ئەو چەشنە خەست و گرینگ نییە.

**سەرچاوە:**


١- عەبدوڵا شاڵی، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فەرمان، بەغدا، ١٩٧٦.

٢- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا، ٢٠٠٤.

3- T. Wahby & C. J.Edmonds, Kurdish- English dictionary, Osford university press, u.k 1966.

4- Le nouveau Bescherelle 1, lart de conjuguer, dictionnaire de (12000) verbs, Hatier, paris 1980.



* گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٢٠٠٧/١١٦)، ل (١٠٩-١١٥).

# ٩

# بزاڤی بەرکارگری وەك دیاردەیەکی مۆرفۆسنتاکسی لە وشە ڕۆناندا

**١- دەستپێك:**

لە زمانی کوردیدا، هەندێك دیاردەی ڕێزمانی هەیە، کە مۆرکی ڕێزمانی تایبەت هەڵدەگرێت. یەکێك لە ئەو دیاردانە بریتییە لە دیاردەی (بەرکار گری)، یان دیاردەی (واتا بەستی) بەکۆلکەی (بەرکار). واتە، بەرکاری ڕستە، کە بریتییە لە کۆلکەیەکی ڕستەسازییانە، دەپەڕێتەوە بۆ سەر چەند وشەیەك، وەك کۆلکەیەکی وشەسازییانە. بۆ نموونە، چەند لە ڕستەیەکدا، وەك(١):

من (نامە) دەنووسم

تۆ (نامە) دەنووسیت

ئەو (نامە) دەنووسێت

ئێمە (نامە) دەنووسین

ئێوە (نامە) دەنووسن

ئەوان (نامە) دەنووسن

وشەی (نامە) بریتییە لە کۆلکەی (بەرکار)، بەڕستەسازی. بەرانبەر بە ئەو نموونانە، دەتوانین بڵێین چاوگێکی بنجی بەکار هێنراوە، وەك

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ بابەتی (٨)، چونکە هەردوو بابەتەکە لەسەر هەمان مژار نووسراون.

(نووسین). له هەمان کاتدا، دەشێت کۆلکەی بەرکار (نامە) بەتان و پۆی بەرکارییەوە بپەڕێتە سەر چاوگی (نووسین) و بیکات بە(نامە نووسین). لە ئەم جۆرە چاوگەدا، بەرکاری (نامە) بووە بە (تەرخانکەر) و چاوگی (نووسین)ی تەرخان کردووە بۆ (نامە نووسین) بۆ ئەوەی جودا ببێتەوە لە چاوگی تر، وەك (وتار نووسین، هەڵبەست نووسین، ڕاسپاردە نووسین، ناو نووسین،...). سەرەڕای ئەوە، ئەوەی سەیرە و ڕووی مۆرکایەتی لە ئەم جۆرە ڕێزمانەدا دەردەخات، ئەوەیە کە ئەم جۆرە چاوگە تەرخان کراوە لە زمانانی تردا دەگمەنە، چونکە کۆلکەی (بەرکار) ناتوانێت ئەو ئەرکە سنتاکسییە بگوێزرێتەوە بۆ سەر ئەو ناوانەی کە لە (کار)ەوە ڕۆنراون. بۆ نموونە، بەرانبەر بەدەستەواژەی (نووسینی نامە) لە عەرەبیدا (كتابة الرسائل) هەیە، بەڵام بەرانبەر بەچاوگی تەرخان کرا و (نامە نووسین)، هاوشێوەی نییە، مەگەر هەمان دەستەواژەی (کتابە الرسائل).

**٢- چاوگی تەرخانکراو بە(بەرکار):**

بەرانبەر بەچاوگی بنجی وەك (گرتن)، کۆلکەیەکی ڕستەسازییانەی وەك (بەرکار) بۆی هەیە چەندین واتا ببەستێت بەواتای کاری (گرتن)ەوە، وەك:

| چاوگی بنجی | چاوگی تەرخانکراو |
|---|---|
| گرتن | (خۆ) گرتن |
| | (جێگە) گرتن |
| | (مان) گرتن |
| | (ڕێگە) گرتن |
| | (ڕێ) گرتن |
| | (گۆشت) گرتن |
| | (توخم) گرتن |
| | (کەڵ) گرتن |
| | (زمان) گرتن |
| | (پێ) گرتن |
| | (...) گرتن |

لە ئەم ڕووەوە، ئەگەر ئەو نموونانەی سەرەوە وەربگێڕین بۆ زمانی (عەرەبی)، ئەوا بەپەرێزی چەند کارێکدا دەڕۆین و ئەمجا و دەتوانین واتاکانیان لێك بدەینەوە. هەر بۆ نموونە، (خۆگرتن) واتای (تماسك) یان (مقاومە) هەڵدەگرێت. یان وشەی (جێگە گرتن) واتا (حجز) هەڵدەگرێت. یان جارێکی تر وشەی (ڕێ گرتن) واتای (منع) دەداتەوە. یان (توخم گرتن) واتای (إخضاب) دەداتەوە. کەواتە، لە زمانی کوردیدا، کۆلکەی (بەرکار)ی ڕستەسازییانە، لە ئاستی وشەسازییدا وشە نوێ دەخاتەڕوو و لە ئاستی واتاسازییدا واتای کارەکە دەبەستێتەوە بەخۆیەوە. بەداخەوە، لە ڕێزمانی کوردیدا، ڕێزماننووسان بەچاوێلکەی ڕێزمانی ڕێزمانانی تر، ڕێزمانی (بەرکار) دەخوێننەوە. ئەگەر نا، ئەدی بۆچی:

یەکەم: پەرێزی کاری (گرتن) پەرێزی چەندین (کار)ی تر دادەپۆشێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بەزمانی عەرەبی.

دووەم: خۆ ئەو وشانەی بەرایی، هەر هەموو لە ڕێزمانی (بەرکار)دان، ئەدی بۆچی واتای کاری (گرتن) یان گۆڕیوە.

سێیەم: یان، بۆچی لابردنی وشەکانی بەڕایی، دەبێت بەهۆی لەناوبردنی ئەو واتایانەی کە لە پەرێزی واتای کاری (گرتن)دا دایان هێناوە.

چوارەم: یان، بۆچی لە زمانی کوردیدا، هەر یەکێك: لە ئەو چاوگە تەرخانکراوانە گەردانناmەی خۆیان هەیە، وەك کارێکی سەربەخۆ. بۆ نموونەی وەك چۆن کاری (گرتن) سەربەخۆیە لە گەردان کردندا، هەر ئاوهاش کاری (مان گرتن) گەردانناmەیەکی هەیە پڕ بەباڵای کاری (گرتن) و بەهەمان شێوازی کاری (گرتن).

### ٣- ڕیز بەندی سنتاکسی:

لە نموونەیەکدا، وەك:

من (مان) دەگرم

تۆ (مان) دەگریت

ئەو (مان) دەگرێت

ئێمە (مان) دەگرین

ئێوە (مان) دەگرن

ئەوان (مان) دەگرن

بەئاشکرا دیارە کە چاوگی (مان گرتن) بەڕاشکاوی و بەڕاستەوخۆیی بریتییە لە نوێنەری ئەو ڕستانە، نەك چاوگی بنجی (گرتن). بەهەمان شێواز، چاوگی (مان گرتن) بریتییە لە کوانوو بۆ چەند ناوێك، وەك:

(مان) دەگرتن —— (مان) گرتوو

(مان) دەگرتن —— (مان) گر

لە ئەم وشانەدا، کۆلکەی (بەرکار) وەك چۆن ڕیزی خۆی پاراستووە لە ڕستەکاندا، هەر ئاوهاش ڕیزی خۆی پاراستووە، چی لە ناوی چاوگ (مان گرتن)دا و چی لە وشەی دارێژراو (مانگرتوو) و (مانگر)دا. لە هەردوو بارەکەدا، کۆلکەی (بەرکار) کەوتووەتە پێشکاری (گرتن). بەرانبەر بە ئەم ڕاستییە، دەتوانین کۆلکەی نەریێ (نە) بخەینە گەڕ، وەك:

من مان (نا) گرم

تۆ مان (نا) گریت

ئەو مان (نا) گرێت

ئێمە مان (نا) گرین

ئێوە مان (نا) گرن

ئەوان مان (نا) گرن

بەسەرنجێکی هورد، کۆلکەی نەرێ (نە) کەوتووەتە نێوان بەرکاری (مان) و کاری (گرتن)، کەچی هەر هەمان جێگە دەگرێت لە ئەو وشانەدا، کە لە بزاڤی سنتاسیدا نین، وەك:

مان گرتن : مان (نە) گرتن

مان گرتوو : مان (نە) گرتوو

مان گر : مان (نە) گرتوو

کەواتە، ڕیزە سنتاکسییەکە بەجوانی گوێزراوەتەوە بۆ سەر ئەو ناوانە و کۆلکەی (بەرکار)یش وەك خۆی و بەهەمان ئەرکی (بەرکار)ەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەر ئەو وشانە. لە لایەکی ترەوە، مۆرکێکی تر دەرکەوتووە، ئەدی چۆن کۆللەی سنتاکسی نەرێ (نە) پەڕیوەتە سەر ئەو وشە دارێژراوانە، خۆ لە زمانانی تردا (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی) ئەم گەمەیە بە ئەم نەریتە ڕێزمانییە ڕوو دەکات لە (نارێزمان).

**٤- بەراورد لەگەڵ زمانانی تردا:**

لە نموونەیەکدا وەك (داد نووس)، وشەی (داد) سیمای بەرکاری هەڵگرتووە و زاراوەکەشی چەند ئاکارێکی سەیری تێدایە، وەك:

یەکەم: دەشێت ئەو ڕیزە مۆرفۆسینتاکسییە بەنیشانەی نەرێ (نە) متوربە بکرێت و بەهەمان ڕیزبەندی سنتاکسی، وەك:

داد (...) نووس : داد (نە) نووس

دووەم: لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (داد نووس) بەرانبەر بە(کاتب العدل) دەوەستێت، بەڵام لە کوردیدا دووباری شیاو هەیە، وەك:

کاتب العدل ــــ نووسەر (ی) داد

کاتب العدل ــــ داد نووس

بەسەرنجێكی هورد و زرنگ، دەردەكەوێت كە زاراوەی (كاتب العدل) بەرانبەر بەزاراوەی (نووسەری داد) دەوەستێت، چونكە هەردووكیان لە پەرێزی ڕێزمانی ئامرازی خستنە سەری (ی)دان. لە بەرانبەردا زاراوەی (داد نووس) مۆركی تایبەتی زمانی كوردی هەڵدەگرێت، چونكە لە پەرێزی (مێتاڕێزمان)ی بەكاردایە.

سێیەم: بەسەرنجێكی هورد لە ناوەڕۆكی خاڵی پێشوو، دەردەكەوێت كە زاراوەی (نووسەری داد) لە دوو (ناو) پێك هاتووە و ئەو دوو ناوەش باركراون لە ئامرازی (ی)، بەڵام لە وشەی (داد نووس)دا، هیچ ئامرازێكی ڕێزمانی لە ئارادا نییە و وشەی (داد) وەك (بەركار) متوربە كراوە لە خانەی (بەركار)دا، وەك چۆن خانەیەكی تایبەتی هەیە لە بنیادی ڕستەی تێپەڕدا بۆ كۆڵكەی (بەركار).

چوارەم: وەك كۆركێكی زمانی كوردی، بەرانبەر بەوشەی (دانووس) و نموونە هاوتاكانی، زمانانی تر (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی) كورت دەهێنن، چونكە ئەم جۆرە قاڵبەیان نییە و ئەگەر هەبێت، ئەوا بەجۆرێك لە جۆرەكان لە ڕێزمانی ئامرازی (ی) دایە.

**٥- ئاكارێكی سەیر:**

لە زمانی كوردیدا، پاشگری (ـەر) بریتییە لە ئامێرێكی واڵا و بەكار بۆ چێكردنی (ناو بكەری گشتی) لەسەر بنجی كارێكی (تێپەڕ)، وەك:

نووسین : نووسـ (ـەر)
داپۆشین : داپۆشـ (ـەر)
سووتاندن : سووتێنـ (ـەر)
كۆكاندن : كۆكێنـ (ـەر)

لە ئاستی ئەم جۆرە وشانەدا، ئامرازی (ـەر) چەند دیاردەیەكی سەیر

دەهێنێتەکایەوە، وەك:

یەکەم: ئەگەر لە وشەیەکی وەك (نووسەر)دا بەرکاری ڕستەکە بار بکەین، وەك:

نووسەر : (داد) نووسەر

ئەوا، شووشەی ڕێزمانەکە (تەڵخ) دەبێت، چونکە زاراوەکە حەز دەکات یەکێك لە جەمسەرەکانی فڕێ بدات، وەك:

-فڕێدانی جەمسەری بەرایی:

(داد) نووسەر : (...) نووسەر

- فڕێدانی جەمسەری کۆتایی:

داد نووسەر : داد نووسـ (...)

بێگومان هەر دوو زاراوەی (نووسەر) و (داد نووس) ڕێزمانێکی ڕوونیان هەیە.

دووەم: وشەی (نووسەر) بریتییە لە وشەیەکی گشتی و هیچ ئاکارێکی (تەرخانکردن)ی تێدا نییە، وشەی (داد نووس) ئەو ئاکارەی بەزەقی هەڵگرتووە. کەواتە، زاراوەیەکی تەڵخی وەك (داد نووسەر) دوو ئاکاری دژیەکی هەڵگرتووە، کە بریتیین لە (باری گشتی) و (باری تەرخانکراوی). هەر لەبەرئەوە زاراوە کە حەز دەکات کە یەکێك لە ئەو دوو جەمسەرە فڕێ بدات.

سێیەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، پاشگری (ـەر) بریتییە لە کۆلکەیەکی وشەسازییانە و ئەو کۆلکەیە بریتییە لە (لابەر)ی (بەرکار) بۆ بەلاوەنانی ئاکاری (تەرخانکردن بەبەرکار)، کە ئاکارێکی ڕستەسازییانەیە.

چوارەم: لە زمانەکانی تردا (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی)، ئەم دوو

جەمسەرییە نییە و ئەو وشانەی کە سیمای (ناوی بکەر) هەڵدەگرن گشتین و لە جۆری ئەوانەن کە پاشگری (ـەر) هەڵدەگرن، نەك لە جۆری ئەوانەی کە بەکۆلکەی (بەرکار) تەرخان دەکرێن.

**٦- ئاکاری بەرکارگری و ئاوەڵناو:**

لە زمانی کوردیدا، دەرگەی زاراوەی (تەرخانکراو بەبەرکار) والآیە و گشت نموونەیەکی (بەجێ) بۆی هەیە، بێتە ڕیزی گوفتار و ڕیزی نووسینەوە، وەك:

(داد) نووس، (گوڵ فرۆش)، (بەرکار) گر، (روو)پۆش، (شادی)هێن. (زۆر) بڵێ، (دار)بڕ، (گەنم)کڕ، (پەیام)نێر،...

لە ئاستی ئەم وشانەدا، کە هەمە چەشنەن، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: گشت ئەو وشانە توخمی ڕێزمانی (ئاوەڵناو) هەڵدەگرن و لەگەڵ ئەوەشدا، هەر هەموویان لە پەرێزی (ئاوەڵناوی تەرخانکراو)دان، وەك:

(چاو جوان، بالآ بەرز، سەر بەرز...).

دووەم: دەرگەی (ئاوەڵناو) والآیە بۆ وەرگرتنی ڕەگەزی ناوی واتایی (ی). بۆ نموونە وەك چۆن ئاوەڵناوی (جوان) دەبێت بە(جوانی)، یان ئاوەڵناوی تەرخانکراو (چاو جوان) دەبێت بە(چاو جوانی)، هەر ئاوهاش ئەو ناوانەی سەرەوە دەبن بەناوی واتای، وەك:

داد نووسی، گوڵ فرۆشی، بەرکار گری، ڕووپۆشی، شادی هێنی.

زۆر بڵێیی، دار بڕی، گەنم کڕی، پەیام نێری،...

سێیەم: وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو، ئەو زاراوانەی کە چێکران، سیمای (زاراوەسازی) هەڵدەگرن، پتر لە چاوگەکانیان، چونکە توخمی (پیشەوەری) و توخمی (کەسان) پتەو دەکەن، وەك:

| ناوی واتایی تەرخانکراو | چاوگی تەرخانکراو |
| --- | --- |
| داد نووسی | داد نووسین |
| هەواڵ گری | هەواڵ گرتن |
| دەروون زانی | دەروون زانین |
| کۆمەڵ ناسی | کۆمەڵ ناسین |
| ............. | ............. |

بەئاشکرا دیارە کە نموونەکانی دەستە چەپ ئاکاری زاراوەسازی زاڵ دەکەن، بەڵام نموونەکانی دەستە ڕاست ئەو ئاکارەیان نییە.

**٧- بەدەر لە (بەرکارگری):**

بەدەر لە دیاردەی (بەرکار گری) بزاڤێکی زۆر سەیر لە (بنجی کار)**دا** هەیە، بۆ دروستکردنی (ناوی بکەر)، یان (ناوی بەرکار). بۆ نموونە، ئامرازی نەرێ (نە) ئەو بزاڤە دەخاتەگەڕ، وەك:

نەزان، نەمر، نەدوو، نەنووس، نەشك، نەگۆڕ، نەدەر، نەخۆر.

نەبەر، نەکەر، نەسرەو، نەکوڵ... هتد.

لە ئەم وشانەدا، ئامرازی نەرێ (نە) ڕوو دەکات لە بنجی کاری (تێ نەپەڕ) و (تێ پەڕ) بەیەکسانی بزاڤی (ناوی بکەر) دەبووژێنێتەوە و دەژێنێتەوە. ئەگەر نا، بنجەکانی:

زان، مر، دوو، نووس، شك، گۆڕ، دەر، خۆر، بەر، کەر.

سرەو، کوڵ... هتد.

هیچ چالاکییەکی ئاوها هەڵناگرن. لە بەرانبەردا، ئەگەر پێشگری (بـ) بخەینە جێی ئامرازی نەرێ (نە)، ئەوا ئەو بزاڤە دەبووژێتەوە بەڵام بە(ئەرێنی)، وەك:

بزان، بمر، بدوو، بنووس، بشك، بگۆڕ، بدەر، بخۆر.

ببەر، بکەر، بسرەو، بکوڵ.

کەواتە، پێشکری (بـ)، وەك بچووکترین و کەمترین زناك و نیشانە دەمێنێتەوە بۆ شایەتی لەسەر بنجی کار بۆ ئەوەی لە جێگاکەی ئەو کۆلکە سنتاکسییانە بکەونە بزاڤ. هەر بۆ نموونە، هەر کۆلکەیەکی تر بکەوێتە پێش بنجی کارەکە، ئەوا بزاڤی (ناوی بکەر) دەژێتەوە، وەك:

– بزان ← (نە) زان ← (لێ) زان ← (پی) زان ← (لێ) (نە) زان ← (پیێ) (نە) زان ← دەروونزان.

– بنووس ← (نە) نووس ← (لێ) نووس ← (پێ) نووس ← (لێ) (نە) نووس، (پی) (نە)نووس، داد نووس...

بە ئەم چەشنە سەرەتا و بەرایی بۆ دەسپێکی گەمەیەکی زۆر بەربلاو والا دەکرێتەوە لە ئاستی ڕۆنانی (ناوی بکەر)دا. بێگومان، ئەم جۆرە گەمە ڕێزمانیە بریتییە لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانی (زاراوەسازی)ی کوردی.

**٨- پوختەکاری**:

* بزاڤی (بەرکار گری) بریتییە لە دیاردەیەکی بەکار بۆ چێکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا.
* زاراوەی زمانی کوردی و وشەی ڕۆنراو حەز دەکەن لەگەڵ (بەرکار)ی ڕستەسازییانەدا چێ بکرێن، چونکە کۆلکەی (بەرکار) واتاکانیان دەبەستێتەوە.
* بزاڤی (بەرکار گری) خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دیاردەی (تەرخان کردن)، بۆ ئەو وشەی پێی ڕۆدەنرێت. بۆ نموونە، واتای ئەو وشە ڕۆنراوە پێوەست دەبێت بە(بەرکار)ەوە.
* وەك مۆرکێکی زمانی کوردی، کۆلکەی (بەرکار) دەتوانێت ڕوو بکات لە هەر وشەیەك کە لەسەر بنجی کارێکی (تێپەڕ) ڕۆنرابێت.
* کۆلکەی (بەرکار) دەچێتە سەر چاوك وەك (نامە نووسین)، یان دەچێتە سەر ناوی بکەر، وەك (نامە نووس).

* زۆرجار کۆلکەی (بەرکار) واتا دەگۆڕێت و کارێکی نوێ پەیدا دەکات، وەك (سوێند خواردن).
* وەك چۆن لە ڕیزی ڕستەدا، کۆلکەی (بەرکار) خانەی خۆی دەپارێزێت، هەر ئاوها خانە و ڕیزی خۆی دەپارێزیت لە هەر وشەیەکدا کە لە کارەوە ڕۆنرابێت.
* بەپێی خاڵی پێشوو، لە ئەو جۆرە وشەیەدا، ڕیزی سنتاکسی دەپارێزرێت، تەنانەت کۆلکەی نەرێ (نە) لە جێی سنتاکسی خودی دادەنیشێت.
* بنجی ڕانەبردووی هەر کارێك توخمی ناوی بکەری تێدا هەیە و دەشێت ئەو توخمە بەچەند کۆلکەیەکی سنتاکسی ساغ بکرێتەوە، وەك:
  - بەکۆلکەی (بەرکار)، وەك (دادنووس، خۆگر،...).
  - بەکۆلکەی نەرێ، وەك (نەنووس، نەگر،...).
  - بەپێشگری واتا گۆڕ، وەك (هەڵ گر، داگر،...).
  - بەئامرازی پێوەندی، وەك (لێ گر، پێ گر، بۆ گر،...).
* بێگومان، ئەو گەمەیەی کە لە خاڵی پێشوودا باسکرا، دەرگە ڕەسەنەکانی بزاڤی (زاراوەسازی) دەکاتەوە بۆ میکانیزمە خۆڕسکەکانی ڕێزمانی کوردی.
* لە قالبی نموونەیەکدا وەك (دادنووس) زمانانی تر کورت دەهێنن، چونکە (كاتب العدل) بەرانبەر (نووسەری داد) دەوەستێت، نەك (داد نووس).
* پاشگری ناوی بکەر (ـەر) کە دەچێتە سەر ناوی بکەر، کۆلکەی (بەرکار) لا دەبات، وەك:

(داد) نووسـ (...)، نەك، (داد) نووسـ (ـەر)

* بەپێی خاڵی پێشوو، پاشکری (ـەر) بزاڤی (تەرخان کردنی ناوی بکەر) لادەبات.

* ئەو زاراوانەی کە بە(بەرکار) پتەودەکرێن، وەك:

(دادنووس، دەروونزان، هەواڵگر،...)

توخمی (ئاوەڵناو) هەڵدەگرن. ئەو جۆرە ئاوەڵناوە بریتین لە (کوانوو) بۆ دارشتنی ناوی واتایی وەك: (داد نووسی، دەروونزانی، هەواڵگری،...).

* ناوی واتایی لە چەشنی (دادنووسی، دەروونزانی، هەواڵگری،...) بریتیین لە زاراوەی بەپێز بۆ زمانی نووسین. بۆ نموونە، زاراوەی (دادنووسی) زۆر بەپێزترە لە زاراوەی (داد نووسین)، چونکە بزاڤی پیشەیی و بزاڤی کەسانی تێدا هەیە.

**سەرچاوە:**


- د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.
- مەسعود محەمەد، زاراوەسازی پێوایە، بەغدا ١٩٨٧.
- د. محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلینکردن بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمار (١٢١)، بەغدا ١٩٨٩.
- د. وریا عومەر ئەمین، لە ڕووەکانی تێپەڕی، ڕۆژنامەی (بەدرخان)، ژمارە (٧٦)، هەولێر ٢٠٠٦/١٢/٢٢.
- د. ئەورەحمان حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧.

## ١٠

# ڕێساکانی وشە ڕۆنان لە بنجی کارەوە

**١- دەستپێك:**

لە ڕێزمانی کوردیدا، چاوگ، یان کار، یان ئەو وشانەی کە لە کارەوە ڕۆدەنرێن، دابەش کراون بەسەر سێ جۆردا، وەك:

یەکەم: جۆری سادە

دووەم: جۆری داڕێژداو

سێیەم: جۆری لێکدراو

بێگومان، ئەم دابەشکردنە زۆر جوان و کاریگەرە، بەڵام زۆر بەسفتی ئەنجام نەدراوە، لەبەرئەوە گشت کاتێك مشتومڕ هەیە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵی لە نێو وشە پۆلێنکراوەکاندا دەردەکەوێت. تەنانەت، هەندێك لە ڕێزماننووسان، لایەنگیری ئەو بیر و بۆچوونە دەکەن کە جۆری (سادە) لە ئارادا نەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین، ئەگەر پێکهاتەکانی هەر فۆڕمێك کە لە (کار)ەوە داڕێژرابێت، بەجوانی شی بکرێتەوە، بۆ (بگۆڕی دەرەکی) و (بگۆڕی ناوەکی)، ئەوا ئەو جۆرە بۆچوونە پەیدا نەدەبوو. ئەوەش لەیاد نەکەین، کە لە جۆرە هەڵوێستی ئاوهادا، بژاقی (خنج بڕین) پێویستە و دەبێت جۆرەکانی وشە (خنجبڕ) بکەین بە(تێۆری) و نەهێڵین پرت و پرووشی پۆلە وشەیەك ببێت بەخەوش لە پۆلێکی تردا.

**٢- گلێنەی وشە ڕۆنان:**

لە ئاستی بژاقی وشە ڕۆناندا، بنجی چاوگ بریتییە لە گلێنەی وشەڕۆنەر. لە هەمان کاتدا، هەمان (بنج) بریتییە لە گلێنەی (کار) و (کار)یش

بریتییە لە گلێنەی (ڕستە). کەواتە، بنجی کار بریتییە لە (گلێنە)، چی لە ئاستی هەر وشەیەکی ڕۆنراودا و چی لە ئاستی (کار)دا و چی لە ئاستی (ڕستە)دا. هەر لەبەرئەوە، هەر وشەیەکی ڕۆنراو چەند ئاکارێکی مۆرفۆسنتاکسی هەڵدەگرێت. بۆ نموونە، لە کاری (سووتان)دا بنجی کارەکە (سووت) بریتییە لە گلێنە بۆ کاری (سووتان) و بۆ ئەو ڕستەیەی کە لەسەر ئەو کارە دەکەوێتە گەڕ، یان لە ئەو وشانەدا، کە لەسەر هەمان کار ڕۆدەنرێن، وەك:

| وشە | شرۆڤە |
|---|---|
| سووتان | (سووت)ان |
| دەسوتێت | دە(سووت)ێت |
| سووتاو | (سووت)او |
| سوتێنراو | (سووت)ێنراو |
| سووتوو | (سووت)وو |

لە ئەم خشتەیەدا، ڕیزێك وشە بەکارهێنراون، بەرِوخساری (کار، چاوك وشەی ڕۆنراو)، بەڵام لە هەر هەموویاندا بنجی (سووت) هەیە و لە هەمان کاتدا، لابردنی گلێنەی (سووت) دەبێت بەهۆی هەرەس هێنانی گشت وشەکانی نێو خشتەکە. لە نووسینەکانی ئێمەدا، خانەی (بنج) بەخانەی ژمارە (سفر) ناوبراوە و ئەمجا کۆلکەکانی تر بەهەردوو لادا دابەشکراون، وەك(١):

(+٥) (+٤) (+٤) (+٢) (+١) [سفر] (-١) (-٢) (-٣) (-٤) (-٥)

لە ئەم ڕیزبەندا، پلیکانەیەك چێ کراوە بۆ گشت ئەو کۆلکانەی بەلای ڕاستدا و بەلای چەپدا ڕێچکە دەبەستن، سەرەڕای ئەو ڕاستییە، گلێنەی

(١) بڕوانە بۆ نەخشەی (٢:١).

(سفر)، کە بریتییە لە بنجی کارەکە، دەبێت بە ئەو ژمارەیەی کە هەنگاوی ژمارە سفر دیاری دەکات و ئەم جارە نرخ دەدات بەواتایی ژمارەکانی تر. بێگومان، ئەو ڕیزبەندە بیرکارییەی سەرەوە، بریتییە لە ئەو فلتەرەی، کە دەتوانێت گشت وشەیەکی ڕۆنراوی زمانەکەمان لە (خشتبڕ) بدات.

**٣- نموونەیەك بۆ شرۆڤە:**

بۆ ئەوەی گرینگی ڕۆڵی (بنج) بزانین، بنجی (سووت) لە کاری (سووتان) وەردەگرین و گشت کۆلکەکانی لێ بار دەکەین بۆ ئەوەی وشەی بەجێ ڕۆبنێت، وەك:

| بەرکار | ئامراز | واتاگۆڕ | نەرێ | بەردەوامی | بنجی کاری (گلێنە) | تێپەڕاندن(ێن) (ان) | بکەر نادیار(ر) | نیشانەی رابردوو | جۆری رابردوو | رستەی نا ئاشکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| +٥ | +٤ | +٣ | +٢ | +١ | سفر | -١ | -٢ | -٣ | -٣ | -٥ |
| | | | | | سووت | ——— | ——— | ——— | ——— | |
| | | | | | سووت | ——— | ——— | ا | و | |
| | | | | | سووت | ان | ——— | د | وو | |
| | | | | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| | | | | بـ | سووت | ێن | ——— | ——— | ——— | |
| | | | | بـ | سووت | ——— | ——— | ——— | ——— | |
| | | | | | سووت | ——— | ——— | ا | و | |
| | | دا | | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| | | دا | نە | | سووت | ێن | ——— | ——— | ——— | |
| | | دا | نە | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| دار | | | | | | .... | .... | ا | و | |
| دار | | | | | سووت | ان | د | د | وو | |

لە ئەم خشتەیەدا، یارییەكی میكانۆیی بەرپابووە و ڕیزیك وشە لەسەر بنجی (سووت) ڕۆنراون و هەر هەموویان واتایان هەیە و ڕێزمانین. ئەمە و لە ئاستی ئەم خشتەیەدا، چەند سەرنجێك هەن، وەك:

یەكەم: كۆلكە ڕێزمانییەكان خانەی ئەندازیارییان هەیە و ڕیزبەندی خۆیان دەپارێزن و ئەو ڕیزبەندەش هەمان ڕیزبەندی ڕستەسازییانە و گوێزراوەتەوە بۆ سەر وشە ڕۆنراوەكان.

دە: سووت: ێت

ب: سووت: ----

یان،

نە: دە: سووت: ێت، (ناسووتێت)

نە: --: سووت:--

یان،

نە: سووت: ێن: ر: ا: و: ە

نە: سووت: ێن: را: و:--

یان،

دار: دە: سووت: ێن: م

دار:--: سووت: ێن: --

یان،

دار(م): سووت: ان: د: وو: ە

دار: سووت: ان: د: وو: --

دووەم: لە خاڵی یەكەمدا، ڕیزیك وشە بەراورد كران بەڕیزێك ڕستەی (هاوبنیاد) و دەركەوتووە، كە هەر جۆرە ڕستەیەك لە (كەس و ژمارە)ی بكەری ڕستە پاك بكرێتەوە، ئەوا بنیاتی وشەیەكی ڕۆنراو بەرانبەر بەهەمان ڕستە بەجێ دەهێڵێت بۆ كەسێك، یان بۆ چشتێك. كەواتە، لە سەرەوە، پێنج (ڕستە) هەیە و پێنج (وشەی

ڕۆنراو) هەیە ئەو وشە و ڕستانە بەشێوەیەکی (خشتەکی)، واتە بەرانبەر وەستاون و ناشێت و نابێت (تاق و فیق)یان بکەین، بە(mis - match).

سێیەم: لە سەروبەندی خاڵی دووەمدا، هەر شەش ڕستەی ڕێزمانی (سێتدار)، یەك وشەی ڕۆنراو دەبەخشن، وەك:

| رستە بە (سێت) | وشە رۆنراو |
|---|---|
| من: دارەکە: سووت: دە: ێن: م | |
| تۆ: دارەکە: سووت: دە: ێن: یت | |
| ئەو: دارەکە: سووت: دە: ێن: ێت | ــ: (دار: سووت:)ێن: ــ |
| ئێمە: دارەکە: سووت: دە: ێن: ین | |
| ئێوە: دارەکە: سووت:دە: ێن: ن | (دار سووتێن) |
| ئەوان: دارەکە: سووت: دە: ێن: ن | |

دەبا بڕوانین لە ئەو سێتە ڕستەیە، کە هەندێك کۆلکەیان فڕێ داوە، وەك:

١- جێناوە جوداکانی بکەر (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) ، جێناوە لکاوەکانی بکەر (م، یت، ێت، ین، ن) لابردراون، چونکە لە وشەی ڕۆنراودا جێیان نابێتەوە و لە ئەو جۆرە وشەیەدا ئەرکی (بکەر) پێویست نییە.

٢- بەرکاری ڕستەکان (دارەکە) بووە بە(دار) و ئامرازی ناسراوی و دیاریکردنی لابراوە، چونکە جێی نابێتەوە لە وشەڕۆنراودا.

٣- پێشکاری بەردەوامی (دە)ی لابردوە، چونکە ئەرکی نییە لە وشەی ڕۆنراودا.

٤- لە ئەوانەی سەرەوە بترازێت، کۆلکەکانی (دار) و (سووت) و (ێن) ماونەتەوە، بەهەمان ڕیزبەندی سیتناکسی وشەی (دار سووتێن) پەیدا بووە.

چـوارەم: لـەبـەر ڕووناكـی خـاڵـی پێشوو، بـەرانبـەر بـە ئـەو سێتـە ڕستـەیـە وشەیـەكـی ڕۆنـراو هـەیـە لـە چـەشنـی (چـاوگ)، كـە لـەسـەر ڕەگـی ڕابردوو (قـەد) ڕۆدەنرێت، وەك:

| ڕستە بە (سێت) | وشە ڕۆنراو |
| --- | --- |
| من: سووت: ان: د: م<br>تۆ: سووت: ان: د: ت<br>ئەو: سووت: ان: د: ی<br>ئێمە: سووت: ان: د: مان<br>ئێوە: سووت: ان: د: تان<br>ئەوان: سووت: ان: د: یان | سووت: ان: د: ---: (ن) |

كەواتـە، بـەرانبـەر بـەهـەر سێتـە ڕستـەیـەك، یـەك (وشـەی ڕۆنراو) و یـەك فۆرمـی (چـاوگ) هـەن، وەك:

| بابەت | ڕیزبەندی سنتاكسی |
| --- | --- |
| ڕستە (بەسێت) | من: دارەكەم: سووت: ان: د |
| ناوی بكەر | ---: دار---: سووت: ێن: ---- |
| ناوی چاوگ | ---: دار-----: سووت: ان: د: (ن) |
| ناوی چاوگ بێ بەركار | ---: ---: سووت: ان: دا: (ن) |

پێنجـەم: زۆر جـار كـارەكە پێشگرێكی (واتـا گۆڕ) هـەڵدەگرێت، وەك:

دارەكـان: هـەڵ: دە: گرین

بـەرانبـەر بـە ئـەم ڕستـەیە وشـەیـەكی ڕۆنراو لـە چـەشنی (نـاوی بكـەر) هـەیـە، وەك:

دار: هـەڵ:-----: گر: -----

یـان، چاوكێكی ڕۆنراو هـەیە لە چەشنی:

دار----: هـەڵ: -----: گر: ت: (ن)

شەشەم: ئەو خاڵانەی سەرەوە (چوستی) و (بلیمەتی) زمانەکە پیشان دەدەن، لە وشەڕۆناندا. هەر لەبەرئەوە، دەبێت لە ئەم میکانۆیە تێ بگەین و هەر هەموومان بکەوینە گەمەکردن لە گۆڕەپانی (وشەڕۆنان)دا.

## ٤- خانەکانی بنجی کار

لە دیوی بنجدا، ئێمە بارگەیەی خانەکان بە(کۆلکەی ناوەکی) ناو دەبەین، چونکە لە ناخی کارەکەدا کاریگەری دەنوێنین، نەك لە توێکڵی کارەکەدا. لە ئەم ڕووەوە، خانەکانی (-١،-٢،-٣،-٤) ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە وشەڕۆنان، وەك:

| سفر | -١ | -٢ | -٣ | -٤ |
|---|---|---|---|---|
| بنج | ێن، ان | ر | د، ت أ، ی، وو | وو، و |
| سفر | تێپەڕێنەر | بکەر نادیار | نیشانەی ڕابردوو | جۆری ڕابردوو |

لە ئەو خشتەیەدا، خانەکانی (-١،- ٢،- ٣،-٤) دەبن بە(هیچ) ئەگەر لەگەڵ خانەی گلێنەی (سفر)دا نەبن. هەر لەبەرئەوە، دەتوانین بیاڤ و بڕشتی خانەکان لە یەکتری هاوێر بکەبن، بە ئەم چەشنە:

یەکەم: ئەگەر خانەی (سفر)، واتە (بنج)ی کارەکە هەبێت بەتەنیا، وەك بنجی (سووت) لە کاری (سووتاندن)دا، یان، بنجی تێپەڕی (نووس) لە کاری (نووسین)دا، وەك:

| +١ | سفر | -١ | -٢ | -٣ | -٤ | ڕامانی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | سووت | ------ | ------ | ----- | ------ | دەشێت بسووتێت |
| ب | نووس | ---<br>--- | --- | ----- | ------ | دەشێت بنووسێت |

لـە ئـاستـی ئـەم دوو نموونـەیـەدا، بـنـجـی (سووت) واتـای (نـاوی بکـەر) ڕۆدەنێت بەتەنیا، بەڵام پێشکاری (ب) دەخوازێت، بۆ ئەوەی کە خۆی پتەو بکات. بێگومان، پێشکاری (ب) کاتیە و بەهاتنی هەر پارچەیەکی تر، چی لای ڕاست و چی لای چەپ، لادەچێت و لە ڕیزەکەدا نامێنێت. بۆ نموونە، لـە بـاری (نـەرێ)دا، پـێشکـاری (نـە) دەهـێـنـێتـە کـایـەوە و پـێشکـاری (بـ) لادەبات، وەك:

(ب) (سووت): (نە) (سووت)

(ب) (نووس): (نە) (نووس)

لە ڕووی زمانی واتاییەوە، ئەم جۆرە ناوە واتای (شیان)ی ڕوودانی کارەکە، بەئەرکی بکەر، دابین دەکەن، وەك:

––– بـ (سووت): دەشێت بسووتێت (شیاوە بۆ سووتان)

––– بـ (نووس): دەشێت بنووسێت (شیاوە بۆ نووسین)

لە زمانی عەرەبیدا، دەستەواژەی (قابل لـ...) بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە زمـانـی ئـینـگـلـیـزیـدا پـاشگری (able) بـەکـار دەهـێـنـرێت، وەك: (burnable). لە ڕووی بەکارهێنانەوە، جۆرە ناوی بکەر (بسووت) و (بنووس) یەکجار سستن و کوردیزانە ڕەسەنەکانی کوردەواری نەبێت، کـەس نـاتـوانـێت فـەرقـیـان بـکـات، بـەڵام دیـوە نـەرێکـە یـان (نـەسووت، نـەنـووس) زۆر ڕوون و خـوویـایـە، کـەچـی زۆر سستـە لـە بـەکـارهـێنـانـدا. بەداخەوە، ئەم جۆرە وشە گرینگەی زمانەکە، هێشتا بایەخی پێ نەدراوە و نەکراوە بەخۆراکی ڕێزمانی بۆ بیری منداڵە چاوگەشەکان.

دووەم: ئەگەر خانەی (–١)، کە ڕەگەزی تێپەڕاندن (ێن/ان) هەڵدەگرێت، بکەوێتە کار لەگەڵ خانەی (بنج)، کە بریتییە لە بنجی کارەکە، وەك:

| رامانی واتایی | ٤– | ٣– | ٢– | ١– | سفر | ١+ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| دەشێت بسووتێنێت | –– | –– | –– | ێن | سووت | ب |
| | –– | –– | –– | –– | –– | –– |

لە ئەم ئاستەدا، کارە تێپەڕەکان بێ بڕشتن، چونکە پێشکاری تێپەڕاندن (ێن/ان) وەرناگرن، بەڵام گشت کارە تێنەپەڕەکان چالاکی دەنوێنن. بۆ نموونە، ناوی بکەر (بسووتێن)، هەر چەند سست بێت لە بەکارهێناندا، بەڵام واتای (شیانی سووتاندن) هەڵدەگرێت. هەر بۆ نموونە، لە دیوی نەرێدا زۆر پتەوتر دەبێت، وەك:

(سووتێن): (نەسووتێن)

یان، ئەگەر (بەرکار)ێك بخەینە پاڵی، وەك:

–– بە ڕستە:

دار: دە: سووت: ێن: م

–– بە ناوی بکەر:

دار–––: سووت: ێن:––––: (دار سووتێن)

لە ڕووی ڕێزمانەوە، ئەم جۆرە ناوی بکەرە کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرن، چونکە تێپەڕن. لە لایەکی ترەوە، جۆرە ناوی ئاوها (دار سووتێن) یەکسان دەبن بەڕێزمان بەهەر کارێکی تێپەڕ، وەك (نووسین) کە دەشێت بەپێی خاڵی یەکەم لە پێشەوە، ناوی بکەری تێپەڕ (نامەنووس) چێ بکات.

سێیەم: ئەگەر خانەی (٢–) لەگەڵ خانەی (سفر)دا بەکارهێنرا، ئەوا بەناچاری دەبێت هەردوو خانەکەی پاشتر (٣–) و (٤–) پڕ بکەینەوە لە وشە ڕۆناندا. لە سەرەتادا، بارگەی ئەو سێ خانەیە دەخەینە ڕوو، وەك:

- خانەی (-٢): بارگەی بکەر نادیار، دەنگی (ر).
- خانەی (-٣): نیشانەی ڕابردوو، دەنگەکانی (د، ت، أ، وو، ی)
- خانەی (-٤): نیشانەی ڕابردووی تەواو (وو).

بێگومان، کاتێك کە خانەی (-٢) پڕ دەکرێتەوە بەڕەگەزی بکەر نادیار (ر)، ئەوا ناوێکی ڕۆنراو چێ دەبێت لە چەشنی (ناوی بەرکار) لە جیاتی (ناوی بکەر). ئێستاش دەتوانین خشتەیەك چێ بکەین بۆ ئەم جۆرە ناوە:

| سفر | -١ | -٢ | -٣ | -٤ |
|---|---|---|---|---|
| سووت | ێن | ر | ا | و |
| نووس | ---- | ر | ا | و |

بەسەرنجێکی ورد، دەردەکەوێت کە تەنیا هەر نموونە تێپەڕەکان دەتوانن ئەم جۆرە ناوە چێ بکەن و هەردوو نموونەکەش زۆر ڕوونن بە(واتا).

چوارەم: ئەگەر خانەی (-٣) لەگەڵ خانەی (سفر)دا بەکارهێنرا، ئەوا خانەی (-٤)یش بەناچاری بەکار دەهێنرێت لە وشە ڕۆناندا، وەك:

| | -١ | -٢ | -٣ | -٤ |
|---|---|---|---|---|
| سووت | --- | --- | ا | و |
| سووت | ان | --- | د | وو |
| نووس | --- | --- | ی | و |

لە ئاستی ئەو سێ نموونە شیاوەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

١- یەك نموونەی (تێنەپەڕ) هەیە لە چەشنی (سووتاو) و دوو نموونەی (تێپەڕ) هەیە لە چەشنی (سووتاندوو) و (نووسیو).

٢- دوو نموونە تێپەڕەکە زۆر ناسك و سست و دەبێت بەکۆلکەی بەرکار پتەو بکرێن، وەك:

سووتاندوو: (دار) سوتاندوو

نووسیو: (نامە) نووسیو

پێنجەم: بۆ یەکخستنی بابەتەکە، دەتوانین هەر چوار خشتەکەی نێو خاڵەکانی پێشوو کۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەشت قاڵبە دیاری بکەین، کە هەشت (ڕێسا) پێك دەهێنن بۆ وشە ڕۆنان، وەك:

| ژمارە | پتەو کرد بە (بەکار) | سفر | ١– | ٢– | ٣– | ٤– | هێزی تێپەڕین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | (دار) | سووت | ---- | ---- | ---- | ---- | تێنەپەڕ |
| ٢ | نامە | نووس | ---- | ---- | ---- | ---- | تێپەڕ |
| ٣ | دار | سووت | ێن | ---- | ---- | ---- | تێپەڕ |
| ٤ | (دار) | سووت | ێن | ر | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٥ | (نامە) | نووس | ---- | ر | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٦ | (دار) | سووت | ---- | ---- | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٧ | دار | سووت | ان | ---- | د | وو | تێنەپەڕ |
| ٨ | نامە | نووس | ---- | ---- | یـ | و | تێپەڕ |

لە ئاستی ئەم خشتەیەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

١– گشت نموونەکان پتەوکراون بە(بەرکار)، بەڵام هەندێکیان کەوانە ڕێژکراون، وەك چینەکانی (١، ٤، ٥، ٦).

٢– ئەو نموونانەی کەوانە ڕێژکراون (١، ٤، ٥، ٦) تێنەپەڕن و بەوەرچەرخاوی (بەرکار)یان بۆ دانراوە.

٣– ئەو نموونانەی تێنەپەڕن بارگەی خانەی (–٢) هەڵدەگرن، کە بریتییە لە دەنگی (ر)، وەك نموونەی (٤، ٥). نموونەی (١) و (٦) ئەو خانەیە پڕ

ناکەنەوە چونکە لە بنەچەوە تێنەپەڕن.

٤- ئەو نموونانەی کە تێپەڕن، خانەی (١) پڕ دەکەنەوە و پارچۆلکەی تێپەڕاندن (ێن) یان (ان) هەڵدەگرن، وەك نموونەکانی (٣، ٤، ٧). نموونەکانی (٢، ٨) ئەو ڕەگەزە هەڵناگرن، چونکە لە بنچەوە تێپەڕن.

٥- ئەو نموونانەی کە خانەی نیشانە ڕابردوو هەڵدەگرن لە خانەی (-٣)دا، وەك (٤، ٥، ٦، ٧، ٨) بەرانبەر پێنج ڕستەی ڕابردووی تەواو دەوەستن، بەڵام لە پاش ئەوەی کە ڕستەکە سست دەکرێت لە تەرازووی وشە ڕۆناندا، وەك:

- دار: سووت: ین: ر: ا: و

(من دارەکەم سووتێنراوە)

- نامە: نووس: ر: ا: و

(من نامەکەم نووسراوە)

- دار: سووت: ا: و

(من دارەکەم سووتاوە)

- دار: سووت: ان: د: وو

(من دارەکەم سووتاندووە)

- نامە: نووس: ی: و

(من نامەکەم نووسیوە)

١- ئەو نموونانەی کە نیشانەی ڕابردوو هەڵناگرن (-٣) و تێپەڕن، وەك (٣،٢) بۆیان هەیە کە پاشگری ناوی بگەر وەربکرن بەپتەوی، وەك:

نامە نووس ـــ نووسـ(ـەر)

دار سووتێن ـــ سووتێنـ(ـەر)

کاتێك كه ئه‌م پاشگره ده‌یته کایه‌وه، کۆلکه‌ی به‌رکار (نامه، دار) ڕۆڵی نامێنێت و لاده‌چێت.

٢- ئه‌و نموونانه‌ی که به‌رکاره‌کەیان که‌وانه‌ڕێژ کراوه، وه‌ك نموونه‌کانی (١، ٤، ٥، ٦) ده‌شێت له‌گه‌ڵ به‌رکار به‌کاربهێنرێن، وه‌ك:

دارسووت: ئه‌و که‌سه‌ی که داری ده‌شێت بسووتێت.

دارسووتێنراو: ئه‌و که‌سه‌ی که داری سووتێنراوه.

نامه‌نووسراو: ئه‌و که‌سه‌ی که نامه‌که‌ی نووسراوه.

دارسووتاو: ئه‌و که‌سه‌ی که داری سووتاوه.

یان، ده‌شێت (بێ به‌رکار) به‌کاربهێنرێن:

بسووت: ئه‌و چشته‌ی ده‌شێت بسووتێت.

سووتێنراو: ئه‌و چشته‌ی سووتێنراوه.

نووسراو: ئه‌و چشته‌ی نووسراوه.

سووتاو: ئه‌و چشته‌ی سووتاوه.

ئه‌و نموونانه‌ی پێشه‌وه، واتایان ئاشکرایه، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی پێشتر ده‌رگه‌ی ڕێچکه‌یه‌کی تر ده‌که‌نه‌وه له ڕسته‌سازی تێپه‌ڕدا، وه‌ك:

| سێته رسته | ناوی بکه‌ر |
|---|---|
| من دارم سووتاوه<br>تۆ دارت سووتاوه<br>ئه‌و داری سووتاوه<br>ئێمه دارمان سووتاوه<br>ئێوه دارتان سووتاوه<br>ئه‌وان داریان سووتاوه | دار سووتاو |

بۆ نموونە، ناوی بکەر (دار سووتاو) زۆر جودایە لە (دار سووتاندوو)، لەبەرئەوەی ناوی (دار سووتاو) لە ئاوەڵناوی تەرخانکراو دەچێت لە چەشنی (چاوجوان). واتە (دار سووتاو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە (دار)ی سووتاوە، وەك چۆن (چاوجوان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە چاوی جوانە. بەواتایەکی تر، کاتێك کە کۆلکەی (بەرکار) دەخرێتە سەر بنیادێکی (تێنەپەڕ)، ئەوا وەرچەرخانێك پەیدا دەبێت، بەڵام بەرەو جۆرێکی تر لە (تێپەڕ).

## ٥- ناوی بکەر و هێزی تێپەڕین

لە ئەو خشتەیەدا، کە لە خاڵی پێنجەم، لە کۆپلەی پێشوودا، خرایەڕوو، دەرکەوتووە کە دابەشبوونی (تێنەپەڕ: تێپەڕ) لە نێوان وشە ڕۆنراوەکاندا هەیە بە ئەم چەشنە:

| ناوی تێنەپەڕ | ناوی تێپەڕ |
|---|---|
| (دار) سووت | نامە نووس |
| (دار) سووتێنراو | دار سووتێن |
| (دار) سووتاو | دار سووتاندوو |
| (نامە) نووسراو | نامە نووسیو |

ئێستاش، دەتوانین ئەو دوو دەستە ناوە بەراورد بکەین:

یەکەم: لە نموونەی تێپەڕەکاندا، ناوی بکەر ڕۆڵێکی و وزە بەخشی هەیە، بەڵام لە نموونە تێنەپەڕەکاندا، بارەکە جیاوازە و ناوی بکەر هیچ چالاکییەکی وزەدار نانوێنێت.

دووەم: ئەو بەرکارەی کە ناوە تێپەڕەکان هەڵی دەگرن بریتین لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ)ی ڕستەسازی، وەك:

نامە: دە: نووس: م ← نامە: --: نووس: --

دار: دە: سووت: ێن: م ⟵ دار: --: سووت: ێن: --

داری: سووت: ان: وو: ە ــ دار: سووت: ان: د: وو: ---

نامەم: نووس: ی: و: ە ــ نامە: نووس: ی: و: ---

بەڵام نموونە تێنەپەڕەکان (بکەر)ی ڕستەی تێنەپەڕ، یان (جێگری بکەر) یان کردووە بە(بەرکار)، وەك:

داری تۆ دە سووتێت: تۆ (دار سووتاو)یت

داری تۆ سووتاوە: تۆ (دار سووتاو)یت

داری تۆ سووتێنراوە: تۆ (دار سووتێنراو)یت

نامە تۆ نووسراوە: تۆ (نامە نووسراو)یت

سێیەم: بەپێی خاڵی پێشوو، دوو ڕێچکەی سنتاکسی لە ئارادایە، لە نموونە تێپەڕەکاندا سنتاکسی سادە و ساکاری کاری (تێپەڕ) چەسپاوە. بەڵام لە جۆری دووەمدا، درك بەحەشارگەیەك دەکرێت، چونکە ڕستەیەکی (تێنەپەڕ)، وەك (دارەکە سووتاوە) وەچەرخاوە بەجۆرێك لە جۆرەکانی (تێپەڕاندن) بەسەر شەش کەسە ڕێزمانییەکەدا. لە پاشتردا، لە ئەو جۆرە سنتاکسەوە، ناوی بکەر (دار سووتاو) وەرگێراوە، وەك:

| ڕستەی تێنەپەڕ | ڕستەی وەرچەرخاو | ناوی بکەر (وەرچەرخاو) |
|---|---|---|
| دارەکە سووتاوە | من دارەکەم سووتاوە<br>تۆ دارەکەت سووتاوە<br>ئەو دارەکەی سووتاوە<br>ئێمە دارەکەمان سووتاوە<br>ئێوە دارەکەتان سووتاوە<br>ئەوان دارەکەیان سووتاوە | دار سووتاو<br>وەك<br>ئێمە (دار سووتاو)ین |

بێگومـان، ڕێچکە سنتـاکسییـە وەرچـەرخـاوەکە، بەهـەمـان میکانیزم لە ڕووبـەری ڕانـەبردوودا ڕوو دەدات، وەك:

| ڕستـەی تێنـەپـەڕ | ڕستـەی وەرچـەرخاو | نـاوی بکەر (وەرچەرخاو) |
|---|---|---|
| دارەکە دەسووتێت | من دارەکەم دەسووتێت<br>تۆ دارەکەت دەسووتێت<br>ئەو دارەکەی دەسووتێت<br>ئێمە دارەکەمان دەسووتێت<br>ئێوە دارەکەتان دەسووتێت<br>ئەوان دارەکەیان دەسووتێت | دار سووت<br>وەك<br>ئێمە (دار سووت)ین |

چوارەم: ئەو نـاوە تێپـەڕانـەی کە لـە خـاڵی سێیەمدا بـاسکران، دەشێت بـەبێ بـەرکار بـەکاربـهێنرێن و بـەڕستـەسازییەکی تێنـەپـەڕی ئـاسایی چێ ببن، وەك:

| نـاوی بکەر (وەرچەرخاو) | نـاوی تێپـەڕ |
|---|---|
| (دار) سووت | (بـ) نووس |
| (دار) سووتێنراو | (--) سووتێن |
| (دار) سووتـاو | (--) سووتـاندوو |
| (نـامە) نووسراو | (--) نووسیو |

بەسەرنجێکی ورد، دەردەکەوێت کە نموونەکانی دەستە چەپ وشەی ئـاسایین پێویستیـان بە(بەرکار) نییە، چونکە ڕستەکانیـان (تێنەپەڕ) و ئـاساییە، وەك:

دارەکە دەسووتێت: (بسووت)

دارەکە سووتێنراوە: (سووتێنراو)

دارەکە سووتـاوە: (سووتـاو)

نـامەکە نووسراوە: (نووسراو)

لە ئەم نموونانەدا، تەنیا نموونەی (بسووت) پێشگری (بـ)ی وەرگرتووە، چونکە ڕوخسارەکەی سرك و ناسکە و پتەوکردنی پێویستە، بۆ پاراستنی واتای (ناوی بکەر).

پێنجەم: بەپێی ئەوەی گوترا، (ناوی ڕۆنراوی تێپەڕ) یەك ڕێچکەی سنتاکسی هەیە و بەهەمان شێوە (ناوی ڕۆنراوی تێنەپەڕ) هەر یەك ڕێچکەی سنتاکسی ئاسایی هەیە، بەڵام (ناوی ڕۆنراوی تێنەپەڕ)ی (وەرچەرخاو) ڕێچکەیەکی سنتاکسی وەرچەرخاوی هەیە.

| هێزی تێپەڕین | | ناوی رۆنراو بەنموونە |
| --- | --- | --- |
| تێنەپەڕی ئاسایی | تێنەپەڕ | (بـ) بسووت<br>(--) سووتێنراو<br>(--) سووتاو<br>(--) نووسراو |
| تێنەپەڕی وەرچەرخا (تێپەڕ) | تێپەڕ | (دار) سووت<br>(دار) سووتێنراو<br>(دار) سووتاو<br>(نامە) نووسراو |
| تێپەڕی ئاسایی | | (نامە) نووس<br>(دار) سووتێن<br>(دار) سووتاندوو<br>(نامە) نووسیو |

شەشەم: وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو، لە نموونە تێپەڕەکاندا بارکردنی بەرکاری ڕستە (دار، نامە) بەناچاری دەچەسپێت، چونکە دیاردەی (تەرخان کردن) لە ئارادایە و (دیاردەی بەرکارگری) دەیچەسپێنێت. لە لایەکی ترەوە، کاتێك کە ناوی تێنەپەڕ تەرخان دەکرێت بە(بەرکار)ێکی وەرچەرخاو، وەك (دار سووتاو)، جۆرە ئاوەڵناوێکی تەرخان کراو خوێ دەخاتەڕوو، وەك:

دار سووتاو: باڵابەرز

بەواتایەکی تر، هەمان میکانیزمی تەرخان کردن لە ئارادایە و جۆرە وەرچەرخانێك بەرپابووە بەسەر هەردوو نموونەکەدا. کەواتە، (ئاوەڵناوی تەرخانکراو) بەرانبەر بەجۆرە وەرچەرخاوەکە دەوەستێت، نەك جۆرەکانی تر. بۆ نموونە، ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە ئەم ئاکارانە هەڵدەگرن:

| | |
|---|---|
| دار سووتاو ← | دارەکەی سووتاوە |
| | دارەسووتاوەکە هی کەسێکە |

| | |
|---|---|
| باڵا بەرز ← | باڵاکەی بەرزە |
| | باڵا بەرزەکە هی کەسێکە |

بەڵام، ئەم دووفاقییە لە ئاستی ئەو نموونانەدا نییە کە (وەرچەرخاو) نین، وەك:

| | |
|---|---|
| سووتاو ← | دارەکە سووتاوە |
| | --------------- |

| | |
|---|---|
| نامە نووسیو ← | نامەکەی نووسیوە |
| | --------------- |

**٦- خانەکانی پێشکار:**

لە کۆپلەی پێشوودا، چوار بگۆڕی ناوەکی باسکرا، کە دەتوانین لە وشە رۆناندا بەشداری بکەن، وەك:

- ێن/ان: ڕەگەزی تێپەڕاندن، بۆ کاتی تێنەپەڕ، خانەی [١-]
- (ر) ڕەگەزی بکەر نادیار، بۆ کاتی تێپەڕ، خانەی [٢-]
- (ت، د، ا، وو، ی): نیشانەی ڕابردوو، خانەی [٣-]

وو/و: نیشانەی جۆری ڕابردوو (تەواو)، خانەی [٤-]

هەروەها، ئەوە دەرخرا کە چوار بگۆڕە ناوەکییە بۆ یان هەیە هەشت

قـاڵـبـی وشە ڕۆنـان چـێ بـکـەن و ئـەو هـەشت قـاڵـبـە دەتـوانـن بـەبگـۆڕە دەرەکییەکان فراوانتر ببنەوە، وەك:

| بگۆڕی دەرەکی | | | | | بگۆڕی ناوەکی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرکاری ڕستە | ئامرازی پەیوەندی پەیوەندی | پێشگری واتاگۆڕ | پێشکاری نەرێ | پێشکاری بەردەوامی | بنجی کاری گلێنە | تێپەڕاندن (ێن) | بکەر نادیار (ر) | نیشانەی دەکات | جۆری ڕابردوو | نائاشکرا |
| +٥ | +٤ | +٣ | +٢ | +١ | سفر | –١ | –٢ | –٣ | –٤ | –٥ |
| | | | | | لەکۆپلەی پێشوودا لە هەشت قاڵبدا باسکراوە | | | | | |

بێگومـان، ئـەو پێشکـارانـەی (+١، +٢، +٣، +٤، +٥) دەتوانن ڕوو بکـەن لە هـەر هـەشت قـاڵـبـەکە و ئـەمـجـار وشـەی ڕۆنراو هـەڵـبـڕێژن، وەك:

یـەکـەم: پێشکـاری بـەردەوامـی (بـ)، ئـەم پێشکـارە بـەدوو ڕێگە دەتوانێت ڕوو بکـات لـە هـەشت قـاڵـبـەکە، وەك:

ڕێگەی یـەکـەم: پڕکردنـەوەی ئـەو کلـۆرەییـەی کە بنجی کـار هـەڵی دەگرێت، ئـەگـەر بـەڕووتی بـەکـار بهێنرێت بۆ (نـاوی بکـەر). بۆ نموونـە، کـاتێك کە بنجی (سووت) و بنجی (نووس) بـەپێشکـاری (بـ) پـێـتـەو دەکـرێن وەك (بسووت) و (بـنـووس) واتـاکـە یـان ڕوون دەبێتـەوە. بێگومـان، ئـەم پێشکـارە (بـ) بـەهـاتنی پـاشگری (ـەر) لادەچێت، وەك:

بسووت: سووتێنـەر

بنووس: نووسـەر

ڕێگەی دووەم: پتـەوکردنی (نـاوی بکـەر) لـە ئـەو کـارانـەدا کە بنجـەکـەیـان

سرك و ناسكە، وەك (كردن، خستن، بردن،...) لە ئەم بارەدا، پـێشكـاری (بـ) بـەشداری دەكـات لـەگـەڵ پـاشگری (ـەر) بـۆ پتەوكردنی ناوی بكەر، وەك (بكەر، بخەو، ببەر،...)

دووەم: پێشكاری نەرێ (نە)، ئەم پێشكارە گشتییە و دەتوانێت بچێتە سەر سەرپـاكـی نموونـەكـان و ژمـارەیـان بـكـات بـەدوو جـارە. هـەر لەبەرئەوە، پێویست ناكات پتر لەسەری بڕۆین، وەك:

| ئەری | نەرێ |
|---|---|
| بسووت | (نە) سووت |
| سووتاو | (نە) سووتاو |
| دار سووتێن | دار(نە) سووتێن |
| دار سووتاندوو | دار(نە) سووتاندوو |
| نامە نووسیو | نامە(نە) نووسیو |

ئەم پێشكارە بەهەمان ڕوخساری (نە) و بەهەمان خانەی پلیكانەیی (+٢) خۆی ڕیز دەكات.

سێیـەم: پـێشگری واتـاگـۆڕ (+٣)، ئـەم پـێشكـارە واتـای كـار بـەتـەواوی دەگـۆڕێت و بـاری سادەیـی وشەكـە لادەبـات. بـۆ نموونـە، كـاری (گرتن) پێشگرە واتاگۆڕەكانی (هەڵ، دا، را،....) وەردەگرێت، وەك:

پێشكاری (هەڵ) – هەڵ گر
– هەڵ گرتوو
– هەڵ گیراو

پێشكاری (دا) – دا گر
– دا گرتوو
– دا گیراو

پێشکاری (را)  – را گر

– را گرتوو

– را گیراو

چوارەم: پێشکاری (ئامرازی پێوەندی)، وەك:

پێ نووس، لێ نووس، تێ نووس، پێ نووسراو، پێ نووسیو

یان،

پێ سووت، پێ سووتێن، پێ سووتاو، پێ سووتێنراو، پێ سووتاندوو،...

پێنجەم: پێشکاری (بەرکار)، لە ڕاستیدا ئەم کۆلکەیە گرینگترین کۆلکەیە، چونکە زمانەکە حەز لە دیاردەی (بەرکاگری) دەکات بۆ بەستنی واتای وشەکان، وەك:

(نامە) نووس

(نامە) نە نووس

(نامە) پێ نووس

(دار) سووتێنراو

(دار) سووتاندوو

(دار) سووتاو

(دەست) هەڵ گر

(دەست) گرتوو

(دەست) هەڵ گرتوو

(دەست) پێ هەڵ نەگر

٧- **پوختەکاری**:

* لـە مـیـکـانـیـزمـی وشە ڕۆنـانـدا، گـەمـەیـەکـی مـیـکـانـۆیـی هـەیـە و لـە ئـەو گەمـەیـەدا، ڕەگی کـاری (ڕانەبردوو)، واتە بنجی چاوگی بنجی بریتییە لە پێکهاتەی ژمـارە (سفر) لە بنیـاتی وشەی ڕۆنراودا.

* بنجی کار بۆی هەیە چوار بگۆڕی ناوەکی بکات بەچوار پێکهاتە لە ڕۆنـانی وشەدا. ئەو بگۆڕانە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە بەڕیزبەندی ئەندازیارانە.

– پێکهاتەی یەکەم: ڕەگەزی تێپەڕاندن (ێن)، یـان ئەلەفۆرمەکەی (ان)

– پێکهاتەی دووەم: ڕەگەزی بکەر نادیـار (ر).

– پێکهاتەی سێیەم: نیشانەی دەمکاتی ڕابردوو، واتە یەکێك لە ئەم دەنگانە (د، ت، ا، وو، ی)

– پـێکـهـاتـەی چوارەم: نیشانـەی جۆری ڕابـردوو، واتـە دەنگـی نـیـمـچـە بزوێنی (و).

* ئەو چوار بگۆڕە، کاتێك جووت دەبن لەگەڵ (بنج)ی کار بۆیان هەیە بە(٨) هەشت ڕێسا هەشت فۆرم ببەخشن بەڕەگی کار لە بنیاتی وشەی (ڕۆنراو)دا. ئەو هەشت قاڵبە چواریان لەسەر بنجی کاری (تێنەپەڕ) و چواریـان لەسەر بنجی کاری (تێپەڕ) دەکەونە کار.

* لە ڕێزمـانی کوردیدا، بەرانبەر بەهەر (سێتە ڕستە)یەك کە بۆ هەر شەش کەسە ڕێزمـانییەکە دانرابێت، وشەیەکی ڕۆنراو هەیە بەرانبەر بە(ناوی بکەر)، یـان (ناوی بکەر). لە هەمـان کاتدا، چاوگێك هەیە بەرانبەر بە ئەو سێتە ڕستەیە.

* لە بنیـاتی وشەی ڕۆنراودا، ڕیزی سنتاکسی بەتەواوی دەپارێزێت، بەڵام

گشت ڕەگەزە ڕێزمانییەکانی ڕستە بۆیان نییە بپەڕێنەوە بۆ سەر (وشەی ڕۆنراو)، بۆ نموونە، پێشکاری (دە) و جێ ناوەکانی (من، م)، لە ڕستەی (من دەنووسم)دا، بۆیان نییە بپەڕێنەوە بۆ سەر وشەی ڕۆنراو.

* کاتێك کە پاشگری ناوی بکەر (ـەر) بەکار دەهێنرێت کۆلکەی (بەرکار) پێویست نابێت لەگەڵ وشە ڕۆنراوەکەدا. بێگومان، پاشگری (ـەر) هەر دەچێتە سەر کاری (تێپەڕ) و ناهێڵێت، ڕەگەزی بکەر نادیار (ر) و نیشانەی ڕابردوو ریز ببن لە بنیاتی وشەکەدا.
* لە ئەو وشەڕۆنراوانەدا کە ڕەگەزی بکەر نادیاری (ر) بەکار دەهێنرێت، واتای (ناوی بەرکار) زاڵ دەبێت لە جیاتی (ناوی بکەر).
* ئەو ناوە ڕۆنراوانەی کە (تێنەپەڕ)ن، بۆیان هەیە (بەرکار) وەربگرن، بەڵام بەجۆرە تێپەڕێکی وەرچەرخاو وەك (سووتاو، دارسووتاو.) ئەم جۆرە ناوە وەرچەرخاوە حەشارگەی جۆرە ڕێچکەیەکی ڕستەسازی دەدۆزێتەوە، وەك (من دارم سووتاوە).
* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، ئەو جۆرە تەرخانکردنەی کە بەسەر (ئاوەڵناو)دا دەچەسپێت، وەك (چاوجوان) تەریبە و یەکسانە بە ئەو جۆرە وەرچەرخانەی کە بەسەر ناوی ڕۆنراوی تێنەپەڕدا دەچەسپێت، وەك (دارسووتاو).
* خانەکانی پێشکار (+١،+٢، +٣، +٤، +٥) بۆیان هەیە کە بنیاتی وشەی ڕۆنراو درێژ بکەنەوە بەڵام هەر لە دیوی پێشەوە.
* پێشکاری (بـ) لە خانەی (+١)دا، هێمایەك لەسەر بنجی کاری ڕابردوو بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی برشتی (ناوی بکەر) هەڵبگرێت. ئەم پێشکارە بەهاتنی پێشکارەکانی تر لادەچێت لە ڕیزەکەدا.
* پێشکاری نەرێ (نە) هەر چەند وشە ڕۆنەوە و دەچێتە نێو بنیاتی وشەوە، بۆی هەیە (بێ بایەخ) بکرێت چونکە گشتییە بەڕادەی سەد لە سەد.

* پێشکاری واتا گۆڕ لە خانەی (+٣)دا بزاڤی واتا گۆڕگێ ڕاگوێز دەکات بۆ سەر وشەی ڕۆنراو.
* پێشکاری (ئامرازی پێوەندی) باری ناڕاستەوخۆیی ڕووداو ڕاگوێز دەکات بۆ سەر وشەی ڕۆنراو.
* پێشکاری (بەرکار) بریتییە لە گرینگترین کۆلکە لە ئاستی وشەی ڕۆنراودا، چونکە واتاکەی دەبەستێت و دیاردەی (بەرکارگری) دەچەسپێنیت.
* وشەی ڕۆنراو بۆی هەیە کە چوار خانەی پێشکار (+٢، +٣، +٤، +٥) پڕ بکاتەوە، وەك: (نامە-- بۆ--هەڵ--نە--گرتوو)
* وەك خاڵێکی کۆتایی، وشەی ڕۆنراو ڕیزبەندێکی ڕستەسازییانەی بۆی هەیە تەنانەت بۆی هەیە (هێزی تێپەڕین)یش ڕاگوێز بکات بۆ سەر وشە ڕۆنراوەکە.

**سەرچاوە:**


١- محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلینکردن بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١٢١)، بەغدا ١٩٨٩

٢- د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.

٣- د. ئەورەحمان حاجی مارف، وشەی ڕۆنان، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧.


* گۆڤاری (ئایندە)، ژمارە (٢٠٠٨/٧٨)، ل(٥٩-٧٣).

## ١١

# پوختەی ڕاسپاردەکان

# لە ئاستی زمانی نووسیندا

* پلیکانەی کار، نەخشەی (٢:١)، بریتییە لە کەرەستەیەکی بەکار، چی لە ئاستی ڕستەسازیدا و چی لە ئاستی وشەسازیدا. لە ڕاستیدا، دەشێت ئەو پلیکانەیە وەك (میکانۆ) بەکار بهێنرێت لە وشە ڕۆناندا بۆ گۆڕینی ڕوخسارو واتای وشە ڕۆنراوەکان بەپێی ڕێساکانی وشە ڕۆنان. بێگومان بڕشتی (وشە ڕۆنان) لە بیردانی هەر هەمووماندا هەیە، بەڵام وەك پێویست بەکاری ناهێنین، چونکە بەرێزمانی زمانانی تر بیر دەکەینەوە و ئەو ڕێزمانەش بەتەواوی دادی ڕێزمانی کوردی نادات. بێگومان، ڕەنگە کوردێکی زمانپاراو بتوانیت بەزەبری زمانی شیری وشەی بەجێ ڕۆبنێت، بەڵام هەر ئەوە بەس نییە، چونکە مەرج ئەوەیە کە زمانی شیری بەڕێزمانێکی کوردی ڕەسەن پتەو کرابێت.

لە ئاستی نووسیندا، هەر هەمووومان بەشەرمنی دەست دەبەین بۆ وشەی ڕۆنراو، چونکە زمانپاراوین، بەڵام (ڕێزمانپاراو) نین. لە بیری هەر هەموووماندا، وەك ڕێزمانی زمانانی تر تیژتر و زاڵترە، هەست بەهاوماڵ کەمی دەکەین و ناوێرین لە ژێر ڕکێفی ئەو زمانانە دەربچین. هەر لەبەرئەوە وشەی ڕۆنراوی خۆمانە بێ برەو و دەبێت و بڕشتی کەم دەبێتەوە لە زمانی نووسیندا. لە ئەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەیری بابەتی (١) و بابەتی (١٠) بکەین و لە گەمەی (میکانۆی وشەرۆنان) تێبگەین، ئەوا ڕووبەرە سستەکەی نێو بیردانی هەر هەمووومان دەکەوێتەوە بزاو و جووڵە و دەبووژێتەوە، لە ئاستی وشە ڕۆناندا. بێگومان، تا (یەکەی وشە رۆنان)

لـە بـیـردانـی هـەمـوومـانـدا نـەکـەوێتـە چـالاکـی ڕێزمـانـی، زمـانـەکـەمـان نـاتـوانـێت هـەنـگـاوی شایسـتـە و بـەکـار بـکـاتـەوە لـە ئـاسـتـی بـزاڤـی زاراوەسازیدا. ئەو بزاڤەی لەگەڵ هەنگاوی ڕۆژگاردا و لەگەڵ ڕووداو و بـوویـەری ڕۆژانـەدا خـۆی تـازە دەکـاتـەوە بـەزاراوەی نـوێ. دەبـا هـەر هـەمـوومـان ئـەم ڕاسپـاردەیـە پـیـادە بـکـەیـن و بـەڕێزمـانـی کـوردی و بەزمانپاراوی کوردی گەمەی وشە ڕۆنان و زاراوەسازی بخەینە کار. لە ئـاسـتـی زمـانـی نـووسـیـنـدا، وشـەی ڕۆنـراوی کـوردی و زاراوەی کـوردی مۆرکی تایبەتی خۆیان هەیە. بۆ نموونە، هەر وشەیەکی ڕۆنراو لەسەر بنچی هەر (کار)ێك باری (نەرێ) پەسند دەکات، بەچەشنی (ڕستـە)، وەك (جـێگـر) و (جـێنـەگـر). لـەلایـەکـی تـرەوە، هـێزی (تـێپـەڕ) و (تێنەپەڕ)، هەر وەك خۆی لە پەرێزی (ڕستە سازی)یەوە دەپەڕێتەرە بۆ پەرێزی (وشەسازی). بۆ نموونە، وشەی (مووچەخۆر) (تێپەڕ)ە و وشەی (دانیشوو)، ( تێنەپەڕ)ە. سەرەڕای ئەوانە، وشەی ڕۆنراو و زاراوەی کوردی حـەز دەکـەن لـە (بـەکـارگـری) و حـەز دەکـەن (بـەکـاری ڕسـتـەسازییـانـە) بگوێزنەوە بۆ پەرێزی (زاراوەسازی)، بۆ ئەوەی واتای وشە ڕۆنراوەکان ببەستن.

لە ڕۆانگەی زمانی نووسینەوە، دەبا ڕووبەندی شەرمنی فڕێ بدەین و گشت ئـەو ئـاکـادارنـەی کـە لـە پـێشەوە بـاسکران، فـێر ببین و بـەکـاریـان بهێنین. واتە، بەڕێزمانی کوردی بیربکەینەوە و وشەی ڕۆنراو و ڕێزمانی هەڵبرێژین لە ئەو دەقانەدا، کە زمان کورت دەهێنێت لە دەربڕینیاندا.

ئێمە لە ئەو باوەڕەداین، کە نەوەی نوێ لێمان تێ دەگات، بەتایبەتی ئەو نەوەیەی کە لە دوای ساڵی (١٩٧٠)وە، دوازدە ساڵ بەکوردی خوێندویەتی و بەڵغی ڕێزمانی زمانانی تریان فڕێ داوە و بەڕێزمانی کوردی بیر لە وشە ڕۆنـان و زاراوەسازی دەکـاتـەوە. واتـە، ڕێزمـانـی کـوردی زاڵـترە لـە

بیردانی ئەواندا، چونکە هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی بەکوردی خوێندوویانە و زاراوەی کوردییان بەکار هێناوە لە چەندین بواری زانستی سروشتی و زانستی مرۆڤایەتییانەدا.

سەبارەت بەڕاسپاردەی ئێمە، ئێمە داوا لە خوێنەری ئازیز دەکەین کە تێ بگات، کەوا گەمەی وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە و لە ئاستی ئەو مۆرکانەدا بڕشتی زمانانی تر دادمان نادات. لە ڕاستیدا، وشەی ڕۆنراوی کوردی شەبەنگی (ڕستەسازی) هەڵدەگرێت و دەیگوێزێتەوە بۆ پەرێزی (وشەسازی) و (زاراوەسازی).

لە بابەتی سییەمدا، مۆرفیمی بۆش خراوەتە بەر گەمەی ڕێزمانی، بۆ ئەوەی خزمەتی زمانی نووسینی پێبکەین. لە ئاخاوتنی کوردیدا، بەپێی ناوچەی جوگرافی، پەلوپۆ و توێژاڵی (چەل) و (سەربار) لە وشە باردەکرێت، بەڵام لەسەر سەکۆی زمانی نووسین، دەبێت ئەو پەلوپۆچەلانە لا ببەین، چونکە بۆشن و ئاوی زمانی کوردی لێڵ دەکەن. بۆ نموونە، لە وشەیەکدا، وەك (هەمدیسانەوانێ)، چەند مۆرفیمێکی چەل و بێ نرخی ڕێزمانی هەیە.

لە ئەم ڕووەوە دەتوانین پارچۆلکەکانی (هەم)، (ەوە)، (-انێ) فەرامۆش بکەین و وشەی (دیسان) بەڕووتی بنووسین و بیکەین بەگوڵی زمانی نووسین.

بەداخەوە، لە زمانەکەدا چەندین مورفیمی (پڕ) هەن، کە فەرامۆش کراون لە نووسیندا و چەندین مۆرفیمی (بۆش)هەن کە بەرجەستەکراون. بەتەریبی لەگەڵ بابەتی (٣)دا، لە بابەتی (٤)دا وشەی ڕێزمانی وشەی لێکسیکی لە یەکتری هاوێر کراون، بۆ ئەوەی زانیارییەکی پتەو و کاریگەر ببەخشین بەخوێنەر، تا بتوانێت بەهوردی هەنگاو بکاتەوە لە زمانی

نووسیندا. لە ڕاستیدا، وشەی ڕێزمانی بریتییە لە ئەو شمەکەی کە (ڕستە) و (وشەی ڕۆنــراو) دەڕازێنــێتــەوە و بــەشداری دەکــات لــە (ڕۆنــان)دا. بەواتایەکی تر، دەبێت نووسەری زمانپاراو دەست بپارێزێت لە ئاستی ئەو مۆرفیم و توێژاڵە کلۆرانەی کە بەبڕشتی زاری ناوچەی دەلکێن بەوشەی فەرهەنگییەوە. لە بەرانبەردا، تێبگەن کە وشەی ڕۆنراو دەبێت پۆشتە کرابێت بەمۆرفیمی (پڕ)، ئەو مۆرفیمانەی کە نرخی ڕێزمانی و واتایی خۆیان هەیە و واتایەکی دیاریکراو لە خشتبڕ دەدەن لە بیردانی هەمووواندا.

لە بابەتەکانی (٥،٦،٧)دا، ڕووکراوە لە پاشگری (ـەر) بۆ ڕۆنانی (ناوی بکەر)، بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز لەگەڵ ئەو کەرەستەیە ئاشنابێت. گرینگی ئەم ئامرازە بلیمەتە ئەوەیە کە (ئاکاری ڕستەسازییانە) لادەبات و (وشەی ڕۆنراو) پاك دەکاتەوە لە مۆرکە ڕستەسازییەکان.

لــە ڕاستــیــدا، پــاشگــری (ـەر) ڕۆڵــێکــی گــەورەی هــەیــە لــە پــەرێزی (وشەسازی)دا. لە لایەکی ترەوە، ئەم کەرەستەیە گشتگرە و گشت کاری تێپەڕی زمانەکە سەودا دەکات و لە ئاستی کاری تێنەپەڕدا خۆی دەکات بەپاشگری (– ێنەر).

بەداخەوە هێشتا وەك پێویست کەڵك لە ئەم ئامرازە بلیمەتە وەرنەگیراوە و نەبووە بەکەرەستەی ڕۆنان بەدەستی نووسەرانەوە. بێگومان، ئێستاش بەشەرمنی دەست دەبەین بۆ ئەو کەرەستەیە، ئەگەر کارەکە بارگاوی بێت بەپاشگری دووپاتی (ەوە).

سەبارەت بەڕاسپاردەی ئێمە، ئێمە بەخوێنەری ئازیز ڕادەگەیەنین، کە کەرەستەی (ـەر) وشەیەك ڕۆدەنێت و ئەو وشەیە پاك دەکاتەوە لە شەبەنگی ڕستەسازی، بەپێچەوانەی بابەتەکانی (١) و (١٠). بەواتایەکی تر،

ڕێزمانی کەرەستەی (ـەر) جیاوازە و ئەو ڕەگەزە هەر چەندە گشتییە و گشتگرە، بەڵام هەلومەرجی توندوتۆڵی خۆی هەیە. هەر لەبەرئەوە، دەشێت بابەتەکانی (٧,٦,٥) بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی کەرەستەی (ـەر) مافی خۆی وەربگرێت و بەڕێکی و بەسفتی بەکار بهێنرێت لە پەرێزی زمانی نووسیندا.

لە بابەتی (٢)دا، مژارێك هەژێنراوە لە چەشنی (وشە ڕۆنان بەبێ ئامرازی ڕێزمانی). لە ئەم بابەتەدا، خوێنەری ئازیز ئاشنا دەکەین، بە(ئاوەڵناوی تەرخانکراو) و بەزۆر بابەتی تر، کە هەندێك وشە خانەیەك هەڵدەگرن و بەبڕشتی ئەو خانەیە ڕووبەری بزاڤی (وشەڕۆنان) بەرینتر دەکەنەوە. بۆ نموونە، هەر هەموومان ئاوەڵناوی تەرخان کراو بەکار دەهێنین بەهێزی زمانی شیری، بەڵام لە ڕێزمانەکەیدا شارەزانین. واتە، نازانین هەندێك وشە گیرفانێکی ڕێزمانی نادیاری هەیە و بارگەی ئەو خانەیەش دیاری کراوە و لە ژێر ڕکێفی ڕێساکانی ڕێزماندایە.

بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (پاك)، وەك گشت ئاوەڵناوەکانی تر ئەو خانەیەی هەیە و ئەو خانەیە لە پێشەوەیە و بارگەی ئەو خانەیە بریتییە لە (ناو)ی بێبەری لە ئامرازی ناساندن (ەکە)، یان لە ئامرازی نەناسراوی (ێك). لە ئەم ڕووەوە، وشەکانی (دڵ، دەست، چێشت،... تاد)، دەتوانن ئەو گیرفانە بۆشە پڕ بکەنەوە، وەك (دڵپاك، دەستپاك، چێشتپاك،... تاد).

لە ڕاستیدا، ئەگەر لە ڕێزمانی ئەم بزاڤە ڕێزمانییە گرینگە تێبگەین، ئەوا یەکەی (وشە ڕۆنان) لە بیردانی هەموومان بەشێوەیەکی کاریگەرتر دەژێتەوە و دەبووژێتەوە، چی بەزمانپاراوی و چی بەرێزمانپاراوی. لە لایەکی ترەوە، چەند بابەتێکی تر پێشکەش کراون و لە گشت ئەو بابەتانەدا، شەبەنگی خانەیەك هەیە بۆ وشەڕۆنان. بۆ نموونە، هەر

ژمارەیەك بۆی هەیە كە وشەی (ئاوەڵناو) ڕۆبنێت، وەك (چوارلا، سێ گۆشە، چوارشانە، هەزارپا، شەست تیر، سێ كوچكە، شەش پاڵوو، چوارپێ، پێنج لا، دووسەر،......). ئێمە لە ئەو باوەڕداین كە جۆرە بابەتی ئاوها ڕەسەن و ڕێسادار بۆی هەیە كە بزاڤی وشەڕۆنان بخاتەگەڕ و هەر هەمووومان بخاتە نێو مەراتۆنێك بۆ گەیشتن بەئامانجی (دەربڕین) لە زمانی نووسیندا.

# ناوەڕۆك


گوتەیەك ............ ٥

**١- بەرەو زمانی نووسین، میکانۆی وشە ڕۆنان**

- دەستپێك ............ ٧
- میکانۆی وشە ڕۆنان ............ ١١
- لێکدانەوە ڕەگەزە ڕێزمانییەکان ............ ١٤
- لە بەرەنجامدا ............ ١٩

**٢- وشە ڕۆنان بەبێ ئامرازی پێوەندی**

- دەستپێك ............ ٢٣
- ئاوەڵناوی تەرخانکراو ............ ٢٣
- ئاوەڵناو بە وشەی دووبارە ............ ٢٥
- ئاوەڵناو بەژمارە ............ ٢٧
- ئاوەڵگوزارە بەژمارەی دووبارە ............ ٢٨
- بەرکار لە ناوی داتاشراودا ............ ٢٩
- وشە ڕۆنان بە ئاوەڵکار ............ ٣٠
- پوختەکاری ............ ٣١

**٣- گەمەیەك لەگەڵ مۆرفیمی بۆشدا.**

- دەستپێك ............ ٣٥
- ڕوخساری (آنێ) ............ ٣٦
- کەرەستەی (دیسان) ............ ٣٧
- کەرەستەی (ئێستا) ............ ٣٨
- کەرەستەی (کەوا) ............ ٣٩
- ئامرازی ناساندن (ی) ............ ٤٠
- دەنگی (ن) لەگەڵجێناوی (ێت) ............ ٤٠
- بەرەنجام ............ ٤١

**٤- وشەی ڕێزمانی وشەی لێکسیکی**

– دەسپێك ..... ٤٣
– وشەی لێکسیکی و وشەی ڕێزمانی بەراورد ..... ٤٣
– وشەی ڕێزمانی ..... ٤٤
– وشەی فەرهەنگی (لێکسیکی) ..... ٤٨
– پوختەکاری ..... ٥٠

**٥- پاشگری ناوی بکەر(ـەر) لە شرۆڤەکاریدا.**

– دەستپێك ..... ٥١
– توخمەکانی ئامرازی (ـەر) ..... ٥١
– مەرجەکانی پاشگری (ـەر) ..... ٥٢
– گرینگیی پاشگری (ـەر) لە وشە ڕۆناندا ..... ٥٥
– جێناوێکی هاوشێوە ..... ٥٩
– پاشگری (ـەر) لەزمانانی تردا ..... ٦٠
– پوختەکاری ..... ٦٠

**٦- ڕێزمانی پاشگری (ـەر) بەنموونە و بە شرۆڤە.**

– دەستپێك ..... ٦٣
– ڕێسای دارشتنی ناوی بکەر ..... ٦٤
– پاشگری (ـەر) لەگەڵ کارە نارێکەکاندا ..... ٦٧
– پاشگری (ـەر) لەگەڵ پاشگری دووپاتی (ەوە) ..... ٦٩
– پاشگری (ـەر) بەنموونەی درێژ و ئاڵۆز ..... ٧٢
– باری دەنگسازی ..... ٧٣
– پوختەکاری ..... ٧٥

**٧- پاشگری ناوی بکەر (ـەر) و پاشگری**

**ناوی بەرکار (ـراو) بەشرۆڤە و بە بەراورد.**

– دەستپێك ..... ٧٩
– هەبوونی پاشگری (ـەر) ..... ٨٠
– ئاکارەکانی پاشگری (ـەر) ..... ٨١

– وندابوونی پاشگری (ـەر) ..... ٨٣
– پاشگری گشتی (ـەر) ..... ٨٤
– وشەی کۆچەر ..... ٨٤
– ناوی بەرکار بە بەراورد ..... ٨٥
– کارەکانی دەنگی سروشتی ..... ٨٧
– پوختەکاری ..... ٨٨

**٨– گرینگی بەرکار لە ئاستی ڕێزمانی کار و ڕێزمانی چاوگدا.**
– دەستپێك ..... ٩١
– چاوگ وەك کوانوویەك لە بۆ ڕێژەکانی کار ..... ٩٢
– بەرکار لە ئاستی چاوگدا ..... ٩٣
– بەراورد لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ..... ٩٥
– بەرکار لە چاوگی تێنەپەڕدا ..... ٩٦
– نموونەیەکی سەیر و دژوار ..... ٩٨
– وشەی خۆ لە ئاستی چاوگدا ..... ١٠٠
– پوختەکاری ..... ١٠٢

**٩– بزاڤی بەرکارگری وەك دیاردەیەکی**

**مۆرفۆسینتاکسی لە وشەڕۆناندا**
– دەستپێك ..... ١٠٥
– چاوگی تەرخانکراو بە (بەرکار) ..... ١٠٦
– ڕیزبەندی سنتاکسی ..... ١٠٧
– بەراورد لەگەڵ زمانانی تردا ..... ١٠٩
– ئارێکی سەیر ..... ١١٠
– ئاکاری بەرکارگری و ئاوڵناو ..... ١١٢
– بەدەر لە بەرکارگری ..... ١١٣
– پوختەکاری ..... ١١٤

**١٠– ڕێساکانی وشە ڕۆنان لەبنجی کارەوە**
– دەستپێك ..... ١١٧

– گلێنەی وشە ڕۆنان ........ ١١٧
– نموونەیەك بۆ شرۆڤە ........ ١١٩
– خانەکانی بنجی کار ........ ١٢٣
– ناوی بکەر وهێزی تێپەڕین ........ ١٣٠
– خانەکانی پێشکار ........ ١٣٤
– پوختەکاری ........ ١٣٨

**١١- پوختەی ڕاسپاردەکانی لە ئاستی زمانی نووسیندا** ........ ١٤١